# هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٤

رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - عێراق

IOM

وكالة الأمم المتحدة للهجرة

## ئەستۆ پاکی

ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا خراونەتەڕوو مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بە سەر بۆچونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوەهەبێت.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بەو بنەمایەی کە کۆچبەری مرۆڤانە و ڕێکخراو سوود بە کۆچبەران و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. وەک ڕێکخراوێکی حکوومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە گەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار دەکات بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئالنگاریەکانی کاری کۆچبەری، بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی کێشەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕێگەی کۆچبەریەوە پاراستنی شکۆ و ئاسوودەیی کۆچبەران.

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها بۆ مەبەستەکانی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یاخود قایل بوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی ناو پۆڕتاڵ و ئەم ڕاپۆرتە ئەو زانیاریانەن کە لە دەرەنجامی داتای کۆکراوە لە لایەن تیمەکانی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانیاریە تەواوکراوەکانی دابینکراو  و بە گەڕخراو لە لایەن دامەزراوە حکومی و دامەزراوەکانی تر لە عێراق دا ئامادەکراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەم زانیاریانە تا ئەوی پەڕی توانای بە تازەیی و وورد و دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگشەیەکیش ناکات یاخود نیشان نادات لە مەڕ تەواوکاری، وورد و دروستی و گونجاوی زانیاریەکانی فەراهەمکراو لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا. ئەو ئالنگاری و کێشانەی کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بەکارهێنانی داتای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دا بریتین لە دۆخی ناجێگیری جووڵەی ئاوارەکان هاوشان لە گەڵ حاڵەتی تەنگانەی چەند بارە بوو و نەگەیشتن یاخود گەیشتنی سنووردار بە هەندێک لە پارچەکانی وڵات. لە هیچ حاڵەتێک دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەرپرسیار نابێت لە بەرامبەر هەر زیانێک یاخود خەسارەتێک ئینجا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یاخود بە شێوەی لێکەوتەیی، پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و زانیاریەکانی فەراهەم کراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕوو بدەن.

## سوپاس و پێزانین

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچبەری (PRM) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ پشتگیری بەردەوامیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاس و پێزانینیشی بۆ ئەندامانی تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RART) سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەیە بۆ کارەکانیان لە کۆکردنەوەی داتا و زۆر جار لە بار و دۆخە زۆر سەختەکاندا کۆڵیان نەدا و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکەیان بوونە زەمینەی دروستکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

## پەخشکار

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- نێردراوی عێراق

ئۆفیسی سەرەکی لە بەغداد کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان ٢)

ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد، عێراق

تەلەفۆن: +٣٩٠٨٣١٠٥٢٦٠٠

ماڵپەڕ: iomiraq@iom.int / iraqdtm@iom.int

ئیمەیل: www.iraq.iom.int

زانیاری زیاتر لە: iraqdtm.iom.int

© تۆماری بەدواداچوونی -ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ/ شاندی عێراق ٢٠١٩. هەموو مافەکان پارێزراون

هەموو مافەکان پارێزراون. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە نابێت دوبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا پاشەکەوت بکرێت یاخود بگوازرێتەوە لە هەر جۆرێک یاخود هۆکارێک، ئەلیکترۆنی، میکانیکی، فۆتۆکۆپی، تۆمارکردن بە بێ مۆڵەتی پێشوەختەی لایەنی پەخشکار.

# ناوەرۆک


کورتەی ووشەکان 4

پوختەی جێبەجێکاری 5

پێشەکی 8

شێواز و لە خۆگرتن/ ڕووماڵکردن 8

جوڵەی دانیشتوان 10

ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان و زەوی 23

بارودۆخی گوزەران 25

ئاسایش و سەلامەتی و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی 36

گۆڕانکاری و پێکهاتەی قەومی ئایینی 42

کۆتایی 49

پاشکۆ 51

# کورتەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| **DTM** | Displacement Tracking Matrix | تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان |
| **HLP** | Housing, Land and Property | ئەو خێزانەی مێینە بەرێوەی دەبات |
| **IDP** | Internally Displaced Person | ئاوارە ناوخۆییەکان |
| **ILA** | Integrated Location Assessment | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو |
| **IOM** | International Organization for Migration | رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
| **ISIL** | Islamic State in Iraq and the Levant | دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام |
| **KIs** | Key Informants | هەواڵدەرە سەرەکیەکان |
| **KRI** | Kurdistan Region of Iraq | هەرێمی کوردستانی عێراق |
| **NFI** | Non-Food Item | کەلوپەلی نا خۆراکی |
| **RARTs** | Rapid Assessment and Response Teams | تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرا |

# پوختەی جێبەجێکاری[1]

**لە کاتی کۆتایی فەرمی قەیرانی داعش لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ەوە، چوارچێوەی کاری مرۆیی لە عێراق چووە ناو قوناخێکی تازەوە: دۆخی دوای شەڕ و پێکدادانەکان رێگەی بە گەڕانەوەی زیاتر لە ٤,٣ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی دا بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان. پەنابەرانی دەرەوەی وڵاتیش لە وڵاتانی دراوسێی تورکیا، کۆماری عەرەبی سوریا، بە هەمان شێوەش لە وڵاتانی دوور دەستی وەک وڵاتی بەلجیکا و ئەڵمانیا و هوڵەندا دەستیان بە گەڕانەوە کرد.**

هەرچەندە، لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ەوە ڕەوتی گەڕانەوە، ڕێژەی گۆڕانکاری لە ژمارەی گەڕانەوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو خاو بووتەوە، ڕێژەکە لە ١٣٣٪ کە لە نێوان ئایاری ساڵی ٢٠١٧ و ئایاری ساڵی ٢٠١٨ تۆمارکراوە بۆ تەنها ١٠٪ کەمبووتەوە بۆ ماوەی نێوان ئایاری ساڵی ٢٠١٨ و حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩. لە هەر سێ پارێزگاکانی ئەنبار، دیالە و هەولێر گەڕانەوەکان تەنها بە ڕێژەی ٥٪ یاخود کەمتر زیادی کردوە بۆ ماوەی نێوان ئایاری ساڵی ٢٠١٨ و حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩. لە سەر ئاستی قەزاکان، پرۆسەی گەڕانەوە دەکرێت بە نزیکەی تەواو وەستان لە قەڵەم بدرێت - لە هەردوو قەزای بەعاج و ڕەمادی - کە قەزای بەعاج بە چوارەم و قەزای ڕەمادی بە پێنجەم قەزای ڕەسەن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان ئەژمار دەکرێن.[2]

هەروەها گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕووی ڕێژەکانی گەڕانەوە- ڕێژەی گەڕاوەکان لە پارێزگایەکی/ قەزایەکی دیاریکراو بۆ تێکڕای گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکانی کە خەڵکی ڕەسەنی هەمان پارێزگا/ قەزان بەدی دەکرێت. نزیکەی ٩٠٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە خەڵکی ڕەسەنی ئەنبارن گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بەرامبەر لە٦٤٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی ڕەسەنی نەینەوا و ٧٥٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی ڕەسەنی سەلاحەددین گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان. قەزا «شلوقەکان» – ئەو قەزایانەی هیچ گەڕانەوەیەکیان بۆ ئەنجام نەدراوە- کە بریتین لە قەزای موسەیەب و حیلە لە پارێزگای بابل، عەزامیە، ڕەسافە، کەرخ و مەدائن لە پارێزگای بەغداد، بەلەدرۆز و بەعقوبە لە پارێزگای دیالە و زیقار لە پارێزگای سەلاحەددین.

تاکۆ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩، نزیکەی ١٠٦١ کەس هەر لە ئاوارەییدا ژیان بە سەر دەبەن. دووربون لە ماڵ و حاڵیان بۆ ماوەیەکی درێژ (٧٠٪ بەر لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ هەڵهاتوون) هاوتا لە گەڵ جوڵەی نێوان ئەو گروپانەی کە خۆیان یەکلایی نەکردووتەوە و سەرچاوەی نوێی نا سەقامگیری (وەک ترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش) کاری لە توانای ئاوارەکان کردووە بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان و هاوکات لە هەندێک حاڵەتیش دا بووەتە هۆی دروست بوونی دوبارە ئاوارەبوونەوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دا، بە لایەنی کەمەوە ١٢٠,٠٠٠ کەس دووبارە بەرەو شوێنی ئاوارەبوونی نوێ یاخود دوا بەدوای هەوڵێکی سەرنەکەتوو بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی٣ خۆیان ئاوارەبوونەوە.[3]

کاتێک سەیری ئاستەنگەکانی گەڕانەوە دەکەین، ئاراستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نیگەرانی ئاسایش و سەلامەتی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە لە ٨١٪ لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٣٦٪ لە ساڵی ٢٠١٩ دابەزیوە، ئەمەش بە هۆی ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە بارودۆخی ئاسایش/ ئەمنی هاتووەتە دی. هەروەها ترس لە پێکهاتەی گۆڕدراوی قەومی-ئایینی بۆ ٩٪ کەمبووتەوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە ٢٧٪ وەک بەرزترین ڕێژە. ئاستەنگی « نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوە» لە ٣٢٪ بۆ ١٧٪ کەمبووتەوە، کە ڕێژەیەکی بەرزتر لە ناو ئاوارە ناوخۆییەکانی سلێمانی (٥٧٪) بەدی کرا.ئەم گۆڕانکاریە هاوشێوەی ئاستەنگی ڕێگری کردن لە گەڕانەوە ( لە ڕێژەی ٢٦٪ بۆ ٥٪ لە ساڵی ٢٠١٩ کەمی کردووە)، کە ڕێژەیەکی بەرزتر لە ناو ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ لەسەلاحەددین (٢٦٪) بەدی کرا.

سێ لە هۆکاری سەرەکی بەربەست دروست کردن بۆ گەڕانەوە پێدەچێت بریتی بن لە نەبوونی دەرفەتی کار (٧٣٪)، خزمەتگوزاریەکان (٦٨٪) و پەناگە (٦٢٪) لە شوێنی ڕەسەن دا. هەرچەندە هۆکاری ڕووخان/ زیان بەرکەوتن بە خانوو و بەرە، کەمێک بەروپێشچوونی بە خووەوە بینیوە بە بەروار لە گەڵ ساڵی پار (-٩٪)، بەڵام تا ئێستا بە ئاستەنگی سەرەکی گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی کە لە بابل، بەغداد، دیالە، قادسیە، سەلاحەددین و واسیت نیشتەجێن دادەنرێت.

بەڵگەی گەڕانەوەی نا سەقامگیر/ کاتی – بۆ نمونە ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە شوێنی ئاوارەبوونیان دوای یەکەم گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنیان- کە بۆ ئەمەیان ڕێژەی لە سەدا شەش بۆ شوێنەکانی ئاوارەبوون تۆمارکراوە. ئەم ناسەقامگیریەش پێدەچێت بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بێت بە هەندێک هۆکاری نەرێنی وەک، نەبوونی توانای دارایی بۆ مانەوە لە ئاوارەبوون دا (١٨٪ی شوێنەکانی گەڕانەوە لە سەرتاسەری عێراق دا، کە دەکاتە نزیکەی ١٣٠,٠٠٠ خێزانی گەڕاوە) بە هەمان شێوەش ئەو فشارەی کە لە لایەن بەرپرسانەوە لە شوێنی ئاوارەبوون دا یاخود لە شوێنی ڕەسەن دا یان لە هەردوو شوێن دا دەسەپێنرێت (٩٪ی شوێنەکان لە ساڵی ٢٠١٩ دا).

ويبدو أيضاً أن نقص الوسائل اللازمة للبقاء في حالة نزوح (تم الإبلاغ هەروەها ئەوەش بەدەرکەوت کەوا توانای داریی بۆ مانەوە لە ئاوارەیی ( بە ٤٢٪ لە ساڵی ٢٠١٦ و ٤٧٪ لە ساڵی ٢٠١٧ ڕاگەیەنراوە) و کێشەی گەڕانەوەی «ناچاری» (٢٦٪ لە ساڵی ٢٠١٧) بووە هۆی دروست بوونی زۆرێک لە گەڕانەوەکان لە قوناخەکانی زوودا. هەروەها هاندان لە لایەن بەرپرسانی حکومی و پێدانی یارمەتی لە لایەن ئەکتەرانی بواری مرۆیی (٢٢٪) و هاندان لە لایەن سەرکردەکانی کۆمەڵگەو ئایینیش (٢٨٪) بە شێوەی ڕێژەیی هۆکاری بەهێزی گەڕانەوە بوون لە ساڵی ٢٠١٧ دا. ئەم گەڕانەوانە دەشێت هەندێک زووتر لە وادەی خۆیان دا ئەنجام درا بن، بەو پێیەی لە لایەن ژمارەیەکی زۆری ئەو گەڕاوانەی کە لە دۆخێکی سەخت دا دەژین، بە گوێرەی داتای ئاماژەی گەڕانەوە (٤٧٢,٣٥٠ کەس لە ناو ٢٧٩ شوێن دا)[4] ئەمە دووپات کراوەتەوە. هەروەها، ئەم گەڕانەوانە مەرج نیە لە گەڵ بار و دۆخی ئەمنی دا یەکبگرنەوە: تەنها لە ٦٧٪ و ٧٥٪ی گەڕاوەکان لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ دا بڕیاری گەڕانەوەیان داوە، چونکە ئەوان پێیان وابووە، شوێنی ڕەسەنیان دەکرێت سەلامەت بێت.

دەستگەیشتن بە هەڵی کار/ گوزەران تا ئێستا وەک پێداویستیەکی سەرەکی گەڕاوەکان بەدەر دەکەوێت، کە ئەمە بە ڕێژەی نزیکەی لە ٧٠٪ی شوێنەکان ئاماژەی پێدراوە. زیاتر لە ٨٠٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کەوا بەردەست بوونی کار تێیان دا « کەمن» و زیاتر لە نیوەشیان لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی کەسەکان « لە ڕووی داراییەوە چاڵاک نین». نەبوونی مەشق و ڕاهێنان و ناوەندەکانی

١ هەموو بەشەکانی راپۆرتەکە- بێجگە لە بەشی یەکەم- پشتی بە داتا سێتی/کۆمەڵە داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو (ILA) بەستووە کە ئاوارەکانی نیشتەجێ لە کەمپەکان لە خۆ ناگرێت. داتای یەکەم بەش سەبارەت بە جوڵەی دانیشتوان لە خولی ١١٠ ( ئایاری ساڵی ٢٠١٩) خولی ١٠٩ی (ساڵی ٢٠١٩) لیستە سەرەکیەکان دەرکراوە، کە هەردوو ئاوارەکانی ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ لە خۆ دەگرێت.

٢ قەزا ڕەسەنە سەرەکیەکان بریتین لەو قەزایانەی کە بەشی هەرە زۆری ئاوارەکان لێوەی هاتوون. بە گوێرەی خولی ١٠٩ی لیستە سەرەکیەکان، شەش قەزا ڕەسەنە سەرەکیەکان بریتین لە: موسڵ (٢٠ی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەنووکەیی)، شنگال (١٨٪)، تەلەعفەر (٨٪)، بەعاج (٧٪)، ڕەمادی (٤٪) و حەویجە (٤٪).

٣ خولی ١٠٧ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق

٤ سەیری نیشانەی گەڕانەوە (RI) ٣ بکە. نیشانەی گەڕانەوە (RI) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردنی سەختی و دژواری بارودۆخی شوێنەکانی گەڕانەوە. ئامرازەکە پشت بە ١٦ پێوەر دەبەستێت کە سێتێک یاخود بارودۆخی شلوق و ناهەمواری ژیان نیشان دەدات کە پێویستە بۆ ئەوەی وا لە شوێنێک بکات گونجاو بێت بۆ گەڕانەوە. تۆماری نیشانەی گەڕانەوە (RI) ئەگەری گەڕانەوەی گروپی دانیشتوان ڕوون دەکاتەوە و یارمەتی دەستنیشانکردنی بار و دۆخی ژیان لە شوێنی گەڕانەوە دەدات.بەردەستە بە ئۆنلاین لە: http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/iom_dtm_returnindex_round3_apr2019.pdf

پیشەیی و بەرنامەکان بۆ پشتگیری کردن لە دەستپێکردنی کارەکان، وەک کێشەیەک بۆ نزیکەی لە ١٥٪ی شوێنەکانی گەڕانەوە ئەژمار دەکرێت و زیاتریش لە ئەنبار (٢٧٪ی شوێنەکان). جوڵەکانی گەڕانەوە دەکرێت زیاتر ئاڵۆز بکرێت بە هۆی کێشەی ئەمنی، گرژی نێوان گروپە جیاوازەکان و دەستگەیشتنی نایەکسان بە سەرچاوەکان. هەرچەندە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە بارودۆخی ئەمنی/ ئاسایش لەوەتەی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ەوە بەدی دەکرێت، نزیکەی لە ١٠٪ی شوێنەکان (بە زۆری لە هەشت پارێزگای ڕەسەنی ئاوارە ناوخۆییەکان) بەڵگەی ڕووداوی ئەمنی پەیوەندیدار بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی جەنگی نا بەرابەری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام/ داعش بوونی هەیە. بە تایبەتی لە ٥٥٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە "ترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش ڕاگەیەنراوە".

بە گشتی، پەیوەندی نێوان گروپە جیاوازەکانی دانیشتوان ( ئاوارە ناوخۆییەکان، گەڕاوەکان و بەجێماوەکان) پێدەچێت ئەرێنی و جێگیر بێت- بە گشتی بوونی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە توندوتیژی جەستەیی، هەڕەشەکان و بێمتمانەیی بە تێکڕایی، هەندێکجار بە کەمتر لە سەدا پێنجی شوێنەکان لە سەرتاسەری عێراق[5] ڕاگەیەنراوە. کێشەی جیاوازی لە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چووە: تێکڕایی نێوان ٨٪ و ١٤٪ی گەڕاوەکان و نێوان ٢٥٪ و ٣٤٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لەو شوێنانەدا دەژین کەوا جیاکاری و پشتگیری کردن لە ڕووی دامەزراندن و نوێنەرایەتی سیاسیەوە ڕاگەیەنراوە ( لە بەرامبەر ٤٥٪ی گەڕاوەکان و ٥٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٨) .

بۆ ئەو کردارانەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی، بارودۆخی پەیوەندیدار بە کێشەکانی خانوو و بەرە، زەوی و موڵکداری (HLP) پێدەچێت باشتر بووبێت. کێشەکانی خاوەندارێتی تەنها نزیکەی لە سەدا یەکی شوێنەکانی گەڕانەوەدا ئاماژەی پێدراوە ( لە بەرامبەر ١٠٪ی ساڵی ڕابردوو)، زۆربەشی لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەمێک لە دیالە و ئەنبار. لە گەڵ ئەمەش، نزیکەی لە ٧٠٪ی گەڕاوەکان ( و لە ٥١٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان) لەو قەزایانەدا دەژین کە خزمەتگوزاری یاسایی بەردەست نین، زیاتر لە یەک لە سەر سێی گەڕاوەکان لەو قەزایانەدا دەژین کە دادگایان تێدا نیە، و لە ٦٪ی گەڕاوەکان ( و ٢٧٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان) لەو قەزایانەدا دەژین کەوا هیچ ئوفیسێکیان تێدا نیە بۆ پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی شارستانی.

## دەرەنجامە سەرەکیەکانی تری هەڵسەنگاندنەکە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

### جوڵەکان:

- بە بەراورد لە گەڵ ئایاری ساڵی ٢٠١٨، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان نزیکەی یەک لە سەر پێنج (-٢١٪) کەمی کردووە. کەمبوونەوە لە سەرتاسەری هەر ١٨ پارێزگاکان ڕاگەیەنراوە، بە تایبەتی لە پارێزگای نەینەوا ( -٢٣٪، نزیکەی ١٤٠,٠٠٠ کەس)، سەلاحەددین (-٤٣٪،نزیکەی ٨٠,٠٠٠ کەس) و بەغداد (-٤٦٪، نزیکەی ٥٠,٠٠٠ کەس). هەروەها کەمبوونەوەیەکی بەرچاویش لە لە نەجەف و قادسیە (نزیکەی -٦٠٪ لە هەردوو پارێزگاکان) تێبینی کراوە، هەرچەندە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی پەنادراو/ خانەخوێکراو بە بەراورد کەمترە.

- بار و دۆخی ئاوارەبوون پێدەچێت لە جوڵە دابێت (جوڵەدار یاخود نیمچە جوڵەدار)[6] لە زۆربەی قەزاکانی پارێزگای ئەنبار، بەغداد، موسەننا، نەجەف، قادسیە، سەلاحەددین، واست. قەزاکانی کۆیە و سۆران لە پارێزگای هەولێر، چەمچەماڵ و دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانیش پێدەچێت لە جوڵە دابن، ئەمە بە پێچەوانەی زۆرینەی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ئاوارە ناوخۆیەکان تەنها بە هێواشی بۆ دەرەوە لە سەرجەم قەزاکانی نێو هەرێمی کوردستان دەجوڵێن.

- ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی یان جێگیرە یاخود زۆر بە هێواشی لە کەمبوونەوەدایە لە سەرجەم قەزاکانی پارێزگای دیالە، بەسرە و زیقار، هاوکات لە قەزاکانی پارێزگای نەینەوا نەجوڵاو یاخود نیمچە نەجوڵاوە کە قەزاکانی ئاکرێ، حەمدانیە، شێخان و شنگال لە خۆ دەگرێت. قەزا نەجوڵاوەکانی تر کە شایەنی ئاماژەی پێکردنن بریتین لە قەزای کەرکووک (لە پارێزگای کەرکووک) و موسەیەب ( لە پارێزگای بابل).

### نیازەکان:

- ئەو کەسانەی کە لە ئێستادا لە ئەنبار، بەغداد، دیالە، نەجەف و واست نیشتەجێن، زۆربەیان دەیانەوێت لە دوور مەودا دا بگەڕێنەوە ( زیاتر لە ٩٠٪ی کەسەکان لە هەموو ناوچەکان دا) لە کاتێک دا بۆ مەودای ماوە کورت زۆرترین لێشاوی ئاوارە ناوخۆییەکان پێشبینی دەکرێت لە سەلاحەددین (٦٧٪، زۆربەیان بۆ بێجی، بەلەد، سامەڕا و تووز)و دیالە (٧٤٪، زۆرینەیان خالس، موقدادیە، بەلەدرۆز و خانەقین دەکەنە ئامانج) بێت.

- دووبارە نیشتەجێکردنەوەی جێگیر پێدەچێت نیازی زۆرینەی هەر زۆری ئەو ئاوارە ناوخۆییانە بێت کە لە بابل (٩٧٪)، کەربەلا (٦٤٪)، کەرکووک (٦٣٪) و پارێزگاکانی باشوور وەک بەسرە (٧٠٪)، موسەننا (٩٣٪) و زیقار (٥٣٪) نیشتەجێن. هۆکارەکانی ڕاکێشان لە شوێنی ئاوارەبوون دا هۆکاری ئەمنی لە خۆ دەگرێت، کە پێدەچێت بریتی بێت لە بنەچەی بڕیاری مانەوە لە پارێزگاکانی باشوور، هاوکات هۆکارەکانی پاڵپێوەنان- بە دیاری کراوی گەڕانەوەی ڕێگە لێگیراو، ڕووخانی خانوو، و نەبوونی توانای دارایی، لە بنەڕەت دا ئاوارە ناوخۆییەکانی بابل، کەربەلا و کەرکووکی لە شوێنی خۆیان هێشتووتەوە. بوونی میلیشیاکان/ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەومی- ئایینی لە شوێنی ڕەسەن بە یەکێک لە سێ هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی مانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە دەیانەوێت لە دیالە، سەلاحەددین و سلێمانی نیشتەجێ بن دادەنرێت.

### بار و دۆخی گوزەران:

- دەستگەیشتن بە کار/ گوزەران تا ئێستا وەک نیگەرانیەکی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان بەدەر دەکەوێت: ٧٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان ڕاگەیەنراوە. ئاوارە ناوخۆییەکان بە زۆری لە کەرتی نافەرمی دا کار دەکەن ( بە تایبەتی لە بابلیۆن، بەسرە، دیالە، کەربەلا،کەرکووک و میسان). بە بەراورد لە گەڵ گەڕاوەکان بەربەستەکانی کارکردن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان زۆر زیاتر ڕاگەیەنراون (٢٥٪ لە بەرامبەر ١٤٪)، بە هەمان شێوەش پشتبەستن بە پاشەکەوت (١٢٪ لە بەرامبەر ٢٪) و ناردنی پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیانەوە (١٧٪لە بەرامبەر ٢٪)

٥ هەرچەندە ئەم دەرەنجامە لە گەڵ هەڵسەنگاندنی پێشوو یەکدەگرێتەوە، بەڵام لە گەڵ ئەمەش دا پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کەوا پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی زۆر سەختە پێوانە بکرێت پێدەچێت ئامادە کردنی بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو بێت. سەیری ئەو بەشە بکە کە تایبەتە بە هەستەکانی نێوان گروپەکان، درک کردن بە ئاسایش، ڕەزامەندی ژیانی شارستانی

٦ ڕێژەی گۆڕینی ژمارەی دانیشتوانی ئاوارە، پەیوەندی بە ڕێژەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەوە هەیە کە هاتوونەتە ناو پارێزگا/ قەزا ی ئاوارەبوون یاخود لێی دەرچوون لە نێوان ئایاری ساڵی ٢٠١٨ (ILA III)، و حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩ (ILA IV). ئاماژەی کەم (-) لە پێش ڕێژەکان بە واتای کەمبوونەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان دێت، هاوکات ئاماژەی کۆ (+) بە واتای زیادبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان دێت. بە گوێرەی ڕێژەی گۆڕانکاری، پارێزگاکان/ قەزاکانی ئاوارەبوونی دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ: نەجووڵاو (ڕێژەی گۆڕانکاری < ٪١٠)، نیمچە نەجووڵاو (ڕێژەی گۆڕانکاری لە نێوان ١٠٪ و ٢٠٪)،نیمچە جووڵاو (ڕێژەی گۆڕانکاری لە نێوان ٢٠٪ و ٣٠٪) و جووڵەدار (ڕێژەی گۆڕانکاری < ٣٠٪). سەیری هۆکارەکانی مانەوە بکە، لە شیکاریەکی قووڵی قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی کۆچبەری جیهانی – عێراق، نیسانی ٢٠١٩.

- نزیکەی لە ٣٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان ( و نزیکەی لە ٢٠٪ی گەڕاوەکان) لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە خۆراک بە سێ لە پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە-٩٩٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە سلێمانی، ٥٣٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لە بەغداد و ٣٣٪ی گەڕاوەکان لە ئەنبار ئەم کێشەیان ڕاگەیاندووە. بەرزی نرخەکان بە کێشەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان (بە ڕێژەی ٦١٪) و گەڕاوەکان (بەرێژەی ٤٦٪)، کە ئەمە کاریگەری لە تواناکانیان کردووە بۆ دەستگەیشتن بە خۆراک.

- نیشتەجێبوون/ خانووبەرە وەک کێشەیەکی گەورە بۆ دانیشتوانی ئاوارەبوو ماوەتەوە، ٤٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە نیشتەجێبوون/ خانووبەرە وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەر لە پێشینەکان ئاماژەی پێکراوە، هیچ گۆڕانکاریەک لەمەدا نابینرێت بە بەراورد لە گەڵ ئاپاری ساڵی ٢٠١٨. تەنها ٨٪ی خێزانەکان لە پەناگەی نەگونجاو دا نیشتەجێن- ڕێژەکە بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە سەدا ١٦ بوو- هاوکات ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی لە کەمپەکان دا نیشتەجێن بە بەراورد ساڵانە بەرەو هەڵکشان دەچێت (لە ١٢٪ەوە لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٣٢٪ لە ساڵی ٢٠١٩).

- ڕێژەی ئەو کەسانەی دەتوانن ساڵانە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان بگەڕێنەوە لە ٨٩٪ەوە لە ساڵی ٢٠١٧ زیادی کردووە بۆ ٩٨٪لە ساڵی ٢٠١٩. هەڵاوێردەکان بۆ ئەم ئاراستەیە بریتین لە پارێزگای ئەنبار و سەلاحەددین، کە تێیاندا نزیکەی لە سەدا پێنجی خێزانەکان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان و زۆربەیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو دا دەژین. هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە نزیکەی لە سەدا سێی خێزانەکان، گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان، هەرچەندە ئەم شوێنی نیشتەجێبوونانە ڕەنگە شیاوی نیشتەجێ بوون نەبن یاخود زیانیان بەرکەوتبێت.

- زیادبوونی ڕێژەی ئەو خێزانانەی دەتوانن شوێنی نیشتەجێبونی ئاساییان بەدەستبهێننەوە پەیوەستە بە هەوڵەکانی بونیاتنانەوە/ دروستکردنەوە. لە ئێستادا زیان بەرکەوتن و ڕووخانی لە ڕادەبەدەری خانووەکان ( زیاتر سێ لە سەر چواری خانووەکان بە قورسی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕووخاون) تەنها لە سەدای سێی شوێنەکان لە سەرتاسەری وڵات دا هەڵسەنگێنراوە کە زۆرتریانیان لە خانەقین (٢٠٪)، داقووق (١٤٪)، شنگال (١٣٪)، تلکێف (١٦٪) و بەلەد (٢٧٪)، هەوڵەکانی بونیاتنانەوە/ دروستکردنەوە لە ئێستادا بەردەوامن. تەنها لە ٣٠٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەری وڵات دا هیچ کارێکی بونیاتنانەوە/ نوژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام نەدراوە یاخود بە کەمی کاری بونیاتنانەوە/ نوژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام دراوە.

## پێکهاتەی قەومی-ئایینی:

- لە ڕووی پێکهاتەی قەومی –ئایینیەوە، بەرچاوترین گۆڕانکاری لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، ئەو گۆڕانکاریە بووە کە لە پێکهاتەی زۆرێک ناوچە سوننە نشینەکانەوە ڕوویداوە، بە تایبەتی لە هەر سێ پارێزگای بەغداد و بەسرە و دیالە، بە جۆرێک کە بوونەتە ناوچەی زۆرینە شیعە یاخود ناوچەی تێکەڵی شیعە و سوننی- کە زۆرینەیان لە بەغداد و بەسرە عەرەبن و لە دیالەش کورد. لە بەرامبەر دا، بوونی عەرەبە سوننەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر زیادی کردووە، ئەمەش بە هۆی ڕوو تێکردنی ئاوارە ناوخۆییەکانی عەرەبی سوننە بۆ هەرێمی کوردستان.

- ئەم گۆڕانکاریانە دەشێت پەیوەست بێت بە هەردوو ویستی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ "کۆبوونەوە و چوونە پاڵ یەکتریان" لە شوێنی ئاوارەبوون و ترسیان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە گروپی قەومی ئایینیان کەمینەیە، بە تایبەتی ئەگەر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دانیشتوان لە دەرەنجامی شەڕ و پێکدادانەکان ڕوودابێت.

- سێ لە سەر چواری شوێنەکانی گەڕانەوە دەکەونە ناو جۆری شوێنەکانی "هاوچەشن" ، بەو واتەیەی کە ئەم شوێنانە بە لایەنی کەمەوە ٤٠٪ی دانیشتوان سەر بە هەمان یەک لە سەر شەشی گروپە سەرەکیەکانی قەومی- ئایینین: عەرەبی سوننی، تورکمان (شیعە)، ئێزدی، کورد (سوننی و شیعە)، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر ( بریتین لە مەسیحی و شەبەک و کاکەییەکان). هەمان ئامار بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بەدی کراوە، سەبارەت بە عەرەبی سوننە، کورد (سوننە و شیعە)، ئێزدی، عەرەبی شیعە و تورکمانی شیعە. هەرچی بۆ تورکمانی سوننە و "کەمینەکانی ترە" ، شوێنە هاوچەشنەکان ٢١٪ بۆ تورکمانی سوننە و ٣٦٪بۆ کەمینەکانی تر .

- گروپە سەرەکیەکانی قەومی-ئایینی هەڵگری هەمان تایبەتمەندێتین لە ڕووی پەناگە، نیازەکان، بەربەستەکان و هۆکارەکانی گەڕانەوە. بۆ نمونە، لە کاتێک کە زیانبەرکەوتن/ ڕووخانی خانوو، نەبوونی کار و خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان وەک باوترین بەربەستەکانی گەڕانەوە ڕاگەیەنراون بۆ عەرەبی سوننە، بەڵام سەرجەم گروپە قەومی-ئایینیەکانی تر پێدەچێت زیاتر ترسیان لە نەبوونی ئاسایش/ سەلامەتی لە شوێنی ڕەسەنیان دا هەبێت. نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوە لە نزیکەی یەک لە سەر چواری شوێنە هاوچەشنەکانی عەرەبی سوننە و شیعە و نزیکەی یەک لە سەر دووی شوێنە هاوچەشنەکانی تورکمانی شیعە و کەمینەکانی تر، وە ترسی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەومی- ئایینی بە ڕێژەی ١٥-٢٠٪ لە شوێنە هاوچەشنەکانی کوردی، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر ڕاگەیەنراوە. هەروەها شایەنی ئاماژە پێکردنیشە کە، کێشەی گەڕانەوەی ڕێگەلێگیراو تەنها لە شوێنە هاوچەشنەکانی عەرەبی سوننە (٩٪) ڕاگەیەنراوە.

# پێشەکی

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، بریتیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاریەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ شوێنکەوتن و چاودێری کردنی ئاوارەکان لە ماوەی قەیرانەکان دا. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) کە لە چەند ئامراز و پرۆسەی جۆراوجۆر پێک دێت، بە شێوەیەکی ڕێکو پێک و سیستەماتیکی کار لە سەر داتایەکی فرە چینی دەکات و زنجیرە بەرهەمێکی بەرفراوانی زانیاری بڵاو دەکاتەوە، کە یارمەتی باشتر تێگەیشتن لە پێویستیە هەرە لە پێشینەکانی ئاوارەکان دەدات، ئینجا لە شوێنی خۆیان دا بێت یاخود لە ڕێگا دابێت. داتای تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) زانیاری پەیوەندیدار بە گشت کەرتەکانی یارمەتی مرۆیی، وەک ئامارەکانی دیمۆگرافی، پەناگە، ئاو و پاک و خاوێنی، تەندروستی، خۆراک و پاراستن، دروستکردنی داتای بە سوود بۆ ئەکتەران و چالاکوانانی بواری مرۆیی لە گشت ئاستەکان دا لە خۆ دەگرێت.

لە عێراق، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە چاودێری ئاوارەکان دەکات، لە ساڵی ٢٠١٤، دوابەدوای خراپتربوونی شەڕ و پێکدادانەکانی چەکداری و زیادبوونی پێویستی بەردەستکردنی زانیاری سەبارەت بە ئاوارەکان، بەرنامەکە بەهێزتر کرا بۆ ئەم مەبەستە. لە ئێستا دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) لە ڕێگەی تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرا (RART) داتا و زانیاری سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کۆ دەکاتەوە، تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرا (RART) لە زیاتر لە ١٠٠ ستافی مەیدانی پێک دێن، کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عێراق دا بڵاوبوونەتەوە- کە بە شێوەیەکی یەکخراو زانیاریەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی تری بەکارخراوی پێکهاتوو لە زیاتر لە ٩,٥٠٠ کەسی هەواڵدەری سەرەکی (KI) و بە هەمان شێوەش سەردانی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو شوێنە دەستنیشانکراوانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان، گەڕاوەکان یاخود هەردووکیان لە خۆ دەگرن کۆ دەکەنەوە (سەیری شێوازەکە بکە).

ئامارەکان، دەرەنجامە سەرەکیەکان و ڕاپۆرتەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوکراونەتەوە و لە پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)ی عێراق http:// iraqdtm. iom.int بەردەستن. ئەو ڕاپۆرتانەی کە دوو مانگ جارێک بڵاو دەکرێنەوە بریتین لە کرۆکی زانیاریەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، بەو پێیەی ئەم ڕاپۆرتانە چاودێری ئاوارەکان و جوڵەکانی گەڕانەوە دەکات لە سەر تاسەری وڵات دا. هەڵسەنگاندنەکانی قووڵی شوێنەکە، لە لایەکی تر شیکاریەکی گشتگیرتری ئاراستەکانی ئاوارەوون و گەڕانەوە دابین دەکات کە ئەمەیان ساڵانە ئەنجام دەدرێت.

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو (ILA)، دەچێتە ژێر ئەم جۆرە گشتگیرترە، بەو پێیەی کە پرۆفایلێکی ڕاستەوخۆ و وورد لە هەردوو جوڵەی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە عێراق دا فەراهەم دەکات. تیشک خستنە سەر هەردوو جۆری دانیشتوان (ئاوارەکان و گەڕاوەکان) لە هەمان کات دا وا دەکات: ئاراستە گشتیەکانی جوڵەی دانیشتوان ڕوومال بکرێت، هەڵسەنگاندنی ئەو قورساییەی کە ڕەوتی ئاوارەبوونی ناچارکردبوو لە هەندێک پارێزگا ڕوو بدەن، دەستنیشانکردن و پوختەکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گوزەران، پێداویستیە بنەڕەتیەکان، نیاز و ئەو لاوازیانەی کە لە لایەن ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان ڕاگەیەنراون.

ڕاپۆرتەکە بە کورتەیەک باس کردن سەبارەت بە شێواز و لە خۆگرتن دەستپێدەکات. بەشەکانی ڕاپۆرتەکە بۆ نزیکەی پێنج بابەتی سەرەکی دابەش کراون: (١) جوڵەی دانیشتوان، وەک ئاراستەکانی پێشوو، ڕێژەکانی هەنووکەیی گەڕانەوە و شیکردنەوەی نیازەکانی داهاتوو، (٢) دۆخ و بەردەستبوونی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان، (٣) بارودۆخی گوزەران، بە تایبەتی کێشەکانی پەناگە/ مۆڵکداری، هەڵی کار/ گوزەران و پێویستی سەرەکی بنەڕەتی و کەوتنەوە سەرپێ، (٤) گونجان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، وەک هەستکردن بە سەلامەتی و ئاسایش و ژیانی شارستانی و (٥) پێکهاتەی قەومی- ئایینی و لاوازیە سەرەکیەکان. ئامارەکانی گەڕاوەکان و ئاوارەکان لە سەر ئاستی تێکڕای گشتی و ئاستی پارێزگا دابینکراون.

شێوازی بەکارهاتوو بۆ هەڵسەنگاندن، بە هەمان شێوەش کۆمەڵە داتا و شیکاری تر لە سەر ئاستی قەزا و شوێنەکە دەکرێت لە پۆرتاڵی[7] تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)ی عێراق دابگرێت.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) هەموو ئەو عێراقیانەی کە ناچارکراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەو لاوە هەڵبهێن و تا ئێستاش لە نێو سنوورەکانی عێراق دا لە ساتی هەڵسەنگاندنەکەدا لە ئاوارەیی دا دەژین بە ئاوارەی ناوخۆیی ئەژمار دەکات.

گەڕاوەکان بەو ئاوارە ناوخۆییانە دەستنیشانکراون کە گەڕاونەتەوە ئەو شوێنەی ( بە گشتی گوند یاخود گەڕەک) پێش ئاوارەبوون تێیاندا ژیاون، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە داخۆ ئەم ئاوارە ناوخۆییانە گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشویان یاخود گەڕاونەتەوە جۆرێکی تری پەناگە.[8]

# شێواز و لە خۆگرتن/ ڕووماڵکردن

**هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو زانیاری ورد سەبارەت بە خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کۆ دەکاتەوە ئەوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە لە لایەن لیستە سەرەکیەکانی (Master Lists) تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) دیاری کراون، زانیاریەکان لە سەر ئاستی تێکرای گشتی کۆ کراونەتەوە، سەبارەت بە زۆرینەی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی کە لە شوێنێک دا دەژین، نەک لە سەر ئاستی تاک خێزان.[9]**

لە دەستپێکی بازنەکەدا، لیستی ئەو شوێنە دەستنیشانکراوانەی کە بە لایەنی کەمەوە پێنج خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی یاخود گەڕاوە لە خۆ دەگرێت لە تازەترین/ ئەپدەیترین لیستە سەرەکیەکان دا بە تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی (RART) دراون و وەک خاڵی دەستپێک بەکاردەهێنرێت.

بازنەی کۆکردنەوەی داتا نزیکە سێ مانگ دەخایەنێت و شوینی تازە دەستنیشانکراو لە ماوەی قۆناغی جێبەجکردن دا پەیوەست نین بە هەڵسەنگاندنەوە.کاتێک دەستگەیشن بۆیان هەبێت، شوێنە

٧ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ تایبەت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM (٢٠١٩) بە شێوەی ئۆنلاین بەردەستە لە:

http://iraqdtm.iom.int/Downloads/DTM%20Special%20Reports/DTM%20Integrated%20Location%20Assessment%20III/Integrated%20Location%20Assessment%20III%20Questionnaire.pdf

٨ پێناسەی گەڕاوەکان پەیوەندی نیە بە پێوانەی گەڕانەوە بە سەلامەتی و شکۆمەندیەوە، هەروەها پەیوەندیشی نیە بە ستراتیجی دیاریکراوی چارەسەری کاتی. ئەو خێزانە ئاوارانەی کە گەڕاونەتەوە ناحیە ڕەسەنەکانیان، وەک گەڕاوە ئەژمار دەکرێن تەنانەت ئەگەر نەشگەڕابنەوە بۆ ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان.


٩ هەردوو زاراوەی خێزان (family w household) لە شوێنی یەکتر بە درێژایی ئەم ڕاپۆرتە و ڕاپۆرتی تر بەکارهێنراون کە تییاندا کەسەکان بە هۆی لە دایکبوون، هاوسەرگیری یاخود هەڵگرتنەوە لە گەڵ یەکتر دەژین. لە عێراق تێکڕای قەبارەی خێزانێک بریتیە لە ٦ کەس..

دەستنیشانکراوەکان سەردانیان دەکرێت و ڕاستەوخۆ لە لایەن تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرای سەر بە ڕێکخراوی نێودەڵەتی کۆچ (IOM's RARTs) لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لە گەڵ چەندین هەواڵدەری سەرەکی (بە ئەندامانی کۆمەڵگاکانی ئاوارەی ناوخۆیی و گەڕاوەکانیشەوە) و چاودێری کردنی ڕاستەوخۆ هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. لە کۆتایی سەردانەکان، تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا فۆرمێک پڕ دەکەنەوە بە کورتەیەک لە زانیاری و داتای کۆکراوە، ئینجا ئەپلۆدی سەر سێرڤەرەکە دەکرێت و وەک هەڵسەنگاندن پاشەکەوت دەکرێت.

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو٤ لە ئایار تاکۆ حوزەیرانی ٢٠١٩ ئەنجام دراوە، لە ڕێگەی تۆڕیکی نزیکەی ٤,٠٠٠ هەواڵدەری سەرەکی و ٣,٦٤٥ لەو شوێنانەی کە بە لایەنی کەمەوە پێنج یاخود زیاتر لە پێنج خێزانی ئاوارە یاخود گەڕاوە لە خۆ دەگرێت ڕوومال کردووە، کە دەکاتە تێکرای ٧١٢,٠٢٢ خێزانی گەڕاوە – و ٥,٦٤١ کەس لە دەرەوە گەڕاونەتەوە- و ١٧١,٦٩٩ خێزانی ئاوارە ناوخۆیی ( کە دەکاتە ٤,٢٧٢,١٣٢کەس گەڕاوە و ١,٠٣٠,١٩٤ ئاوارەی ناوخۆیی). وردەکاری سەبارەت بە دانیشتوانی لە خۆ گرتوو لە شوێنە هەڵسەنگێنراوەکان دا لە وێنەی ١ دا دابینکراوە. دەرەنجامەکان ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنانەن کە دانیشتوانی ئاوارە یاخود گەڕاوە تییاندا نیشتەجێبوون، لە کاتی هەڵسەنگاندن دا. کاتێک بکرێت، داتاکە بە گوێرەی ژمارەی پەیوەندیداری خێزانی ئاوارە یاخود گەڕاوە لە شوێنەکەدا پێوانە دەکرێت، بۆ ئەوەی دەرەنجامەکان لە سەر ئاستی خێزان/ تاکەکەس دابرێژرێت.

بە تێکڕایی، لە خۆگرتنەکە/ ڕووماڵەکە بۆ ٩٩٪ یە،[١٠] سوپاس بۆ ئەو پێشکەوتنەی کە لە توانای مەیدانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا و بە هەمان شێوەش ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە بارودۆخی ئەمنی دا هاتووتە پێش.

وێنەی ژمارە ١: ژمارەی شوێنەکانی هەڵسەنگێنراو بە گوێرەی گروپی دانیشتوان لە شوێنەکەدا




**بە گشتی ٣,٦٤٥ شوێن هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، بەو ٣٠١ شوێنانەشەوە کە گەڕاوەکان لەدەرەوەی وڵات بۆیان گەڕاونەتەوە.**

هەرچەندە هەندێک لە پرسیارەکان بە شێوەیەکی دیاریکراوی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان دەکەنە ئامانج، بەڵام هەندێک لەو زانیاریە سەرەکیانەی کە دەشێت بە شێوەیەکی ڕۆتینی کۆ کرابنەوە بریتین لە:

- الموقع الجغرافي
- شوێنی جوگرافیایی
- پارێزگای ڕەسەن (ئاوارە ناوخۆییەکان) و دوایین ئاوارەبوون (گەڕاوەکان)
- شەپۆلی/ ماوەی ئاوارەبوون و گەڕانەوە
- لایەنگیری قەومی- ئایینی
- جۆری پەناگە
- هۆکارەکانی ئاوارەبوون/ گەڕانەوە و نیازەکانی داهاتوو لە سەر بنەمای ماوە کورت و ماوە درێژ
- ڕووداوە باوەکانی ئاسایش/ ئەمنی
- پاراستنی تایبەت و نیشاندەرەکانی مەترسی

وەک لە ڕاپۆرتەکانی پێشووی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو دا هاتووە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەشێکی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ ئاسایش، سەلامەتی و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی، ئەوەش بریتیە لە ڕەزامەندی هەستەکانی نێوان گروپەکان، هەڕەشەکانی کۆمەڵایەتی و ژیانی شارستانی، بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی ڕەزامەندی و لە گەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی شارستانی. بە دانانی ئەم بەشە، ئامرازی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو دەتوانێت چاودێری پرۆسەی یەکخستنی هەنووکەیی بکات، بە گرژیەکانی قەومی-ئایینی و کۆمەڵایەتیشەوە کە دەشێت ڕوویدابن یاخود بە چالاکی بمێننەوە لە سەر ئاستی خۆجێیێ دا.[١١]

هەموو بەشەکانی ئەم ڕاپۆرتە، بەدەر لە بەشی یەکەمیان سەبارەت بە جوڵەی دانیشتوان (کە لە خولی ١١٠ی لیستە سەرەکیەکانی دەستپێکی حوزەیرانی ٢٠١٩ دەرهێنراوە و ئاوارە نیشتەجێیەکانی ناو کەمپەکان لە خۆ دەگرێت) پشتیان بە کۆمەڵە داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو کە لە نێوان ئایار تا حوزەیرانی ٢٠١٩ کۆکراوەتەوە بەستووە. سەرجەم بەراوردکردنەکانی ساڵانی ٢٠١٦، ٢٠١٧ و ٢٠١٨ لە کۆمەڵە داتای پێشووی هەڵسەنگاندنەکانی شوێنی یەکخراوی ئەنجامدراو لە تەمووز تاکۆ تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، لە ئازار تاکۆ ئایاری ٢٠١٧ و لە ئازار تاکۆ ئایاری ٢٠١٨، یەک بە دوای یەک وەرگیراون.


جۆری پەناگە، بۆ سێ جۆر دابەشکراوە کە بریتین لە: شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت (نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، شوێنی نیشتەجێبوونی خانەخوێ، شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو و هۆتێل و مۆتێلەکان)، شوێنی نیشتەجێبونی نەگونجاو (مۆڵگەی نا فەرمی، باڵەخانەی ئایینی، قوتابخانەکان، باڵەخانەی تەواونەکراو و بەجێهێڵدراو و نشینگە فەرمیەکان/ کۆمەڵگەکانی تر)، و پەناگە نەناسراوەکان ( کاتێک جۆری پەناگەکە ناکرێت دەستنیشان بکرێت یاخود شوێنەکان دەستپێگەیشتوو نین)، گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کەوا کەمپەکان هەڵنەسەنگێراون، بەو پێیەی شێوازی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو تەنها بۆ ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان تەرخانکراوە (شوێن- پێنجەم ئاستی کارگێڕی)، هەرچی بۆ کەمپەکانە، شێوازێکی جیاوازی پێویستە بۆ پرۆفایل دانان خستنەڕووی وردەکاری کەمپ و هەڵسەنگاندنی فەرمی بۆ شوێنەکە. کەمپەکان بە زۆری لە تۆمارەکانی حکومەت داتاکانیان کۆ دەکرێتەوە. زانیاری سەبارەت بە کەمپەکان دەکرێت لە لیستی سەرەکی دوومانگی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا بدۆزرێتەوە.

پاککردنەوەی داتا لە تەمووز جێبەجێکرا و دەرەنجامە سەرەتاییەکان لە گەڵ تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرا پشتڕاستکرایەوە. کۆمەڵە داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ داشبۆردەکانی کارلێککردن لە سەر پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە ئابی ٢٠١٩ بڵاوکراونەتەوە و لەم بەستەرەیە بەردەستن:

١٠ بە گشتی، ٣,٦٤٥ شوێن ڕاستەوخۆ لە لایەن تیمەکانی مەیدانیەوە سەردانیان کرا، سێ شوێن بە تەلەفۆن هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، ٥٢ شوێن بۆ هەڵسەنگاندن بەدەرکران چونکە وەک ئەو شوێنانە دەستنیشانکران کە هیچ خێزانێکی ئاوارەی ناوخۆیی یاخود گەڕاوەی لێ نیە و ٦٤ شوێنیشیان بریتی بوون لە شوێنی دەستپێنەگەیشتوو.

١١ لە پێناو هەڵسەنگاندنێکی یەکسان، سەبارەت بە ئاشتەوایی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی، ڕاپرسیەک بە زانیاری پێدەری هەرکام لە گروپی دانیشتوانی لە شوێنەکەدا ئامادەکرا (گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان) و زانیاری بەدەستهاتوو پشتڕاست کرانەوە. لە گەڵ ئەمەش دا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە چۆن دەرەنجامەکان پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەیان لە گەڵ دا بکرێت، بەو پێیەی هەموو سنووردارکردنەکان بۆ ئامرازی هەواڵدەرە سەرەکی بەرکار دەبێت( لایەنداریەکان، نوێنەرایەتی کەم بۆ گروپی دیدەنی کەمتر، بنەمایەکی بچووک بۆ پێوانە و جۆرەکان) تەنانەت پەیوەندیدارتریشن بەم کەیسەوە، بە هۆی هەستیار بوونی سروشتی ئەم مەسەلەیە و تێڕوانینی زانیاری پێدەر.

خارطة (١): خارطة العراق




## جوڵەی دانیشتوان[١٢]

**کۆتایی قەیرانەکان بە فەرمی لە ساڵی ٢٠١٧ دا ڕاگەینرا. لەو کاتەوە، دۆخی دوای شەڕ و پێکدادانەکان رێگەی بە گەڕانەوەی زیاتر لە ٤,٣٠٠,٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان داوە.**

هەروەها پەنابەرانیش لە وڵاتانی دراوسێی تورکیا، سوریا، بە هەمان شێوەس لە وڵاتە دوور دەستەکانی وەک بەلجیکا، ئەڵمانیا و هوڵەندا[١٣] دەرەوە دەستیان بە گەڕانەوە کرد . لە گەڵ ئەمەش دا، لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ ڕەوتی گەڕانەوە زۆر کەمی کرد و نزیکەی ١,٦١٠,٠٠٠ کەس تاس ئێستا لە ئاوارەیی دا دەژین. درێژی ماوەی ئاوارەبوون لە گەڵ جوڵەی چارەسەرنەکراوی نێوان گروپەکان و نیگەرانیەکانی بەم دواییە سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی داعش، کاری لە توانای ئاوارە ناوخۆییەکان کردووە بۆ گەڕانەوە و لە هەندێک حاڵەت دا بووەتە هۆی دروست بوونی ئاوارەبوونی دووەم. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دا، بە لایەنی کەمەوە ١٢٠,٠٠٠ کەس دووبارە بەرەو شوێنی ئاوارەبوونی نوێ یاخود لە دوای هەوڵێکی سەرنەکەتوو بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان ئاوارەبوونەوە.[١٤]


ئاراستەکانی جوڵە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە (لە خوارەوە خراوەتەڕوو)، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ڕەوتی ئاوارەبوون، ڕەنگدانەوەی لە سەر شێوازی شەڕ و پێکدادانەکانی عێراقی دا هەیە. خەڵکی لە کۆمەڵگەکانیان هەڵهاتوون لە بەر ئەوەی ڕاستەوخۆ کراونەتە ئامانج ( وەک کەمینە قەومی و ئاینییەکان لە حوزەیران تاکۆ ئەیلوولی ٢٠١٤) و بە هۆی توندوتیژی گشتیەوە ترسێنراون، یاخود نەیاندەتوانی چیتر گوزەران بۆ خۆیان بەردەست بکەن. شەپۆلەکانی گەڕانەوە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی هەڵمەتەکانی گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش و دوا بە دوای ئەم ڕووداوانە، ڕەنگدانەوەی چاوەڕوانیەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیری ، کە لووتکەی لە نێوان حوزەیرانی ٢٠١٧ و حوزەیرانی ٢٠١٨ دا بوو.

١٢ تم استنباط جميع الاحصائيات الواردة في هذا القسم،ماعداتلك المتعلقة بالنوايا وأسباب البقاء والعقبات التي تحول دون الگەڕانەوە، من القوائم الرئيسية للجولة ١١٠ (أيار ٢٠١٩) والجولة ١٠٩ (آذار ٢٠١٩) وتشمل السكان النازحين المقيمين في المخيمات. وبالمقابل، تستند الاحصائيات المتعلقةبالنوايا وأسباب البقاء والعقبات التي تحول دون الگەڕانەوە إلى مجموعة بياناتالتقييم الموقعي الرابعوتتعلق فقط بالنازحين الساكنين خارج المخيم.

١٣ بەشێکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣ و هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ زیادکراوە کە بریتیە لە ڕاپرسیەک بە ئامانجی چاودێری کردنی گەڕاوەکان لە دەرەوەی وڵات. بە گشتی گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان زۆر زیاترە لە گەڕانەوەی ئەوانەی دەرەوەی وڵات. لە ساڵی ٢٠١٨ دا، نزیکەی ٧٤,٠٠٠ کەس لە دەرەوەی وڵات گەڕانەوەیان تۆمارکرا، کە ٪٧٧یان شوێنی ڕەسەنیان بەدەستهێناوە و ٪٨٩شیان ئەوانەن کە بەر لە ساڵی ٢٠١٤ عێراقیان جێهێشتبوو. لە ساڵی ٢٠١٩ دا، ٥,٦٤١ کەس گەڕانەوەیان تۆمارکرا- هەموو ئەوانەی عێراقیان جێهێشتبوو، بەهۆی قەیرانەکانی ساڵی ٢٠١٤ بوو، ٪٩٢یان شوێنی ڕەسەنیان بەدەستهێناوە، زۆربەیان لە تورکیا، ئەڵمانیا، سوریا، هوڵەندا و بەلجیکا گەڕانەوە. بە گوێرەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) نزیکەی ٢٧٠,٠٠٠ پەنابەری تۆمارکراوی عێراقی لە وڵاتانی دراوسێ دا هەن، تورکیا (١٤٢,٦٤٠)، لوبنان (١٥,٣٣٠)، سوریا (٣٥,٢٢٠)، ئوردن (٦٧,١٧٥)، مسر (٦,٩٢٠)، وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (٣,٢٠٠):http://reporting.unhcr.org/sites/default/files/ga2019/pdf/Chapter_MENA.pdf

١٤ سەیری خولی ١٠٧ی لیستی سەرەکی (Master List)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ بکە

وێنەی ٢: ئاراستەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە، نیسانی ٢٠١٤- حوزەیرانی ٢٠١٩




## ڕەوتی گەڕانەوە و ڕێژەکانی گەڕانەوە

بە بەراورد لە گەڵ ئاماری ماوەی پێشوو (ئایار ٢٠١٧- ئایاری ٢٠١٨) کاتێک فشاری سیاسی بۆ گەڕانەوە لە ئارادابوو، ڕەوتی گەڕانەوە – گۆڕانکاری ڕێژەی سەدی لە ژمارەی گەڕانەوە- بە شێوەیەکی بەرچاو خاوبوویەوە، ڕێژەکە لە سەدا ١٣٣ بۆ سەدا ١٠ کەمبوویەوە. بە دیاریکراوتر هەر سێ پارێزگای ئەنبار، دیالە و هەولێر تەنها لە سەدا پێنج یاخود کەمتری بەرزبوونەوەی گەڕانەوە لە نێوان ئایاری ٢٠١٨ و حوزەیرانی ٢٠١٩ تۆمارکرد.

خشتەی ١: ڕێژەی گۆڕانکاری ساڵانە و ڕێژەی گەڕانەوە


| | گەڕاوەکان ئایاری ٢٠١٨ | گەڕاوەکان حزیران ٢٠١٩ | ڕێژەی سەدی گۆڕانکاری أيار ٢٠١٧ – حزيران ٢٠١٩ | ڕێژەی سەدی گۆڕین أيار ٢٠١٨ – حزيران ٢٠١٩ | ڕێژەی سەدەی گەڕانەوە تا حوزەیرانی ٢٠١٩ | ڕێژەی گەڕانەوە حوزەیرانی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | ١,٢٦٤,٨٩٠ | ١,٣٠٥,٤٥٦ | ٪٦٣ | ٪٣ | ٪٣٠ | ٪٨٩ |
| بەغداد | ٧٧,٠٤٦ | ٨٨,١٧٠ | ٪١٨٨ | ٪١٤ | ٪٢ | ٪٦٩ |
| دهۆک | ٧٨٠ | ٧٨٠ | ٪٢٠٠ < | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ |
| دیالە | ٢٢١,٥٩٨ | ٢٢٥,٤٧٤ | ٪١٠ | ٪٢ | ٪٥ | ٪٧٣ |
| هەولێر | ٣٩,٠٠٦ | ٤١,٠٧٠ | ٪١٤ | ٪٥ | ٪١ | ٪٦٨ |
| کەرکووک | ٢٩٣,٣٣٤ | ٣٣٠,٨٨٢ | ٪٢٠٠ < | ٪١٣ | ٪٨ | ٪٧٦ |
| نەینەوا | ١٤٦,٤٢٤ | ١,٦٧٧,٩١٢ | ٪٢٠٠ < | ٪١٥ | ٪٣٩ | ٪٦٤ |
| سەلاحەددین | ٥٤٣,٤٥٦ | ٦٣٥,٣٩٤ | ٪٥٠ | ٪١٧ | ٪١٥ | ٪٧٥ |
| کۆی گشتی/ تێکڕا | ٣,٩٠٤,٣٥٠ | ٤,٣٠٥,١٣٨ | ٪١٣٣ | ٪١٠ | ٪١٠٠ | ٪٧٣ |

نەخشەی ٢: گۆڕانکاری لە ڕێژەی گەڕانەوە لە نێوان ئایاری ٢٠١٨ و حوزەیرانی ٢٠١٩




ئاراستەی ساڵانەی گەڕانەوەکان بۆ شەش قەزای سەرەکی ڕەسەنی موسڵ، تەلەعفەر، بەعاج، ڕەمادی و حەویجە لە خوارەوە بە وردی خراوەتەڕوو. موسڵ بە تەنیا ٢٠٪ی هەموو ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لە ئاوارەیی دا دەژین لە خۆ دەگرێت، ئینجا شنگال (١٨٪)، تەلەعفەر (٨٪)، بەعاج (٧٪)، ڕەمادی (٤٪) و حەویجە (٤٪) دێن. لە گشت قەزاکان دا ژمارەی گەڕانەوەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، هەرچەندە لە گەڵ ئەمەش موسڵ، شنگال و تەلەعفەر هێشتان گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت بەڵام بە ڕەوتێکی هێواشتر و هاوکات پرۆسەی گەڕانەوە بۆ بەعاج وڕەمادی نزیکە لە وەستان.

وێنەی (٣): ئاراستەکانی گەڕانەوە لە شەش قەزای ڕەسەن (٢٠١٦-٢٠١٩)/ لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی یەکەم تا هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی چوارەم




جیاوازیەکی هەرێمی گرنگ لە رووی رێژەکانی گەڕانەوە - قەبارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە بنەڕەتدا خەڵکی پارێزگایەک یاخود قەزایەکن بۆ تێکڕای ژمارەی ئەو گەڕاوانە یاخود ئاوارە ناوخۆییانەی کە خەڵکی هەمان پارێزگا یاخود قەزان لە ئارادان. نزیکەی ٩٠٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە بنەڕەت دا خەڵکی ئەنبارن، گەڕاونەتەوە شوێنی بنەڕەتی خۆیان، لە بەرامبەر لە ٧٥٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە بنەڕەت دا خەڵکی سەلاحەددینن و لە ٦٤٪ی ئەوانەی لە بنەڕەت دا خەڵکی نەینەوان گەڕاونەتەوە شوێنی رەسەنی خۆیان.

جیاوازی لە سەر ئاستی قەزادا تەنانەت زیاتریشن، قەزاکانی موسڵ و شنگال بریتین لە قەزا رەسەنە هەرە لە پێشەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، هەرچەندە لە ٧٥٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە خەڵکی رەسەنی موسڵن، گەڕاونەتەوە شوێنی رەسەنی خۆیان، لە بەرامبەر دا تەنها لە ١٧٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان گەڕاونەتەوە شنگال. قەزا بەرچاوەکانی تر لەم رووەوە بریتین لە موسەیەب و حیلە لە بابل، عەزامیە، رەسافە، کەرخ و مەدائن لە بەغداد، بەلەدرۆز و بەعقوبە لە دیالە و زیقار لە سەلاحەددین. هیچ گەڕانەوەیەک بۆ ناو ئەم قەزایانە تا ئێستا تۆمار نەکراون، بێ لە بەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێیانەوە هەڵهاتوون ( کە دەشێت ژمارەکە بگۆڕێت بۆ وێنە، کەمترینیان لە حیلە بە ٦٠ کەس تا زۆرترینیان لە موسەیەب بە ٣٩,٢٥٢ کەس).

هەروەها بۆ شنگال پرۆسەی گەڕانەوە زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچێت، لە بەعاج ( رێژەی گەڕانەوە ٨٪) و لە حەترا (٣٠٪) لە پارێزگای نەینەوا. لە قەزاکانی تر رێژەیەکی کەمتری گەڕانەوە بۆیان ئەنجام دەدرێت، وەک قائیم (٦١٪)، کفری (٥٠٪)، فارس (٥٠٪)، تووز (٤٩٪) و بەلەد (٥٧٪). ژمارەی ئەو کەسانەی لەم ناوچانەدا هەڵهاتوون زۆر جیاوازە- نزیکەی ٥٠,٠٠٠ کەس لە بەلەد و تووز تا ئێستاش ئاوارەن و لە بەرامبەر، نزیکەی ٢٥,٠٠٠ کەس لە قائیم و ١,٢٠٠ کەسیش لە کفری تا ئێستا ئاوارەن.


نەخشەی (٣): رێژەی گەڕانەوە/ پۆلێنکردنی قەزاکان لە سەر بنەمای رێژەی سەدی گەڕانەوە



## ماوە و ئاراستەکان و هۆکارەکانی گەڕانەوە


زۆربەی گەڕانەوەکان لە ٢٠١٦-٢٠١٧ (٨٠٪ی گەڕانەوەکان)، لە ناو پارێزگا دا بووە (٥٨٪)، ئەمە واتە شوێنی دوایین ئاوارەبوون لە ناو هەمان پارێزگای ڕەسەن دا بووە. بەغداد و هەولێر نزیکەی لە ٩٠٪ی گەڕانەوەکان لە ناو هەمان پارێزگادا بووە، دیالە نزیکەی ٨٠٪ و نەینەوا نزیکەی ٧٠٪ . هەروەها نەینەواش ئەو پارێزگایە کە پێدەچێت گەڕانەوەی تازەی بۆ ئەنجام درابێت (٨٧٪ لە ٢٠١٧ەوە)، بە هۆی ئەو ئاوارەبوونەی لە دەرەنجامی قەیرانەکانی موسڵ لە گەڵ کەرکووک (٨٣٪) دروست بووە.

نەخشەی ٤: ماوەکانی گەڕانەوە




ئاسایش (٩٢٪)، دەستگەیشتن بە مۆڵک (٧٧٪) و خزمەتگوزاریەکان/ گوزەران (٤٥٪) بریتی بوون لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کار لە بڕیاری گەڕانەوەیان کردووە. نزیکەی یەک لە سەر سێی خێزانەکان (٢٩٪) بە هۆی ویستی سۆزدارییەوە هاندراون بۆ گەڕانەوە و لە ١٠٪ بە هۆی ویستی چوونە پاڵ ئەندامانی خێزانەکانیانەوە کە پێشتر گەڕاونەتەوە. ئاوارە ناوخۆییەکانیش پێدەچێت بگەڕێنەوە ئەگەر بە هۆی نەبوونی توانای دارایی (١٨٪) یاخود بە هۆی کەمی یان خراپتربوونی بارودۆخەکان لە ناو کۆمەڵگای ئاوارەبوون دا (١٢٪) فشاریان بۆ دروست بکرێت.

وێنەی ٤: هۆکارەکانی گەڕانەوە[15]




١٥ داوا لە هەواڵدەرە سەرەکیەکان کراوە کەوا سێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی گەڕانەوە دەستنیشان بکەن

گرنگی هۆکارەکانی پاڵ پێوەنان بە شێوەیەکی تایبەت بە دیار دەکەوێت، کاتێک چاودێری هۆکارەکانی گەڕانەوە دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات. وا دیارە نەبوونی توانای دارایی بۆ مانەوە لە ئاوارەبوون دا، بووەتە هۆی زۆرێک لە گەڕانەوەکان بەر لە شەڕ و ناکۆکیەکان (٤٢٪ لە ساڵی ٢٠١٦ و ٤٧٪ لە ساڵی ٢٠١٧). ئەم گەڕانەوانە مەرج نیە پێوانەکانی ئەمنیان بەدی هێنابێت: تەنها لە ٦٧٪ی گەڕاوەکان لە ساڵی ٢٠١٦ و لە ٧٥٪ لە ساڵی ٢٠١٧ دا بژاردەی گەڕانەوەیان هەڵبژارد، چونکە پێیان وابوو شوێنی ڕەسەنیان سەلامەتە. هاندان یاخود پشتگیری کردن لە لایەن بەرپرسانی حکومەت، بە هەمان شێوەش هاندان لە لایەن سەرکردەکانی کۆمەڵگە/ ئایینی بریتی بوون لە هۆکارەکانی بەهێزی ڕاکێشان لە ساڵی ٢٠١٧دا (٢٢٪و ٢٨٪ بە دوای یەک)، کاتێک بەڵگەی گەڕانەوەی "پاڵ پێوەنراو" یش تا زۆرترین ڕێژەی ٢٦٪ی شوێنەکانی گەڕانەوە (لە بەرامبەر ٩٪ لە ساڵی ٢٠١٩) بینراوە. ئەم گەڕانەوانەش دەکرێت بە گەڕانەوەی پێش وەخت و ناکام ئەژمار بکرێن، بەو پێیەی ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە ژمارەیەکی زۆری گەڕاوەکان تا ئێستا لە بارودۆخێکی سەخت دا دەژین (٤٧٢,٣٥٠ کەس لە ناو ٢٧٩ شوێن دا).[١٦]

الشكل (٥): أسباب وتوجهات العَودة ٢٠١٦ – ٢٠١٩




١٦ سەیری نیشانەی گەڕانەوەی ٣ (RI) بکە. نیشانەی گەڕانەوە (RI) بریتیە لە ئامرازێک کە بۆ مەبەستی پێوانەکردنی سەختی بارو دۆخەکان لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا دروستکراوە. ئامڕازەکە پشتی بە ١٦ نیشاندەر بەستووە کە کۆمەڵێک لە کەمترین یاخود بارودۆخی شلۆقی گوزەران نیشان دەدات کە پێویستە بۆ دەستنیشانی ئەوەی داخۆ شوێنەکە گونجاوە بۆ گەڕانەوە یان نا. ئاماری نیشانەی گەڕانەوە (RI) ئەگەری گەڕانەوەی گروپی دانیشتوان ڕوون دەکاتەوە و یارمەتی دەستنیشانکردنی بارودۆخی گوزەران لە شوێنەکانی گەڕانەوە دەدات. بەردەستە بە شێوەی ئونلاین لە بەستەری:
http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/iom_dtm_returnindex_round3_apr2019.pdf.

سەرەڕای باشتربوونی بارودۆخی ئاسایش و بەردەست بوونی شوێنی نیشتەجێبوون، کە بریتین لە باوترین هۆکارەکانی گەڕانەوە بۆ گشت شوێنەکان، نزیکەی یەک لە سەر سێیی گەڕانەوەکان بۆ دیالە بە هۆی نەبوونی توانای دارایی (٪٣١) و هاندان لە لایەن سەرکردەکانی کۆمەڵگە و ئاینییەوە (٪٣٣) بووە. بەردەستبوونی هەڵی کار (٪٤٠) و پێدانی یارمەتی (٪٢٣) وەک هۆکاری سەرەکی گەڕانەوە لە بەغداد دەستنیشانکراون. لە کاتێک دا خراپتربوونی بارودۆخی گوزەران/ خزمەتگوزارییەکان لە ئاوارەیی دا زۆر زیاتر لە تێکڕای ڕێژەکە (٪٢١) ئاماژەی پێدراوە. ئارەزووی سۆزداری گەڕانەوەش بووە هۆی هاندانی خێزانەکان لە سەلاحەددین (٪٤٧)، هەولێر (٪٤٠) و کەرکووک (٪٣٨).

## ئاوارەبوون و دابەشبوون و ڕێژەی گۆڕانکاری


تا حوزەیرانی ٢٠١٩، ١,٦٠٧,١٤٨ ئاوارەی ناوخۆیی (٢٦٧,٨٥٨ خێزان) کە بە سەر هەر ١٨ پارێزگاکانی عێراق دابەشبوونە لە ئاوارەیی دا ماونەتەوە. بە بەراورد لە گەڵ ئایاری ٢٠١٨، ئەم ژمارەیە نزیکەی یەک لە سەر پێنج کەمی کردووە (-٪٢١). کەمبوونەوەی ژمارەکان لە سەرتاسەری پارێزگاکان دا تۆمار کراوە، بە تایبەتی لە نەینەوا (٪-٢٣، نزیکەی ١٤٠,٠٠٠ کەس) سەلاحەددین (٪-٤٣، نزیکەی ٨٠,٠٠٠ کەس) و بەغداد (٪-٤٦، نزیکەی ٥٠,٠٠٠ کەس). نەجەف و قادسیە (نزیکەی ٪ ٦٠ لە هەردوو پارێزگادا). هەرچەندە ژمارەی ئاوارەی خانەخوێ بە بەراورد کەمترە.

خشتەی ٢: ئاوارە ناوخۆییەکان، دابەشبوون و گۆڕانکاری (ژمارەی کەسەکان)

| | ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان تاکو ئایاری ٢٠١٨ | ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان تاکو حوزەیرانی ٢٠١٩ | ڕێژەی گۆڕانکاری لە ٢٠١٨ەوە | ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە حوزەیرانی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | ٨١,١٩٢ | ٤٩,٠٨١ | ٪٤٠- | ٪٣ |
| بابل | ٢٥,٧٩٤ | ١٧,٤٥٤ | ٪٣٢- | ٪١ |
| بەغداد | ١٠٧,٨٣٢ | ٥٨,٧١٠ | ٪٤٦- | ٪٤ |
| بەسرە | ٨,٠٤٦ | ٧,١٦٤ | ٪١١- | ٪٠ |
| دهۆک | ٣٥٠,٢٣٢ | ٣٢٦,١٠٦ | ٪٧- | ٪٢٠ |
| دیالە | ٦٤,٦٧٤ | ٥٥,٧٢٢ | ٪١٤- | ٪٣ |
| هەولێر | ٢٢٢,٧٣٨ | ٢٠٩,٧٨٤ | ٪٦- | ٪١٣ |
| کەربەلا | ٢٧,٠١٨ | ٢١,٧٤٤ | ٪٢٠- | ٪١ |
| کەرکووک | ١٣٣,٧٧٠ | ١٠١,٥٥٦ | ٪٢٤- | ٪٦ |
| میسان | ٣,٠٠٦ | ٢,٣٨٨ | ٪٢١- | ٪٠ |
| موسەننا | ١,٣٧٤ | ١,٠٩٨ | ٪٢٠- | ٪٠ |
| نەجەف | ٣٠,٣٩٦ | ١٢,٢٨٢ | ٪٦٠- | ٪١ |
| نەینەوا | ٦٢٠,٦٢٨ | ٤٧٨,٦٣٨ | ٪٢٣- | ٪٣٠ |
| قادسیە | ١٢,٨٨٢ | ٥,٥٩٢ | ٪٥٧- | ٪٠ |
| سەلاحەددین | ١٨٤,٨٥٤ | ١٠٥,٣٩٠ | ٪٤٣- | ٪٧ |
| سلێمانی | ١٥٤,٠٢٠ | ١٤٢,٤٢٢ | ٪٨- | ٪٩ |
| زیقار | ٤,٠٩٨ | ٣,٤٧٤ | ٪١٥- | ٪٠ |
| واسیت | ١٣,١٦٤ | ٨,٥٣٨ | ٪٣٥- | ٪١ |
| کۆی گشتی/ تێکرا | ٢,٠٤٥,٧١٨ | ١,٦٠٧,١٤٨ | ٪٢١- | ٪١٠٠ |

بە گوێرەی ڕێژەی گۆڕانکاری ساڵانەی دانیشتوانی ئاوارە- ڕێژەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە چوونەتە ناو (+) یاخود دەرەوەی پارێزگا/ قەزای ئاوارەبوون دا لە چوارچێوەی ماوەیەکی دیاریکراو دا- پارێزگاکان/ قەزاکان دەکرێت بە جێگیر (ڕێژەی گۆڕانکاری <٪١٠)، تا ڕادەیەک جێگیر (ڕێژەی گۆڕانکاری لە نێوان ٪١٠ و ٪٢٠). تا ڕادەیەک جوڵەدار (ڕێژەی گۆڕانکاری لە نێوان ٪٢٠ و ٪٣٠) و جوڵەدار (ڕێژەی گۆڕانکاری >٪٣٠) پۆلێن بکرێت. بارودۆخەکە پێدەچێت لە زۆربەی قەزاکانی ئەنبار، بەغداد، موسەننا، نەجەف، قادسیە، سەلاحەددین و واست لە جوڵەدا بێت یان دەکرێت بڵێن جوڵەدار یاخود نیمچە جوڵەدارە. بەدەر لە قەزای کۆیە و سۆران لە پارێزگای هەولێر و چەمچەماڵ و دەربەندیخان لە سلێمانی، ئاوارە ناوخۆییەکان زۆر بە هێواشی لە سەرجەم قەزاکانی هەرێمی کوردستان دا دەردەچن. هەروەها ئاوارەبوون لە سەرجەم قەزاکانی پارێزگای دیالە و بەسرە و زیقار یان وەستاوە و یاخود زۆر بە هێواشی لە کەمبوونەوەدایە، لە کاتێک دا کە لە قەزاکانی ئاکرێ، حەمدانیە، شێخان و شنگالی پارێزگای نەینەوا جێگیر یاخود نیمچە جێگیرە . قەزا بەرچاوەکانی تر کە تییاندا ئاوارە ناوخۆییەکان یان دەرناچن یاخود زۆر بە هێواشی دەردەچن بریتین لە قەزای کەرکووک (لە پارێزگای کەرکووک) و موسەیەب (لە پارێزگای بابل).

نەخشەی ٥: پۆڵێنی قەزاکان لە سەر بنەمای ڕێژەی گۆڕانکاری ئاوارەبوون لە ماوەی نێوان ئایاری ٢٠١٨ و حوزەیرانی ٢٠١٩





## نیازەکانی داهاتوو


لە ٥٥٣ لەو شوێنانەی کە لە ٢٥٪ی ئاوارە ناوخۆییە هەنووکەییەکان لە خۆ دەگرن، زۆربەی کەسەکان دەیانەوێت لە ماوە کورت دا (لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ) بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، و لە ١,٦٥٩ لەو شوێنانەی کە لە ٧٤٪ی ئاوارە ناوخۆییە هەنووکەییەکان لە خۆ دەگرن، زۆربەی کەسەکان دەیانەوێت لە ماوە درێژ دا (دوای شەش مانگ یاخود زیاتر) بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. نیازە ماوە درێژەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە گەڵ دەرەنجامەکانی ساڵی ٢٠١٨ یەکدەگرنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەڵکشانی دووبارە نیشتەجێبوونەوەی هەمیشەیی کە لە ئێستادا ڕێژەکە دەگاتە ٢٥٪. هەروەها نیازە ماوە کورتەکانیش بۆ مانەوە لە ئاوارەیی دا لە ٦٨٪ەوە بۆ ٧٥٪ بەرزبووتەوە- کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دواکەوتنی گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان.

ئەو کەسانەی لە ئێستادا لە ئەنبار، بەغداد، دیالە، نەجەف و واسط نیشتەجێن زۆرترین ئامادەییان نیشانداوە بۆ گەڕانەوە لە ماوە درێژ دا (زیاتر لە ٩٠٪ی کەسەکان لە سەرجەم ناوچەکان دا)، لە کاتێک دا کە بەرچاوترین لێشاوی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ماوە کورت دا پێشبینی دەکرێت لە سەلاحەددین (٦٧٪ زۆربەی لە بێجی، بەلەد، سامەڕا و توز) و دیالە (٧٤٪ زۆربەی لە خالس، موقدادیە، بەلەدرۆز و خانەقین) بێت. هەروەها ئەو ئاوارە ناوخۆییانەش کە لە میسان نیشتەجێن، بەشی هەرە زۆریان خەڵکی کازمیە لە پارێزگای بەغداد و داعور لە پارێزگای سەلاحەددینن، پێدەچێت بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە ماوە کورت دا دابێت.

پێدەچێت دووبارە نیشتەجێبوونەوەی جێگیر ویستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ لە بابل (٩٧٪)، کەربەلا (٦٤٪)، کەرکووک (٦٣٪) و پارێزگاکانی باشوور وەک بەسرە (٧٠٪)، موسەننا (٩٣٪)، زیقار (٥٩٪) بێت. هۆکارەکانی ڕاکێشان- لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاسایش، پێدەچێت بە بنەچەی بڕیاری مانەوە لە پارێزگاکانی باشوور بێت، هاوکات هۆکارەکانی پاڵ پێوەنان وەک ڕێگەگرتن لە گەڕانەوە، ڕوخانی خانوو و نەبوونی توانای دارایی، بە شێوەیەکی سەرەکی بوونەتە هۆی مانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە بابل و کەربەلا و کەرکووک. بوونی میلیشاکان و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەومی- ئایینی لە شوێنی ڕەسەنی ئاوارە ناوخۆییەکان دا، لە میانی سێ لە هۆکارە هەرە لە پێشەکانی زیاتر لە نیوەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەیە کە دەیانەوێت لە دیالە و سەلاحەددین و سلێمانی دووبارە نیشتەجێ ببنەوە.

وێنەی ٦: نیازە ماوەکورت و ماوە درێژی ئاوارە ناوخۆییەکان[17]





١٧ داتا لە سووڕی ١ی گروپی هەڵسەنگاندنی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (ئەیلوولی ٢٠١٥) و هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ١، ٢، ٣ و ٤ کە بۆ شیکاری نیازەکانی ماوە کورت و ماوە درێژ بەکارهاتووە وەرگیراوە.

## درێژی ماوەی ئاوارەبوون و پارێزگای ئاوارەبوون


نزیکی جوگرافیایی لە گەڵ درێژی ماوەی ئاوارەبوون، هۆکاری سەرەکی دەرخستنی نیازەکانن: هەرچەند خەڵکی لە کۆمەڵگاکانیانەوە دوور بن، ئەوا ئاوارەبوونیان درێژتر دەبێت، واتە ئەگەری گەڕانەوەیان کەمتر دەبێت.

ئاراستەی ماوەدرێژ کە لە وێنەی ٧ دا خراوەتەڕوو، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی قەیرانەکەدا، زۆربەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەنیان ماونەتەوە (٦٠٪ لە حوزەیرانی ٢٠١٤). هەرچەندە لە گەڵ بەردەوامی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و سەختتر بوونی بارودۆخی گوزەران، دواجار ئاوارە ناوخۆییەکانی ناچار لە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەنیانەوە دوورتر کەوتنەوە، لە نێوان حوزەیرانی ٢٠١٥ و حوزەیرانی ٢٠١٦ ئاوارەبوونی لە ناو سنوورەکانی پارێزگادا، گەیشتە نزمترین ئاست نزیکەی لە ٣٧-٣٨٪. ئەو ئاوارەبوونەی کە بە هۆی قەیرانی موسڵەوە دەستیپێکرد، بووە هۆی زیادبوونێکی نوێ لە ژمارەکانی ناو سنوورەکانی پارێزگا کە لە حوزەیرانی ٢٠١٨ گەیشتە لووتکە (٤٨٪). ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٩ یەکسانە بە ٤٤٪، ئەمە واتە ئاوارەبوون بۆ دەرەوەی سنوورەکانی پارێزگا کەمێک زیادی کردووە. ڕێژەی بەرزی ئاوارەبوون لە دەرەوەی سنوورەکانی پارێزگا لە ئەنبار (٧٧٪) و بەغداد (٩٩٪)، بە زۆری پەیوەستە بە نیشتەجێبوونەوە لە هەرێمی کوردستان. نزیکەی لە ٦٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانی ئەنبار و ٩٠٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆییانە لە بنەڕەت دا خەڵکی بەغدادن، لە ئێستادا لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دەژین. لە بەرامبەردا، ڕێژەی بەرزتری ئاوارەبوون لە ناو سنوورەکانی پارێزگادا، بە تایبەتی لە ناو سنورەکانی قەزادا، وەک حاڵەتی موسەیەب، داقوق، فەلووجە ، خانەقین، کفری، مەخمور، تلکێف، سامەڕاو و تووز، پێدەچێت پەیوەندی بە هوبوونی گرژیەکانی کۆمەڵگا لەم ناوچانەدا هەبێت کە ڕێگری لە گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان دەکات. لە موسڵ، ئاوارەبوونی ناو قەزاکە (٣٦٪) پەیوەندی بە جوڵەی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە هەیە بە هۆی هەڵهاتن لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە لە بەر وێرانبوون و کاولکاری ئەم بەشەی شار.[18]

وێنەی ٧: ئاوارەبوون لە ناو سنورەکانی پارێزگا، ئاراستەی ٢٠١٥-٢٠١٩ و بە گوێرەی پارێزگای ڕەسەن





نەخشەی (٦) ئاوارەبوون لە ناو سنوورەکانی قەزا




18 سەیری پەراوی ڕاستی ئاوارەبوونی قەزاکانی ئاوارە ناوخۆییەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠١٩ بکە، بە شێوەی ئۆنلاین بەردەستە لە بەستەری: http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/IDP_Districts_of_Displacement_Factsheets.pdf

له ڕووی درێژی ماوەی ئاوارەبوونەوە، بەدەر لە پارێزگای نەینەوا (٣٢٪) و ئەنبار (٦٠٪)- زیاتر لە سەدا ٧٠ی سەرجەم ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە پارێزگاکانی تر دا گیرساونەتەوە، بۆ نزیکەی سێ ساڵ یاخود زیاتر لە سێ ساڵە ئاوارەبوونە (بەر لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦). لە موسڵ زۆربەی ئاوارە ناوخۆییەکانی نوێ لە حەمدانیە، موسڵ و تلکێف نیشتەجێبوونە، هاوکات لە ئەنبار ئاوارە ناوخۆییەکانی لە فەلووجە و ڕەمادی نیشتەجێبوونە.


نەخشەی ٧: ناوچەکانی ئاوارەبوونی ماوەدرێژ (نزیکەی سێ ساڵ یاخود زیاتر)




## ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕانەوە و هۆکارەکانی دووبارە نیشتەجێبوونەوە


سەرەڕای ماوەی ئاوارەبوون و دووری لە شوێنی ڕەسەنەوە، ئەو ئاستەنگانەی کە ئاوارەناوخۆییەکان بە بەردەوامی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، دەکرێت هەردوو جیاوازی نێوان نیازەکانی ماوە کورت و ماوەدرێژ (بەو واتایەی کە خێزانەکان بڕیاری گەڕانەوەیان پاش دەخەن) و زیادبوونی ڕێژەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی دەیانەوێت دووبارە نیشتەجێ ببنەوە ڕوون بکاتەوە. سێ لەو ئاستەنگانەی کە پێدەچێت بە دیاریکراوی بۆ خێزانەکان گرنگ بن بریتین لە: نەبوونی دەرفەتەکانی کار (٧٣٪)، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان (٦٨٪) و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون کە بۆی بگەڕێنەوە لە شوێنی ڕەسەنیان دا (٦٢٪).

وێنەی ٨: ئاستەنگەکانی گەڕانەوە




وێنەی ٩ی خوارەوە ئاراستەی ماوە درێژ بە گوێرەی ژمارەی نیشاندەرەکان پیشان دەدات. دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە نیگەرانی سەبارەت بە ئاسایش/ سەلامەتی بە تێپەڕبوونی کات کەمی کردووە ( لە ڕێژەی ٨١٪ لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بۆ ڕێژەی ٣٦٪ لە ساڵی ٢٠١٩) ئەمەش بە هۆی بەرەوپێشچون و باشتربوونی گشتی بارودۆخی ئاسایش. ئەو خێزانانەی لە هەرێمی کوردستان و نەینەوا نیشتەجێن، زۆربەیان ئاماژەیان بە هەبوونی نا سەقامگیری لە شوێنی ڕەسەنیان کرد. ترس لە پێکهاتەی گۆڕدراوی قەومی-ئایینیش لە ناوچە ڕەسەنەکان دا بۆ ڕێژەی سەدا ٩دابەزیوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ بە ڕێژەی ٢٧٪ گەیشتە لووتکە و تا ئێستاش لە ناوچەکانی دهۆک و نەینەوا و سەلاحەددین بە نزیکەی لە ١٥٪ ڕاگەیەنراوە. پێدەچێت نەبوونی هۆیەکان/ توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوە چیتر وەک ئاستەنگ یێکی سەرەکی ئەژمار نەکرێت، بەو پێیەی ڕێژەکە لە ٣٢٪یەوە بۆ ١٧٪ دابەزیوە و بەرزترین ڕێژەش لەم ڕووەوە لە سلێمانی بووە. ئەم گۆڕانکاریە هاوشێوەی ئاستەنگی گەڕانەوەی ڕێگەلێگیراوە ( لە ڕێژەی ٢٦٪ بۆ ٥٪ نزم بووتەوە) کە بەرزترین ڕێژەش بۆ ئەم بەربەستە لە ناو ئاوارە نیشتەجێکانی سەلاحەددین (٢٦٪) ڕاگەیەنراوە. نیشاندەری زیان بەرکەوتن بە شوێنی نیشتەجێبوون کەمێک باشتر بووە بە بەراورد لە گەڵ ساڵی پێشوو ( لە ڕێژەی ٧١٪ بۆ ٦٢٪ دابەزیوە)، هەرچەندە ئەمەیان تا ئێستا بە ئاستەنگی سەرەکی گەڕانەوەی ئەو خێزانانەی لە بابل، بەغداد، دیالە، قادسیە، سەلاحەددین و واسط نیشتەجێن ئەژمار دەکرێت.

وێنەی ٩: ئاستەنگەکانی گەڕانەوە، ئاراستەی ٢٠١٦-٢٠١٩، تەنها نیشاندەرە دەستنیشانکراوەکان




پێدەچێت دووبارە نیشتەجێبوونی جێگیر نیازی زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ لە بابل (٩٧٪)، کەربەلا (٦٤٪)، کەرکووک (٦٣٪) و پارێزگاکانی باشوور وەک بەسرە (٧٠٪)، موسەننا (٩٣٪) و زیقار (٥٩٪) بێت. هۆکارەکانی ڕاکێشان- یەکەمیان ئاسایش و دواتریش بوونی ئەندامانی تری خێزان و خزم و هاوڕێ و کەس و کار پێدەچێت بە ڕەگی بڕیاری مانەوە لە پارێزگاکانی باشوور بێت، هەرچی هۆکارەکانی پاڵ پێوەنانە کە بریتین لە ڕێگەگرتن لە گەڕانەوە، ڕوخانی خانوو و نەبوونی توانای دارایی بوونەتە هۆی هێشتنەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە بابل، کەربەلا و کەرکووک. هەبوونی خزمەتگوزاریەکان و دەرفەتی کار لە هەرێمی کوردستان سەرەکیترین هۆکارەکانی مانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکانە لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێک دا کە بوونی میلیشیاکان و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەومی-ئایینی لە شوێنی ڕەسەن دا، لە ناو سێ لە هۆکارە هەرە لە پێشەکانی مانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەن کە دەیانەوێت لە دیالە و سەلاحەددین و سلێمانی دووبارە نیشتەجێببنەوە.

وێنەی ١٠: هۆکارەکانی مانەوە



# ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان و زەوی


## ئەم بەشە شیکردنەوە بۆ دەستگەیشتن و بارودۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان و زەوی کشتوکاڵی لە شوێنە هەڵسەنگێنراوەکانی سەرتاسەری عێراق دا دەکات.[١٩]

بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان، پێرستێکی/ نیشانەیەکی تێکەڵ بە لەبەرچاوگرتنی دەستگەیشتن بە ١١ خزمەتگوزاری بنەڕەتی: کارەبا، ئاو، قوتابخانە، تیمارگەی تەندروستی و نەخۆشخانە، کۆکردنەوەی پاشەڕۆ و ئاودەست، بازار، ئۆفیس بۆ پێدانی شوێنگرەوە بەڵگەنامە شارستانیەکان و خزمەتگوزاریە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە شوێنی نیشتەجێبوون، زەوی و مۆڵک دروست کراوە. سەرجەم نیشاندەرەکان لە گەڵ ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە بەراورد کراون. بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریەکانی/ ئاسانکاریەکانی هەڵسەنگێنراو بە پێویست و شیاو ئەژمار بکرێن، ئەوا پێویستە ئەم کەمترین پێوانانەی خوارەوە بەدی بهێنرێن:

- کارەبا/ ئاو: بە لایەنی کەمەوە ٧٥٪ی دانیشتوان تۆری کارەبای نیشتیمانی و ئاویان بۆ ڕاکێشرابێت.
- قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی، تیمارگەی تەندروستی، نەخۆشخانە، بازارەکان لە مەودای ٥ کیلۆمەتر ، نەخۆشخانە لە مەودای ١٠ کیلۆمەتر بوونیان هەبێت و چاڵاک بن.
- خزمەتگوزاریە یاساییەکان بۆ مەسەلەکانی خانووبەرە، زەوی و مۆڵک و ئۆفیسەکانی گۆڕینی شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی شارستانی بوونیان هەبێت و چاڵاک بن.

وەک لە وێنەی ١١ پیشاندراوە، لە ٨٧٪ی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کەوا زۆربەی خزمەتگوزاری یاخود خزمەتگوزاری گشتیە دەستنیشانکراوەکان بە تەواوی فەراهەمکراون و نزیکەی نیوەشیان دەستگەیشتنیان بە تەواوی یاخود نزیکەی تەواوی خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە ( ١٠- ١١ خزمەتگوزاری). کەمی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان بۆ نزیکەی لە ١٥٪ی گەڕاوەکان و لە ٨٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان (تەنها ٦-٧ خزمەتگوزاری یاخود ئاسانکاری فەراهەمکراون) هەڵسەنگێنراوە و دەستپێگەیشتنی نەگونجاو بۆ لە سەدا پێنجی هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان (پێنچ یان کەمتر لە پێنج خزمەتگوزاری یاخود خزمەتگوزاری گشتی دەستنیشانکراو) هەڵسەنگێنراوە. ئەو قەزایانەی دەستگەیشتنی نەگونجاویان تێیدا هەڵسەنگێنراوە بریتین لە کەرخ، هەولێر، حندانیە، نەجەف، تکریت و تووز (بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان) مەخمور، حەویجە، سامەرا، شرگات، تەلەعفەر، تلکێف و موسڵ (بۆ گەڕاوەکان) و فەلووجە ، ئەبو غرێب، مەحمودیە و شنگال بۆ هەردوو دانیشتوان.

شێوەی ١١. ژمارەی خزمەتگوزاریەکان یاخود خزمەتگوزاری گشتیە دەستنیشانکراوەکان بۆ هەر شوێنێک (. هیچ خزمەتگوزاریەک یاخود خزمەتگوزاری گشتی بوونی نیە ١١- سەرجەم خزمەتگوزاریەکان یاخود خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە شوێنەکەدا بوونیان هەیە)




یارمەتی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خانووبەرە و زەوی و مۆڵکداری کەمترین خزمەتگوری بەردەستکراون لە گشت شوێنەکان دا و تەنها لە ٤٩٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و لە ٣٢٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە ئەم چەشنە خزمەتگوزاریە بەردەستە. نزیکەی ٩٥٪ی ئەو گەڕاوە و ئاوارە ناوخۆییانەی لە بابل، بەسرە، دیالە، هەولێر، کەربەلا، میسان، موسەننا، نەجەف، قادسیە و باشووری سەلاحەددین دەژین دەستیان بەو خزمەتگوزریە ناگات. دووەم کەمترین خزمەتگوزاری بەردەستکراو تەندروستیە- بە تایبەتی دەستگەیشتن بە نەخۆشخانەکان. نزیکەی ١٨٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٣٦٪ی گەڕاوەکان، لەو شوێنانەدا دەژین کە هیچ نەخۆشخانەیەکی چاڵاک لە مەودای ١٠ کیلۆمەتری بوونیان نیە. هەروەها ڕێژەی دەستگەیشتن بە نەخۆشخانە لە موسڵ (٢٩٪) و کەرکووکیش (٣٩٪) نزمە. هەرچەندە بە لایەنی کەمەوە بوونی تیمارگەیەکی تەندروستی لە مەودای ٥ کیلۆمەتر زیاترە- ٩٣٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ٨٩٪ بۆ گەڕاوەکان و نزیکەی ٦٥٪ لە هەردوو نەینەوا و کەرکووک.


تێکڕای ڕێژەی دەستگەیشتن بە چارەسەرکردنی پاشەڕۆ دەگاتە نزیکەی ٧٠٪، هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە کەرکووک (٣٨٪) نزمترە. دەستگەیشتن بە ئوفیسەکانی تایبەت بە پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی شارستانی لە ئێستادا دەگاتە ٨١٪، نەجەف تەنها شوێنە کە لەم ڕووەوە دەستگەیشتنی نیە (٥٪). ڕێژەی دەستگەیشتن بە بازاری چاڵاک دەگاتە ٨٧٪ (کەمترین ڕێژەی لە کەرکووک بە ٦٠٪). دەستگەیشتن بە ئاودەست نزیکە لە ڕێژەی جیهانی (٩٩٪)- بە هەمان شێوەش دەستگەیشتن بە قوتابخانەکانیش- قوتابخانەی چاڵاک لە مەودای ٥ کیلۆمەتر بۆ هەردوو

ئاوارە ناوخۆییەکان (٪٩٧) و گەڕاوەکان (٪٩٩) بەردەستن. دەستگەیشتن بە قوتابخانە ناوەندیەکان تا ڕادەیەک ڕێژەی کەمترە (٪٩٣) بۆ هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانیش- بە تایبەتی لە نەجەف (٪٥٥) و نەینەوا (٪٦٦) و کەرکووک (٪٧٩).


نزیکەی ٧٠٪ خێزانەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی دانیشتوانی (٧٥٪یان زیاتر) کارەبایان هەیە (٧٩٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٧٠٪ ی گەڕاوەکان) هەرچەندە ڕێژەی دەستگەیشتن بە کارەبا بە شێوەیەکی بەرچاو لە پارێزگاکانی قادسیە (٪٣١)، کەرکووک (٪٢٣) و واست (٪٦) دابەزیوە. لە ئەنبار، بەغداد، دیالە، موسەننا، نەجەف و سەلاحەددین نزیکەی ٥٠٪-٦٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە ٧٥٪ی دانیشتوانی دەستیان بە کارەبا دەگات.

بە گشتی ئاوی بەلوعە/ پاک بۆ زیاتر لە سێ لە سەر چواری نیشتەجێبوانی ئەو شوێنانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان ٧٦٪ و گەڕاوەکان ٥٥٪ تێیان دا دەژین بەردەستە، کەمترینیان لە واست ١١٪ و زۆرترینیشیان لە میسان بە ١٠٠٪. دووبارە، دابینکردنی ئاوی بەلوعەش/ ئاوی پاک ڕێژەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت و تەنها پارێزگاکانی بابل، بەسرە، دهۆک، میسان، سلێمانی و زیقار ڕێژەکە نزیکەی ڕێژەی جیهانیە.

وێنەی ١٢: زەوی بەردەست و شیاو بۆ بەکارهێنان (٪ ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە شوێنەکەدا دەژین)




وێنەی ١٣: زەوی بەردەست و شیاو بۆ بەکارهێنان (تەنها ٪ شوێنی گەڕاوەکان)




لە ڕووی کشتوکاڵیەوە، ئەو زەویانەی شیاوی کشتوکاڵی و لەوەڕاندنن بە شێوەیەکی سەلامەت بەردەستن و شیاوی بەکارهێنانن لە نزیکەی تەواوی شوێنەکان دا (٪٩١). تەنها لە بەسرە زەوی شیاوی کشتوکاڵی و لەوەڕاندنن لە نزیکەی ٧٠٪ی شوێنەکان دا لە ئێستادا بەکارنەهاتووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بە هۆی نەبوونی ئاوەوە بێت- نەبوونی جۆگەی ئاودێری لە ٧٧٪ی شوێنەکان بوونی هەیە. هەروەها کەمی بەکارهێنان لە نێوان ١٠٪ و ١٥٪ی شوێنەکان لە ئەنبار، بابل، هەولێر و نەجەف ڕاگەیەنراوە، هەرچەندە ڕەنگە لەم حاڵەتەدا هۆکاری کەمی بەکارهێنانی زیاتر بۆ پیس بوون و زیان بەرکەوتن بگەڕێتەوە نەوەک کەمی ئاو. زەوی بەردەستە بەڵام شیاوی بەکارهێنان نیە بە هۆی نەبوونی پارە یاخود نەبوونی خەڵکی بۆ نزیکەی ٦٪ی تێکڕای شوێنەکان و زیاتر لە تێکڕاکە لە شوێنەکانی گەڕانەوە لە هەرسێ پارێزگای ئەنبار (٪٢١) و بەغداد (٪١٥) و هەولێر (٪١٥) ڕاگەیەنرا. نزیکەی ١٠٪ی شوێنەکانی گەڕانەوە لە پارێزگای سەلاحەددین کێشەی بەردەستبوونی زەویەکانیان ڕاگەیەنراوە بەهۆی نەبوونی ئاودێری یان زیان بەرکەوتن (٪٤) و نەبوونی پارە یاخود خەڵک (٪٥).

# بارودۆخی گوزەران


**ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ بارودۆخی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان سەبارەت بە بەدیهێنانی پێداویستیە بنەڕەتیەکان وەک پەناگە، کەلوپەلە خۆراکی و ناخۆراکیەکان، ئاوی خواردنەوە، پەروەردە، تەندروستی، گوزەران/ هەڵی کار، شوێنگرەوەی بەڵگەنامەکانی شارستانی، دەستگەیشتن بە چارەسەری پێشێلکردنی مافی ئاوارەکان و دووبارە یەکگرتنەوە لە گەڵ ئەندامانی جیابووەوەی خێزان لە ماوەی ئاوارەبوون دا.**

دوای پێشەکیەکی کورت، لەو شوێنەدا کە نیگەرانیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە ئاستی گشتیدا بەراورد کراون، پێداویستیەکان یەک بە یەک پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و لە گەڵ نیشاندەرە پەیوەندیدارەکانی تر بەراورد کراون. ژمارەکان لە گەڵ ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانە و گەڕاوانەی لە شوێنەکەدا دەژین پێوانەکراون.

پێویستیە بنەڕەتیەکان تا ئێستا بە پێویستتر و بە پەلەتر لە پێویستیەکانی کەوتنەوە سەر پێ لە لایەن ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان ئەژمار کراون. بە شێوەیەکی دیاریکراو تر دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کار و گوزەران وەک پێویستیەکی سەرەکی بۆ ئەو شوێنانەی کە نزیکەی ٧٠٪ی هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تێیاندا نیشتەجێن بەردەوامە. هەروەها نزیکەی نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەی دەستگەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون/ پەناگە (٤٢٪) و کەلوپەلی ناخۆراکییان هەیە (٤٧٪)، و نزیکەی ٦٠٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە.

لە نێوان پێویستیە بنەڕەتیەکان دا، دەستگەیشتن بە چارەسەریەک بۆ پێشێلکردنی مافی ئاوارەکان پێدەچێت گرنگتریانیان بێت بۆ هەردوو دانیشتوان (١٥٪).

وێنەی ١٤: پێویستیە بنەڕەتیەکان و پێویستیەکانی کەوتنەوە سەر پێ




## هەلی کار/ گوزەران

پێداویستی سەرەکییە بۆ
٪٧٠ ئاوارە ناوخۆییەکان
٪٧١ گەڕاوەکان


نزیکەی ٪٧٠ی گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان لە ئێستادا لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە هەلی کار/ گوزەران بە یەکێک لە سێ نیگەرەنیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە، تەنها هەڵاوێردن پارێزگاکانی ئەنبار، کەربەلا و سلێمانی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ئەنبار و هەولێر بۆ گەڕاوەکان دەگرێتەوە. زیاتر لە ٪٨٠ی هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە هەلی کاریان تێیدا "کەمە" و نزیکەی نیوەشیان لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی کەسەکان لە ڕووی داراییەوە چالاک نین. کێشەی کارکردنی ناکامەکان بە زۆری لە گەڵ کێشەی بێکاری ناودەهێنرێت، بە تایبەتی لە کەیسی ئاوارە ناوخۆییەکان، ئەم کێشەیەش زیاتر لە ڕادە ئاساییەکەی لە پارێزگاکانی بابل، بەغداد، دیالە، نەینەوا، سەلاحەددین و واست ڕاگەیەنراوە. هەروەها شایەنی ئاماژە پێکردنیشە کەوا نزیکەی لە ٪١٥ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە مەشق و ڕاهێنان/ سەنتەری پیشەیی/ بەرنامەکانی پشتگیری دەستپێکردنی کار بە کێشە دەزانرێت، بەرزترین ڕێژەش لەم ڕووەوە بە ٪٢٧ لە ئەنبار ڕاگەیەنراوە.

وێنەی ١٥. کێشەکانی هەلی کار (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)



هەرچەندە ڕێژەی "ناچالاکی" گەڕاوەکان- ڕێژەی سەدی ئەو دانیشتوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی کەسەکان لە ڕووی داراییەوە چالاک نین، پێدەچێت بەرزتر بێت لە ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان (٥٧٪ لە بەرامبەر ٤٣٪) و سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە هەردوو دانیشتوان پێویستە پشت بە چەندین سەرچاوەی داهاتەوە ببەستن بۆ زامنکردنی گوزەرانیان، بەڵام لە کاتی کارکردنیان، گەڕاوەکان زیاتر جێگیربوون و بەشداری کردنی لە چالاکیەکانی بەرەوپێشچون لە کارەکەیان پێوە دیارە بە بەراورد لە گەڵ ئاوارە ناوخۆییەکان. گرنگترین سەرچاوەی داهاتی گەڕاوەکان کەرتی گشتیە (٩١٪ بۆ گەڕاوەکان لە بەرامبەر ٤١٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان)، لە کاتێک دا کە ئاوارە ناوخۆییەکان پێدەچێت زیاتر پشت بە کەرتی نافەرمی ببەستن (٧٨٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ٥٥٪ بۆ گەڕاوەکان)، کە تەنها ئەو کارانە لە خۆ دەگرێت کە جێگیر نین و دەستحەقیان نزمە. لە بابل، بەسرە، دیالە، کەربەلا، کەرکووک و میسان ٩٠٪ی ئەو خێزانانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کاری ناجێگیر یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات. بەربەستی دۆزینەوەی هەلی کار زیاتر لە شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دا ڕاگەیەنراوە (٢٥٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ١٤٪ بۆ گەڕاوەکان) بە تایبەتی لە بابل، دهۆک، زیقار و سەلاحەددین. هەروەها ئاوارە ناوخۆییەکان بە بەراورد لە گەڵ گەڕاوەکان زیاتر پشت بە پاشەکەوتەکانیان (١٢٪ لە بەرامبەر ٢٪) و ناردنی پارە لە لایەن خێزان/ هاوڕێیان (١٧٪ لە بەرامبەر ٢٪) دەبەستن.

وێنەی ١٦. سەرچاوە سەرەکیەکانی داهات (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)




## تەندروستی

**پێداویستی سەرەکییە بۆ**

**٪٣٩** ئاوارە ناوخۆییەکان | **٪٦١** گەڕاوەکان

تەندروستی دووەم زۆرترین پێویستی ڕاگەیەنراوی گەڕاوەکانە، لەو شوێنانەدا کە نزیکەی ٦٠٪ی گەڕاوەکان تییاندا دەژین (لە بەرامبەر نزیکەی ٤٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان)، لە ڕاستیدا، گەڕاوەکان پێدەچێت زیاتر ڕووبەڕووی سەختی ببنەوە لە ڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری گشتی، بە تایبەتی نەخۆشخانەکان (٣٦٪ لە بەرامبەر ١٨٪بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان). هەرچەندە ئەگەر خزمەتگوزاریەکان لە ڕووی کوالیتەوە بەراورد بکرێن، ئەوا ئاوارە ناوخۆییەکان خزمەتگوزاری کوالیتی نزمتریان پێشکەش دەکرێت. بە گشتی، تێچووی بەرز (٦٠٪) و کوالیتی نزم (٢٢٪) زیاتر بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (١٢٪) ڕاگەیەنراون بە بەراورد لە گەڵ گەڕاوەکان (١٣٪). لە پارێزگاکانی قادسیە، میسان، بەسرە، بەغداد و سلێمانی نزیکەی سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە نرخی سەردانی دکتۆر/ دەرمان و چارەسەرکردن " زۆر بەرزە"، لە کەربەلا زیاتر لە ٢١٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە خزمەتگوزاریەکانی شیاندنەوەیان تێیدا نیە (بە پشتگیری دەروونی کۆمەڵایتیشەوە). هەرچی سەبارەت بە گەڕاوەکانیشە، تەندروستی بە "زۆر گرانبەها" لە کەرکووک و سەلاحەددین (نزیکەی ٣٠٪) و "کوالیتی نزم" لە نەینەوا (٢٥٪) دانراوە.

وێنەی ١٧: کێشەکانی تەندروستی ( ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)



## پەروەردە و خوێندن


پێداویستی سەرەکییە بۆ

٪٩
ئاوارە ناوخۆییەکان

٪٢١
گەڕاوەکان


پێدەچێت دەستگەیشتن بە پەروەردەو خوێندنیش بۆ گەڕاوەکان بە کێشە ئەژمار بکرێت: ٢١٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە پێیان وایە پەوەردە و خوێندن یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان ( لە بەرامبەر ٩٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان) کە بەرزترین ڕێژەی دەگاتە ٣٧٪ لە نێوان ئەو خێزانانەی شوێنە ڕەسەنەکانیان لە کەرکووک بەدەستهێناوەتەوە.

نەخشەی ٨: ئەو قەزایانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تێیاندا دەستگەیشتن بە پەروەردە و خوێندن بە کێشە دەزانن




پێدەچێت زۆرترین کێشەی ڕاگەیەنراو بریتی بێت لە نەبوونی قوتابخانە (٤٥٪) و نەبوونی مامۆستای بڕوانامەدار کە بەرزترین ڕێژەی لە بەغداد بووە ( ٦٥٪ بۆ نەبوونی قوتابخانە و ٣٢٪ بۆ نەبوونی مامۆستای بڕوانامەدار). لە گەڵ ئەمەش دا شایەنی ئاماژەپێدانە کە ڕێژەکانی بەشداری کردن لە قوتابخانەکان بۆ گەڕاوەکان بەرزترە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ڕەنگە ئاوارە ناوخۆییەکان بژاردەی چوونە بەرخوێندنیان پێ گرنگ نەبووبێت بە هۆی، کارکردن و گونجاو نەبوونی خۆراک و پەناگەیان تا ئێستا و لە بەر ئەوەی کێشەی گەورەتر لە پەروەردە و خوێندن ( بژاردەکانی وەڵامدانەوە تەنها سێ دانە لە خۆ دەگرێت) لە ئارادان. نزیکەی یەک لە سەر سێی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە ٧٥٪ منداڵان ناچنە بەر خوێندنی سەرەتایی ( لە بەرمابەر ١١٪ بۆ گەڕاوەکان) و نزیکەی نیوەشیان لەو شوێنانەدا دەژین کە کەمتر لە ٧٥٪ی منداڵان ناچنە بەر خوێندنی ناوەندی (لە بەرامبەر ٣٤٪ بۆ گەڕاوەکان). دەستگەیشتن بە پەروەردە و خوێندن بە دیاریکراوی لە نەجەف سەخت و ئاڵۆزە: ٥٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە پەروەردە و خوێندن وەک یەکێک لە پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە و ٧٣٪ لەو شوێنانەدا دەژین کە ئاماژە بە نەبوونی مامۆستای بڕوانامەدار دراوە و ٣٪ لەو شوێنانەی کە تا ئێستا زمان وەک بەربەست بۆ خوێندن زانراوە ( بۆ نمونە هەندێکجار ئەم حاڵەتە لە گەڵ دانیشتوانی تورکمانی شیعە ڕوو دەدات).

وێنەی ١٨: کێشەکانی پەروەردە و خوێندن ( ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)



## خۆراک


پێداویستی سەرەکییە بۆ

٣٢٪ ئاوارە ناوخۆییەکان

٢١٪ گەڕاوەکان

هەرچەندە قەیرانەکە بە فەرمی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ کۆتایی هات، بەڵام ٣٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٢٠٪ ی گەڕاوەکان تا ئێستا لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە خۆراک وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەر لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە بە بەرزترین ڕێژەی ٩٩٪ لە سلێمانی و ٥٣ ٪ لە بەغداد ( بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان) و ٣٣٪ لە ئەنبار (بۆ گەڕاوەکان). بەرزی نرخەکان بە کێشیەکی سەرەکی بۆ هەردوو دانیشتوان (٦٦٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ٤١٪ بۆ گەڕاوەکان) دادەنرێت کە هەردووکیان کاریگەریان هەبووە لە سەر تواناکانیان بۆ دەستگەیشتن بە خۆراک. نزیکەی نیوەی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک لە کەسەکان پێویستیان بە خۆراکە بە بەرزترین ڕێژە لە سەلاحەددین (٥٠٪)، دیالە (٦٤٪) و ئەنبار (٧٧٪) و ٢٪ی گەڕاوەکانیش لەو شوێنانەدا دەژین کە کەسانێکی زۆر هەن پێویستیان بە خۆراکە. لەم ڕووەوە ڕێژەکە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بریتیە لە ٣٠٪ و ١٪.

وێنەی: ١٩: کێشەکانی خۆراک (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)



## ئاوی خواردنەوە


**پێداویستی سەرەکییە بۆ**

**٪٨** ئاوارە ناوخۆییەکان

**٪٢٨** گەڕاوەکان

نزیکەی ٢٥٪ی گەڕاوەکان و لە بەرامبەردا نزیکەی ١٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە ئاو، وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە.


نەخشەی ٩: ڕێژەی سەدی شوێنەکانی ناو قەزاکان کە بە گوێرەی پێویست ئاویان بۆ دابین نەکراوە




ئەم نەخشەیە تەنها بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەیە، ئەو سنوور و ناوانەی کە لە دیاریکردنەکان دا بەکارهێنراون، لە سەر ئەم نەخشەیە بە واتای دانپێنانی فەرمی، یاخود پەسەندکردن لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەت.

زیاتر یەک لە سەر سێی گەڕاوەکان (٣٥٪) لەو شوێنانەدا دەژین کە کەمتر لە ٧٥٪ی خێزانەکان ئاویان هەیە (لە بەرامبەر ٣٤٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان) و نزیکەی نیوەی گەڕاوەکانیش لەو شوێنانەدا دەژین کە سەرچاوەی سەرەکی ئاو کێشەی پەیوەندیدار بە تام و ڕەنگ و بۆنی هەیە (لە بەرامبەر ٢٦٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان). لە دیالە نزیکەی ٧٠٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستە جار ناجار پشت بە ئاوی تانکەر ببەستن و نزیکەی سەرجەم گەڕاوەکانیش لەو شوێنانەی تیایاندا دەژین هەبوونی کێشە لە سەرچاوەی ئاویان ڕاگەیاندووە. نزیکەی ٤٠٪ی گەڕاوەکان لە سەلاحەددین لەو شوێنانەدا دەژین کە ئاو بە شێوەیەکی ناجێگیر/ پچڕ پچڕ بۆیان دابین دەکرێت. هەرچی سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانە، کێشەی پەیوەندیدار بە سەرچاوەی ئاو زیاتر لە ئەنبار، بەغداد، دیالە، موسەننا و نەینەوا ڕاگەیەنراون (ڕێژەکە لە نێوان ٥١٪ و ٧٢٪ دایە)، هاوکات کەمی دەستگەیشتن بە ئاو لە ئەنبار، کەرکووک، موسەننا، قادسیە، سەلاحەددین و واست ڕاگەیەنراوە (ڕێژەکە لە نێوان ٥٠٪ و ٨٨٪ دایە).

وێنەی ٢٠. کێشەکانی ئاوی خواردنەوە (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان)





## زیانی پەناگە و نیشتەجێبوون و کێشەکانی خانووبەرە و زەوی و موڵکداری[٢٠]


خانووبەرە تا ئێستا وەک کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان ماوەتەوە، ٤٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە خانووبەرە وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکانیان ئاماژە پێداوە، بەمەش هیچ گۆڕانکاریەک لەم ڕووەوە بە بەراورد لە گەڵ ئایاری ٢٠١٨ دروست نەبووە. لە ٨٪ی خێزانە ئاوارەکان تا ئێستا لە پەناگەی نەگونجاو دا نیشتەجێن (١٦٪ لە ٢٠١٦ دا)هاوکات ڕێژەی ئەو خێزانانەی لە ناو کەمپەکان دا دەژین بە بەراورد ساڵانە زیاد دەبن ( لە ڕێژەی ١٧٪ەوە لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٣٢٪ لە ٢٠١٩ دا). لە پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و دهۆک، نزیکەی یەک لە سەر دووی خێزانەکان لە کەمپەکان دا نیشتەجێبوون. لە پارێزگاکانی ئەنبار، کەربەلا، قادسیە و سەلاحەددین نزیکەی یەک لە سەر پێنجی خێزانەکان لە پەناگەی نەگونجاو دا دەژین- لە ئەنبار زۆربەیان لە نشینگە نافەڕمیەکان و لە سەلاحەددین لە ناو بینایە بەجێهێڵدراوەکان/تەواو نەکراوەکان دا و لە کەربەلا و قادسیەش لە ناو بینایە ئاینیەکان دا دەژین. لە سەرتاسەری وڵات دا، یەک لە سەر دەی خێزانەکان لە لایەن خێزانەکانی ترەوە لە خۆ گیراون/ خانەخوێ کراون، کە بەرزترین ڕێژەش لە ئەنبار، بەغداد، بەسرە، دیالە، میسان، موسەننا، قادسیە و زیقار تۆمارکراوە ( ڕێژەکان لە نێوان ١٧٪ تا ٣٩٪ دان). لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەمە چارەسەریەک بێت بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ گەورەترین کێشەی پەناگەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە بریتیە لە تێچووی بەرزی خانووبەرە (٦٥٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە ئەمە بە کێشەی سەرەکی ئەژمارکراوە). پێدەچێت یارمەتی کرێی نیشتەجێبوون زۆر پێویست بێت لە ئەنبار، نەجەف، سەلاحەددین و هەولێر (٢٨٪) و هاوکات هەردوو کێشەی دەرکردن و دەستگەیشتنی نایەکسان بە پەناگەکان چیتر لەم شوێنانەدا بە کێشە ئەژمار ناکرێن.

٢٠ بەشی تایبەت بە پانەگە دانیشتوانی کەمپیش لە خۆ دەگرێت و پشتی بەستووە بە زانیاری کۆکراوە لیستی سەرەکی (Master List) ١١٠، بۆ ئاراستەکە، لیستی سەرەکی ئایاری ٢٠١٨، ئایاری ٢٠١٧ و ئایاری ٢٠١٦ ببینە.

وێنەی ٢١: جۆری پەناگە، ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان (٢٠١٩ و ئاراستەکە)





نەخشەی ١٠: ڕێژەی سەدی خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان کە لە ناو پەناگەی نەگونجاو دا دەژین بۆ هەر قەزایەک





ڕێژەی ئەو خێزانانەی توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان لە ئایاری ٢٠١٧ەوە بەرزبووەتەوە (لە ٪٨٩ەوە بۆ ٪٩٨ لە ٢٠١٩ دا). تەنها لە ئەنبار و سەلاحەددین نزیکەی ٪٥ نەیانتوانیوە شوێنی نیشتەجێبوونیان بەدەستبهێننەوە و زۆربەیان لە شوێنی بەکرێگیراو دا دەژین. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە ٪٣ی خێزانەکان گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبونی ڕەسەنیان، هەرچەندە ئەم شوێنی نیشتەجێبوونانە دەشێت لە دۆخێکی باش دا نەبن یاخود زیانیان بەرکەوتبێت.

وێنەی ٢٢: جۆری پەناگە، ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان (٢٠١٩ و ئاراستەکە)





نەخشەی ١١: ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان لە ناو ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە ئاساییانەی کە لە دۆخێکی باش دان بۆ هەر قەزایەک




زیادبوونی ڕێژەی ئەو خێزانانەی توانیویانە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان بە دەستبهێننەوە پەیوەستە بە هەوڵەکانی دووبارە بونیاتنانەوە، لە ئێستادا زیانێکی زۆر و ڕوخانی خانووەکان ( زیاتر سێ لە سەر چواری خانووەکان بە قورسی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاون) تەنها لە نزیکەی ٣٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەری وڵات دا هەڵسەنگێنراوە- کە بەرزترین ڕێژەیان لە خانەقین (٢٠٪)، داقووق (١٤٪)، شنگال (١٣٪)، تلکێف (١٦٪) و بەلەد (١٧٪) تۆمارکراوە. لە گەڵ ئەمەش، هەوڵەکانی بونیاتنانەوە بەردەوامن- تەنها لە ٣٠٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەری وڵات دا هیچ خانوویەک یاخود چەند خانوویەکی کەم بونیاتنراونەتەوە/ نۆژەنکراونەتەوە. ئەو قەزایانەی کە لەم ڕووەوە لە دۆخێکی خراپ دان و دووبارە بونیاتنانەوەیان تێیدا زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچێت بریتین لە ڕوتبە، هیت، ڕاوە و دوبس، عانە، خانەقین، حەویجە، حەمدانیە، حەترا و شنگال.

نەخشەی ١٢: خانووە ڕوخاوەکان و دۆخی بونیاتنانەوە بۆ هەر یەک لە قەزا ڕەسەنەکان




# ئاسایش و سەلامەتی و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی

**ئەم بەشە ئاستی ئاسایش و سەلامەتی و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی لە شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە سەرتاسەری عێراق دا هەڵدەسەنگێنێت. گرنگیەکی تایبەت پێویستە بەو فاکتەرانە بدرێت کە جەخت دەکەنەوە لە دووبارە یەکخستنەوەی یاخود دووبارە هێنانەنانەوەی گەڕاوەکان بۆ ناو کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ڕەوان، لە سەر ئاستی کۆمەڵ و تاک- وەک دەستگەیشتن بە بەرنامەکانی ئاشتەوایی و گەڕاندنەوەی موڵک بە هەمان شێوەش پەیوەندی نێوان گروپە جیاوازەکانی دانیشتوان و متمانەکردن بە ئاسایش. هەموو نیشاندەرەکان لە گەڵ ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە پێوانەکراون.**


## ڕووداوە ئەمنیەکان

تا ئێستا سەلامەتی کەسی یەکێکە لە نیگەرانیە سەرەکیەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا و ڕووددانی تاوانی بچووک لە سەرتاسەری وڵات لە نزیکەی یەک لە سەر چواری شوێنەکان (٪٢٣) هەڵسەنگێنراوە. هەروەها لە نزیکەی ٪١٠ی شوێنەکان بە زۆریش لە هەشت پارێزگای ڕەسەنی ئاوارە ناوخۆییەکان بەڵگەی ڕووداوی ئەمنی تر هەن کە دەکرێت پەیوەست بێت بە شەڕی پارتیزانی سەرهەڵدانەوەی داعش.[٢١] بە دیاریکراوتر چەند هێرشێکی خۆکوژی لە چەند شوێنێک دا ڕاگەیەنراون لە: حەویجە، کەرکووک، موسڵ، شنگال، بەلەد و سامەڕا و ڕفاندن لە: فەللووجە، موسەیەب، ئەعزامیە، ڕوسافە، کەرخ، مەحمودیە، بەعقوبە، کەربەلا، موسڵ، بێجی، بەلەد و سامەرا و هێرشی چەکدار لە ئەعزامیە، ڕەسافە، خالس، موقدادیە، بەعقوبە، حەویجە، کەرکووک، شنگال، شرگات، بێجی، بەلەد، سامەڕاو و تکریت و تووز. بەڵگەی وەرگرتنی کەسانی نوێ یاخود دامەزراندنی خەڵک لە لایەن گروپە میلیشکان و تیرۆرستەکان لە نزیکەی سەرجەم قەزاکانی پارێزگای سەلاحەددین و قەزاکانی موسڵ، شنگال، موقدادیە، بەعقوبە و خانەقین ڕاگەیەنراوە.

مادە تەقەمەنی و مینە چێنراوەکانیش بابەتێکی تری نیگەرانی سەلامەتین و ڕووداوی پەیوەندیدار بەمە لە ٪٢ی شوێنەکان دا ڕاگەیەنراون بە تایبەتی لە فەللووجە، موقدادیە، بەعقوبە، مەخمور، حەویجە، کەرکووک، موسڵ، تەلەعفەر، بەلەد، سامەڕاو و تووز.

٢١ لە کۆتایی شەڕەوە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ەوە، داعش پاشکشەی کردووە بۆ هەندێک شوێنی شاراوە و دەستی بە شەڕی پارتیزانی کردووە لە سەرتاسەری عێراق دا. ئەو ناوچانەی کە پێویستە چاودێری بکرێن بۆ دەرکەوتنی ئاماژەکانی سەرهەڵدانەوە داعش بریتین لە سنوورە نەپارێزراوەکانی ئەنبار لە گەڵ سوریا، گردەکانی ناوچەی نێوان پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، کەرکووک و نەینەوا و بە گشتی لە هەموو ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی حکومەت تییاندا لاوازە وەک ناوچە جێناکۆکەکان و ئەو ناوچانەی کە حکومڕانی هۆزگەرایی هەیە یاخود لە دەست سەرکردەی سەربازی دان. ڕووداوی ئەمنی و وەرگرتنی خەڵکی بۆ ناو گروپە چەکدارەکان ورفاندن وەک بەڵگەیەک بۆ چالاکیەکانی "دوبارە ڕێکخستنەوە" ڕاگەیەنراون. سەیری پوختەکانی ئەمنی یونامی(UNAMI) بکەن.


وێنەی ٢٣: رووداوە ئەمنیەکان (رێژەی سەدی بۆ تێکرای شوێنەکان و بە گوێرەی پارێزگای گەڕانەوە)




## هەستەکانی نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکان و درک کردن بە ئاسایش و ڕەزامەندی ژیانی شارستانی

هاوشان لە گەڵ هەڵسەنگاندنەکانی پێشوو، پەیوەندی نێوان گروپە جیاوازەکانی دانیشتوان (ئاوارە ناوخۆییەکان، گەڕاوەکان و بەجێماوەکان) پێدەچێت ئەرێنی و جێگیر بێت و بە تێکڕایی بوونی ڕووداوی تەنی و هەڕەشە و بە گشتی نەبوونی متمانە تەنها بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ٪٥ لە سەرتاسەری شوێنەکانی عێراق دا ڕاگەیەنراوە.[22] هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان هەست بە دڵخۆشی و پێشوازی کردن دەکەن لەو شوێنانەی کە لە ئێستادا تیایاندا دەژین و تەنها لە چەند شوێنێکی کەم[23] بوونی کێشەی وەک هێرشی تەنی ڕاگەیەنراوە (٪١ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ٪٢ بۆ گەڕاوەکان). باشتربوونی سەلامەتی و ئاسایش لە سەرتاسەری وڵات دا، وەک سێ پێویستی هەرە لە پێش تەنها لە ٪٢ی شوێنەکانی گەڕاوەکان و ٪٠,١ لە شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دا ئاماژەی پێدرا، کە بەرزترین ڕێژەی نزیکەی ٪١٠ بووە لە شوێنەکانی گەڕاوەکان لە دوو پارێزگای کەرکووک و سەلاحەددین. شایەنی ئاماژە پێدانە کە تەنها سێ پێویستی دەستنیشانکراون و پێویستی سەلامەتی/ ئاسایش دەشێت زۆر بە کەمی ڕاگەیەنرا بێت یاخود هەر ڕانەگەیەنراوە، ئەمەش چونکە پێویستیە بنەڕەتیەکانی تر زۆر گرنگتر بوون.

وێنەی ٢٤: هەستەکانی نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستی باشترکردنی ئاسایش (ڕێژەی سەدی ئەو دانیشتوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە)





٢٢ هەرچەندە ئەم دەرەنجامە لە گەڵ هەلسەنگاندنی پێشوو یەکدەگرێتەوە، بەڵام شایەنی ئاماژەپێکردنە کە پێوانەکردنی پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی زۆر سەختە، بۆیە پێدەچێت بە تەواوی ڕانەگەینرا بێت، هۆکارەکانی ئالوزی کێشەکانی پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ شەڕی داعش ناگەڕێتەوە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵتری هەیە و پەیوەستە بە هۆکارەکانی ئەو شەڕەی کە پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەروکی عێراقی گرتووە. سەیری هۆکارەکانی مانەوە، پۆلێنکردنی ئاوارەبوونی ماوەدرێژ لە عێراق و تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، گروپی کارکردنی گەڕاوەکان و پرسیاری کۆمەڵایەتی، تشرینی دووەم ٢٠١ بکە. بە شێوەی ئۆنلاین بەردەستە لە بەستەری:

http://iraqdtm.iom.int/LastDTMRound/IOM%20RWG%20SI%20Categorizing%20Protracted%20Displacement%20in%20Iraq_November%202018.pdf.

٢٣ ئەمانە بۆ گەڕاوەکان، شوێنەکانی ناو قەزاکانی فەللوجە، مەحمودیە، شنگال، تەلەعفەر، تکریت و کەرکووک دەگرێتەوە. بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، ڕوودانی هێرشی تەنی لە شوێنەکانی ناو قەزاکانی فەللوجە، ئەعزامیە، ڕەسافە، سەورە٢، بەعقوبە، شەقلاوە، سۆران، عەین تەمور، کەربەلا و کووت ڕاگەیەنراوە.


سەرەڕای وێنە گشتگیرەکە سەبارەت بە پێکەوژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام پێدەچێت خێزانەکان زۆر نیگەرانی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش بن و نزیکەی ٢١٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٥٥٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە ئاماژە بە کێشەکە دراوە، کە بەرزترین ڕێژە لە ئەنبار، دیالە، نەینەوا و بە تایبەتی سەلاحەددین باسکراوە. نزیکەی یەک لە سەر چواری گەڕاوەکان لە ئەنبار و سەلاحەددین لەو شوێنانەدا دەژین کە ترس لە بوونی تۆڵەکردنەوە ڕاگەیەنراوە. پێدەچێت ترس لە بوونی گرژییەکانی قەومی-ئایینی کەمتر لە میانی هەردوو دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان (٦٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ٩٪ بۆ گەڕاوەکان) باو بێت. هەرچەندە لە نێوان یەک لە سەر سێ و نیوەی خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێ لە سەلاحەددین و زیقار و واست، لەو شوێنانەدا دەژین کە ئاماژە بە کێشەکە دراوە.

وێنەی ٢٥: درک کردن بە ئاسایش ( ڕێژەی سەدی ئەو گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە)



جیاکاری لە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانیش پێدەچێت کێشەیەکی تر بێت ،کار لە ژیان و گوزەرانی ئەو کەسانە دەکات کە تا ئێستا لە ئاوارەیی دا ماونەتەوە و دەشێت کار لە کوالیتی پرۆسەی دووبارە یەکخستنەوەش بکات. بە تێکڕایی ١٤٪ی گەڕاوەکان و ٢٥٪ ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە جیاوازی کردن لە ڕووی دەستەبەر کردنی هەڵی کارەوە ئاماژە پێدراوە، ٨٪ی گەڕاوەکان و ٣٤٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە جیاوازی کردن لە سەر بنەمای بیروباوەڕی سیاسی ئەنجامدراوە. ڕێژەیەکی کەمێک بەرزتری ئاوارە ناوخۆیەکانیش لەو شوێنانەدا دەژین کە جیاوازی کردن لە دەستگەیشتن بە یارمەتی (٩٪ لە بەرامبەر ٧٪ی گەڕاوەکان) و خزمەتگوزاریەکان (٥٪ لە بەرمبەر ٢٪) ڕاگەیەنراوە، بە هەمان شێوەش جیاوازی کردن لە بەشداری کردن لە کاروباری گشتی وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان (١,٠٪ لە بەرامبەر ٠,٣٪) ڕاگەیەنراوە. جیاوازی کردن لە ڕووی بیروباوەڕی سیاسیەوە پێدەچێت یەکێک لە گرنگترین کێشەکان بێت لە میانی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە ئەنبار، بابل، دهۆک، نەجەف و قادسیە (ڕێژەکان دەگۆڕێت لە نێوان ٥٨٪ لە نەجەف و ١٠٠٪ لە دهۆک) و ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە بۆ ئەنبار و سەلاحەددین (نزیکەی ١٥٪ لە هەردوو پارێزگا).

وێنەی ٢٦: کێشەکانی جیاکاری (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە)




## بەڵگەنامەکانی کەسی و کێشە یاساییەکانی تر

کردارەکانی ئاسانکاری کردن بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی وەک بەرنامەکانی تایبەت بە گەڕاندنەوەی خانووبەرەوە، زەوی و موڵکداری، ئۆفیسەکانی پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامە شارستانیەکان و ڕاپۆرت کردنی پێشێلکاریەکانی پەیوەندیدار بە ئاوارەکانەوە فاکتەری تری گرنگن کە کاریگەری لە ویستی ئاوارە ناوخۆییەکان دەکەن بۆ گەڕانەوە و بە هەمان شێوەش دەستگەیشتن بە پرۆسەی دووبارە یەکخستنەوەیان. لە سەرتاسەری وڵات دا، نزیکەی ١٥٪ی هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە چارەسەرکردنی پێشێلکاریەکانی پەیوەندیدار بە ئاوارەکانەوە وەک یەکێک لە پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە- کە بەرزترین ڕێژەیان لە دیالە بە ٣٨٪ (بۆ گەڕاوەکان) و ٣٠٪ لە دیالە (بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان) بووە. پێویستی پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامە کەسیەکانیش لە نزیکەی ١٠٪ی شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان ڕاگەیەنراوە، کە زۆرینەی لە هەولێر و کەربەلا بووە (١٪ی شوێنەکانی گەڕانەوە).

بە تێکڕایی، نزیکەی ٧٠٪ی گەڕاوەکان و ٥١٪ی ئاوارە ناوخۆییەکانیش لەو قەزایانەدا دەژین کە خزمەتگوزاریە یاساییەکانیان تێیدا بەردەست نیە، یەک لە سەر سێی گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان ناتوانن لەو قەزایانەدا بژین کە دادگایان تێدا نیە و ٢٧٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٦٪ی گەڕاوەکان لەو قەزایانەدا دەژین کە ئۆفیسی پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامە شارستانی تێیاندا نیە.

وێنەی ٢٧: کێشە یاساییەکان (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە)




بە بەراورد لە گەڵ ئایاری ٢٠١٨، دۆخی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری پێدەچێت باشتربووبێت: کێشەی خاوەندارێتی تەنها لە نزیکەی ١٪ی شوێنەکان دا ئاماژەی پێدراوە، کە زۆرینەیان لە نەینەوا و سەلاحەددین بووە [34] ڕێژەکە نزیکەی ١٠٪ بووە لە ساڵی ٢٠١٨) لە گەڵ تەنها چەند شوێنێکی تر لە دیالە و ئەنبار. لە زۆربەی شوێنەکان دا، گەڕاوەکان یان هیچ بەڵگەنامیەکیان نەبووە بۆ سەلماندنی خاوەندارێتیان (٦٨٪) یاخود بەڵگەنامەکانیان لە لایەن بەرپرسە هەنووکەییەکان دانیانپێنەنراوە (٦٨٪). حاڵەتەکە لە شنگال، تەلەعفەر، تکریت و تووز بەم شێوەیە بووە. لە شوێنێکی بەلەد ( لە پارێزگای سەلاحەددین)، حکومەت ڕێگری لە خێزانەکان دەکات لە بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی نوێ یاخود نوێ کردنەوەی بەڵگەنامەی خاوەندارێتیان.

لاوازیەکی تری ڕاگەیەنراو کە دەشێت کاریگەری بەسەر پرۆسەی دووبارە یەکخستنەوە بۆ نێو کۆمەڵگاوە هەبێت بریتیە لە نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی.ئەمەیان وەک کێشەیەک کە کاریگەری بەسەر "زۆرترین کەس" ەوە هەبێت لە هیچ کام لە شوێنەکان دا ڕاناگەیەنراوە. هەرچەندە لە نزیکەی ١٥٪ی شوێنەکان (٥٥٨ شوێن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ١٩٧ بۆ گەڕاوەکان) بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە "چەند کەسێک بەڵگەنامەی شارستانیان نیە" و لە نزیکەی ١٠٪ی شوێنەکان، ئەو منداڵانەی لە ماوەی ئاوارەبوون دا لە دایکبوون، بەڵگەنامەی لە دایکبوونیان نیە.[35]

ڕێژەی زیاتری ئەم کێشەیە لە کەربەلا و کەرکووک (لە میانی ئاوارە ناوخۆییەکان) و ئەنبار و سەلاحەددین ( لە میانی هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان) بەدی کران. نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی بە شێوەیەکی سەرەکی کار لە ئازادی هاتووچۆ دەکات ( لە نزیکەی ٣٠٪ ڕاگەیەنراوە). دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان پێدەچێت سەختتر بێت بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (٢٤٪ لە بەرامبەر ١٧٪ی گەڕاوەکان) هاوکات ئەو گەڕاوانەی کە بەڵگەنامەیان نیە لە ژێر مەترسیەکی زیاتری دەستگیرکردن دان (١٧٪ لە بەرامبەر ١٢٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان).

وێنەی ٢٨: لێکەوتەکانی نەبوونی بەڵگەنامەکان (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە کێشەکە ڕاگەیەنراوە)




٢٤ تا ئێستا بەڵگەی شوینی نیشتەجێبوونی داگیراکراو لە هەندێک شوێنی نەینەوا (لە قەزاکانی موسڵ، شنگال و تەلەعفەر) و سەلاحەددین ( لە قەزاکانی شرگات، بەلەد، سامەڕا، تکریت و تووز) بوونی هەیە.

٢٥ بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجی (NRC) " بەربەستەکان لە کاتی لە دایکبوونەوە"، پێشبینی دەکرێت ٤٥,٠٠٠ منداڵ، کە زۆربەیان لە ناوچەکانی کۆنترۆڵکراو لە لایەن گروپەکانی سەر بە داعش لە دایکبوونە، بەڵگەنامەی شارستانی کارپێکراویان نیە لە بەر ئەوەی ون بووە /هەر بەدەستنەهێنراوە یاخود لە لایەن داعشەوە دەرکراوە و لە لایەن حکومەتەوە دانپێنەنراوە. بە بێ بەڵگەنامەی کارپێکراو، ڕێگری لە منداڵان کراوە بچنە بەر خوێندن و ڕێگری لە دەستگەیشتنیان بە چاودێری تەندروستی کراوە.بە گوێرەی ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجی (NRC) بەدەستهێنانی بەڵگەنامە بۆ منداڵانی ئەو خێزانانەی کە تۆمەتبارکراون بە تێوەگلان لە گەڵ داعش "نزیکە لە مەحاڵ". ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجی (NRC) بە تێکڕایی مانگانە ١٧٠ داواکاری لە لایەن خێزانەکانەوە پێدەگات بۆ یارمەتیدانیان پەیوەست بە کەیسەکانی منداڵانی تۆمارنەکراو/ بەڵگەنامە بۆ دەرنەکراو و پێدەچێت ژمارەیان بەرەو زیادبوون بچێت لە گەڵ گەڕانەوەی پێشبینیکراوی زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ عێراقی لە وڵاتی سوریاوە. ڕاپۆرتەکە بە ئونلاین بەردەستە لە بەستەری:

www.unhcr.org/refugeebrief/the-refugee-brief-1-may-2019/

# گۆڕانکاری و پێکهاتەی قەومی ئایینی

**ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی پەیوەندیدار بە پێکهاتەی قەومی-ئایینی گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان و گۆڕانکاری لە زۆرینەی گروپە قەومی و ئایینیەکان.**

شیکاریەکی لقەکی سەبارەت بە گروپە سەرەکیەکان خراوەتەڕوو- عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە، ئێزدی، کورد (شیعە و سونی)، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر (وەک مەسیحی و شەبەک و کاکەیی)- بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی هاوبەش سەبارەت بە پەناگە، نیازەکان، بەربەستەکان و هۆکارەکانی گەڕانەوە. نیشاندەرەکان ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە کێشەکە تییاندا ڕاگەیەنراوە خراونەتەڕوو یاخود لە گەڵ ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانە و گەڕانەوەی لە شوێنەکەدا دەژین پێوانە کراون.

## التركيبة العرقية - الدينية والتغيير

یەکێک لە بەرچاوترین گۆڕانکاریەکان لە ساڵی ٢٠١٤ەوە[٢٦] بریتی بووە لە لەدەستدانی زۆرینەی ناوچە سونی نشینەکان لە سێ پارێزگای بەغداد و بەسرە و دیالە، کە بوونەتە ناوچەی زۆرینە شیعە نشین یاخود ناوچەی تێکەڵی شیعە و سونی نشین، ناوچەکان لە بەغداد و بەسرە بە زۆری عەرەب نشینن و لە دیالەش کورد نشین. بۆ نمونە لە قەزای خانەقین زۆرینەی شوێنە عەرەب نشینەکانی لە ڕێژەی ٨٣٪ کەمی کردووە بۆ ٧٣٪ ( شوێنەکانی کوردی سونە لە ٢٠٪ەوە بۆ ١٧٪ کەمی کردووە) ئەم ئامارە لە دەستپێکی قەیرانەکەوە تا ئێستا ئەژمار کراوە. لە پارێزگای بابلیش بە هەمان شێوە، شارۆچکە تێکەڵەکانی عەرەبی سونی- شیعە نشین وەک جورف سەخر و موسەیەب بە تەواوی تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بوونەتە شارۆچکەی شیعە نشین و هیچ گەڕانەوەیەکیش تاوەکو حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٩ بۆیان تۆمار نەکراوە.[٢٧] بە پێچەوانەوە ژمارەی عەرەبی سونی لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٤ەوە شوێنەکانی زۆرینەی عەرەبی سونە نشین لە ٢٪ بۆ ٢٥٪ زیادی کردووە.

ڕادەی گۆڕانکاری قەومی-ئایینی لە ناو دانیشتوانی ناوچە تێکەڵ نشینەکان، کە تییاندا گروپی جۆراوجۆری دانیشتوان بەر لە قەیرانی ساڵی ٢٠١٤ەوە دەژین، هەڵسەنگاندنیان سەختترە، بە هۆی ئەو ڕاستیەی کە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو تەنها زانیاری سەبارەت بە دوو گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی کۆ دەکاتەوە. لە گەڵ ئەمەش، کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی مەسیحیە ئاشووریەکان لە ناوچە تێکەڵ نشینەکانی پێشووی پارێزگای نەینەوا تۆمارکراوە، بە هەمان شێوەش کەمبوونەوەیەک لە ژمارەی کوردی سونی، ئێزدی، شەبەکی سونی و شیعە لە شوێنە تێکەڵ نشینەکانی ناو قەزاکانی موسڵ و شنگال و تەلەعفەر تۆمارکراوە. هەندێک ناوچەی تێکەڵی تورکمان نشین لە دیالە چیتر بوونیان نەماوە، هاوکات تورکمانەکان (هەردوو سونی و شیعەکان) پێدەچێت ژمارەیان لە ناوچەی کەرکووک زیاد کردبێت.

ڕێژەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی قەومی-ئایینی دەکرێت پەیوەست بێت بە هەردوو ویستی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی لە ئاوارەیی دا لە پاڵ یەکتر کۆ ببنەوە و ترسیان لە گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە گروپی قەومی-ئایینیان لە ئێستادا بووەتە کەمینە، بە تایبەتی ئەگەر گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دانیشتوان لە دەرەنجامی شەڕ و ناکۆکیەکان لە شوینی ڕەسەنیان دا دروست بووبن. ئەم ڕەفتارانە زۆر بە ڕوونی دەکرێت بدۆزرێنەوە، ئەگەر شوێنەکان بۆ هاوچەشنێتی قەومی-ئایینی هەڵسەنگێنرا بن. بە لایەنی کەمەوە سێ لە سەر چواری شوێنەکانی گەڕانەوە دەکەونە ناو جۆری شوێنەکانی "هاوچەشن"، ئەمە واتە ٦٠٪ی دانیشتوان سەر بەیەکێک لە شەش گروپە سەرەکیەکانی قەومی-ئایینین.[٢٨] هەرچی سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانیشە هەمان ئامار بۆ عەرەبی سونی، کورد (شیعە و سونی)، ئێزدی، عەرەبی شیعە، تورکمانی شیعە بەدی کرا هەروەها شوێنی هاوچەشن بۆ  تورکمانی سونی ٢١٪ و کەمینەکانی تر ٣٦٪ نیشان دراوە.

نەخشەکانی جوگرافیایی لە کاتی چاودێری کردنی لایەنگیری قەومی-ئایینی ئاوارە ناوخۆییە هەنووکەییەکان دەردەکەوێت. عەرەبی سونی دەکەونە ناوچەکانی باکوری ناوەڕاست (٦٤٪) و هەرێمی کوردستان (٣٦٪)، عەرەبی شیعە دەکەونە کەربەلا (٣٠٪)، نەجەف (١٧٪)، پارێزگا تێکەڵ نشینەکانی تری سونی و شیعە ( وەک بەغداد و سەلاحەددین) وەک تورکمانی شیعە (٣٨٪ لە کەربەلا و ٣٠٪ لە نەجەف). نزیکەی سەرجەم کوردە سونیەکان دەکەونە هەرێمی کوردستان (٧٦٪)یاخود نەینەوا (٢١٪) و نزیکەی تەواوی تورکمانە سونیەکان دەکەونە نەینەوا (٦٣٪) یاخود سەلاحەددین (٢٠٪). زۆربەی ئێزدیەکان لە دهۆکن (٥٩٪) و ڕێژەکانی تریش دەکەونە نەینەوا (٣٦٪) یاخود ئەوانی تر لە هەرێمی کوردستان (٥٪) و هەمان شتیش بۆ کەمینەکانی تر ڕاستە، وەک مەسیحیەکان و شەبەکی شیعە، لە گەڵ هەندێکیشیان لە واست (٢٣٪) و کەربەلا (٩٪) نیشتەجێبوونەتەوە. نزیکەی ٩٠٪ی شەبەکی سونی لە ئێستادا لە نەینەوا دەژین، هاوشان لە گەڵ ٦٥٪ی کاکەییەکان.

٢٦ دۆزینەوەی داتایەکی متمانەپێکراو سەبارەت بە پێکهاتەی قەومی عێراق کارێکی ئاسان نیە، بەو پێیەی کە ئایین و قەومیەت زۆر جار تێکەڵکێشی یەکتر دەبن و ململانێی ئایینی زۆر جار فۆرمێکی توندوتیژی بە خۆوەوە بینیوە، بۆیە پاراستنی زانیاریەکان بە نهێنی گرنگ بوون بۆ ئاسایش و زیندوومانەوە. زانیاری سەبارەت بە پێکهاتەی قەومی ئایینی لە کۆمەڵە داتای هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تەواکراو و بە زانیاریەکانی پشتبەستوو بە فایلی شێوەی ئەزمونکاری توێژینەوەکانی ناکۆکی (ESOC) و نەخشەکانی قەومی-ئایینی ئامادەکراو لە لایەن مایکل ئیزەدی پشتبەستوو بە خەملاندنەکانی دانیشتوانی گۆڕدراو لە سەر ئاستی قەزا کە لە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن حکومەتەوە دابینکراوە وەرگیراوە. سەیری گروپە قەومی و ئایینیەکان، ڕاپۆرتی دووەم، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ساڵی ٢٠١٦، هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٢ و ٣، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و بەستەری:
http://gulf2000.columbia.edu/images/maps/Iraq_Ethnic_Shift_1947-2017_lg.png


٢٧ بۆ وردەکاری و زانیاری زیاتر تکایە بگەڕێنەوە سەر ڕاپۆرتی ژمارە ١ی گروپەکانی کارکردنی گەڕانەوە (RWG) بە ناونیشانی " ئەو ناوچانەی هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ ئەنجام نەدراوە : بابل، تیشک لە سەر جورف سەخەر" .

٢٨ عەرەبی سونی، تورکمان، کورد، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر (وەک مەسیحی و شەبەک و کاکەیی).

## گروپە قەومی و ئایینیەکان و کێشە سەرەکیەکان[٢٩]

شیکاری لقەکی ئەنجامدراو سەبارەت بە گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی ئەوە نیشان دەدات کە عەرەبی سونی بە درێژایی تەواوی ماوەی قەیرانەکە ئاوارەبوون و زۆربەشیان لە نێوان حوزەیرانی ٢٠١٤ و حوزەیرانی ٢٠١٦ بووە. نزیکەی سەرجەم کەمینەکان لە ماوەی هاوینی ساڵی ٢٠١٤ دا هەڵهاتن، تورکمانی شیعە لە نێوان حوزەیران و تەمووز، مەسیحی و کاکەیی و شەبەک (شیعە و سونی) لە نێوان حوزەیران و ئاب و هاوکات ئێزدیەکانیش لە ئاب. جوڵەکانی کەمینەی کوردی دەشێت پەیوەندی بە شەپۆڵەکانی ئاوارەبوونی هاوینی ٢٠١٤ یاخود بەو جوڵانەی لە ناوچە کێشە سەرەکان، دوای کشانەوەی پێشمەرگە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧دا هەبێت.


وێنەی ٢٩: ماوەی ئاوارەبوون بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی- ئایینی




٢٩ شیکاریەکە لە سەر دانیشتوانی ئاوارە و گەڕاوە بۆ ئەم گروپە قەومی و ئایینیانەی خوارەوە ئەنجام دراوە: عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە، تورکمانی سونی، ئێزدی، عەرەبی شیعە، کورد (سونی و شیعە) و کەمینەکانی تر (مەسیحی و کاکەیی و شەبەک). تەنها شوێنە سەرەکیەکان، ئەمە واتە ئەو شوێنانەی کە بە لایەنی کەمەوە ٦٠٪ی دانیشتوان سەر بە گروپێکی قەومی-ئایینی دەستنیشانکراوە بۆ شیکاریەکە. هاوچەشنێتیەکی بەهێز بۆ گەڕاوەکان بەدیکراوە، بەو پێیەی کە لە نێوان سێ لە سەر چوار و نزیکەی تەواوی شوێنەکان میوانداری لە گروپێکی سەرەکی قەومی-ئایینی دەکەن. سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانیش هەمان ئاست بەکاردەبرێت بۆ عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە، کورد، ئێزدی و عەرەبی شیعە. شوێنە سەرەکیەکانی تر بۆ "کەمینەکانی تر" نزیکەی یەک لە سەر سێن، بۆیە دەرەنجامەکان پێویستە بە وریایەوە مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت، هاوکات تورکمانی سونی لە شیکاریەکە دەرکراون بەو پێیەی کە تەنها چوار شوێنی سەرەکی خانەخوێ/ میوانداری کردن بەدی کراون.

لە میانی ئەو خێزانانەی تا ئێستا لە ئاوارەیی دا دەژین، پێدەچێت عەرەبی سونی زیاتر لە هەمووان سوور بن بۆ گەڕانەوە بۆ  سەر ماڵەکانیان لە ماوەیەکی کورت دا ( نیازی سەرەکیان گەڕانەوەیە لە ماوەی کورت دا لە نزیکەی ٣٠٪ی شوێنەکان دا). هاوکات لە ماوە درێژ دا، نیازی بەدەستهێنانەوەی شوێنی ڕەسەنیان کەم تا زۆر هاوتای گروپەکانی تری قەومی-ئایینیە ( ٦٠٪ و ٧٣٪ی شوێنەکان)، تەنها هەڵاوێرن لە لایەن عەرەبی شیعەوە نیشان دراوە: لە ٤٢٪ی شوێنە سەرەکیەکان دا، پێدەچێت ئەوان لە گەڵ کۆمەڵگەی خۆجێی و بە شێوەیەکی خۆ ویستانە یەکبخرێن/ نیشتەجێ بن و لە ١٩٪ی شوێنەکانیش ناچارکراون لە گەڵ کۆمەڵگەی خۆجێی خۆیان یەکبخەن. ڕێژەی یەکخستنی خۆ ویستانە لە میانی تورکمانی شیعە (٢٨٪) و کوردەکان (٣٢٪) لە تێکڕای ڕێژەکە زیاترە. هاوکات لە نزیکەی ٢٠٪ی شوێنەکانی عەرەبی سونی، نیشتەجێبوونەوەی ناچاری ڕەنگە تەنها بژاردەیان بێت. ئێزدی و کەمینەکانی تر تەنها گروپن کە دەشێت تا ئێستاش بیانەوێت وڵات بەجێبهێڵن ( نزیکەی ٢٪ی شوێنەکان).


وێنەی ٣٠: نیازە ماوە درێژەکان بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی



زیان پێگەیشتن و ڕوخانی خانوو، نەبوونی هەڵی کار و خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان وەک باوترین ئاستەنگی گەڕانەوە بۆ عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر ڕاگەیەنراون، ئامارەکان لە نێوان ٢٩٪ و ٨٥٪ دەگۆڕێن. ئەم سێ کێشانە لە میانی کوردەکان و ئێزدیەکانیش هاوشانی نەبوونی ئاسایش/ سەلامەتی (٦٦٪ و ٧٧٪ یەک بە دوای یەک) بەدی دەکرێت و هەمان حاڵەتیش بۆ کەمینەکانی تر ڕاستە (٥٥٪). نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دەستپێکردنەوە لە نزیکەی یەک لە سەر چواری شوێنە سەرەکیەکانی عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە و عەرەبی شیعە و هەبوونی ترس

لە دەرەنجامی گۆڕانکاری قەومی-ئایینی بە ڕێژەی ١٥٪-٢٠٪ لە شوێنە ڕەسەنە سەرەکیەکانی کورد، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر ئاماژەی پێدراوە. شایەنی ئاماژەپێدانە کە عەرەبی شیعە زیاتر لە هەموو گروپەکانی تر ئاماژەی کردووە بە ترسی لە دەستدانی یارمەتی مرۆیی (١٦٪) و هاوکات کێشەی ڕێگری کردن لە گەڕانەوە لە تەنها نزیکەی ١٠٪ی شوێنە سەرەکیەکانی عەرەبی سونی و ١٪ی شوێنە سەرەکیەکانی ئێزدیەکان ڕاگەیەنراوە.


وێنەی ٣١: ئاستەنگەکانی گەڕانەوە بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی شوێنەکان)



سەرەڕای سەلامەتی هەستپێکراو لە شوێنی هەنووکەیی دا و خانووی زیان بەرکەوتوو/ ڕوخاو و نەبوونی هەلی کار لە شوێنی بنەڕەتی دا، لە زۆرێک لە حاڵەتەکان دا، هۆکارەکانی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون لە گەڵ ئاستەنگەکانی ڕاگەیەنراو لە لایەن هەر کام لە گروپە قەومی-ئایینیەکانی پەیوەندیدار یەک دەگرنەوە. عەرەبی سونی، ئەوانەی دەیانەوێت دووبارە نیشتەجێ ببنەوە، دووبارە ئاماژەیان بە ڕێگری کردن لە گەڕانەوە کرد (٢٢٪ ی شوێنە سەرەکیەکان)، هاوکات تورکمانی شیعە و کەمینەکانی تر ئاماژەیان بە نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دووبارە دەستپێکردنەوە کرد (نزیکەی ٥٠٪).


فاکتەری سەرەکی بۆ عەرەبی شیعە پێدەچێت بریتی بێت لە بوونی ئەندامانی تری خێزان/ خزم و کەسوکار و هاوڕێیان لە شوێنی ڕەسەن دا (٥١٪) لە کاتێک دا کە ئێزدیەکان پێدەچێت زیاتر بیانەوێت لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بکرێنەوە کە هەمان پێکهاتەی ئایینی، زمانی یاخود قەومی (٣٨٪) تێیاندا هەبێت. لە ٥٪ ی ئەو شوێنە سەرەکیانەی کەمینەکانی تر لە ئێستادا تییاندا دەژین، هۆکاری سەرەکی نیشتەجێبوونەوە خۆی لەو ڕاستیەدا دەبینێتەوە کە زۆربەی خێزان/ خزم و کەسوکار/ هاوڕێیان بە هۆی قەیرانەکەوە شوێنی ڕەسەنیان جێهێشتووە.

وێنەی ٣٢: هۆکارەکانی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی شوێنەکان)




هەروەها گروپە قەومی-ئایینیەکانیش ئاماژەیان بە چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراو سەبارەت بەو پەناگەیەی کە لە ئێستادا تێیان دا نیشتەجێن داوە. زۆربەی خێزانەکان لە میانی هەموو گروپەکان دا، بەدەر لە ئێزدیەکان پێدەچێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو دا بژین. عەرەبی شیعە ئەو گروپەن کە پێدەچێت زیاتر لە هەمووان پەنا درا بن/ خانەخوێ کرا بن ( ٢٤٪، کە ئەم ڕێژەیە لە گەڵ ئەگەری ڕاگەیاندنی بوونی ئەندامانی تری خێزان لە شوێنی ئاوارەبوونیان دا یەک دەگرێتەوە)، تورکمانی شیعە پێدەچیت زیاتر لە هەمووان خاوەنی مۆڵکی خۆیان بن (١٠٪) و ئێزدیەکانیش پێدەچێت زیاتر لە هەمووان لە پەناگای نەگونجاو دا بژین (٤٣٪) یاخود پەنا درابن/ خانەخوێ کرا بن (٤٠٪). هەروەها نزیکەی ١٥٪ تورکمانەکانیش لە پەناگەی نەگونجاو دا نیشتەجێبوونە کە بە زۆری پەناگەکانی بریتین لە بینایەی ئایینی و نیشتەجێبوونیان لە نەجەف و کەربەلاش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

وێنەی ٣٣: پەناگە بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان)





هەرچی سەبارەت بە گەڕاوەکانە، گەڕاوەکانی ئەم دواییە بە زۆری تورکمانن (٦٤٪ سونی و ٤٨٪ی شیعەکان شوێنی ڕەسەنیان بەدەستهێناوەتەوە لە ٢٠١٨-٢٠١٩ دا). بە پێچەوانەوە، هەموو گەڕانەوەکانی عەرەبی شیعە و نزیکەی سەرجەم ئێزدیەکان لە دەستپێکی هەردوو ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ڕوویداون. ٢٠١٧ ساڵی سەرەکی گەڕانەوەکانی سەرجەم گروپەکانی تر ئەژمار دەکرێت بە دیاریکراوی بۆ کەمینەکانی وەک مەسیحی و کاکەیی و شەبەک (٩٦٪).

وێنەی ٣٤: ساڵی گەڕانەوە بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی



نزیکەی هەموو خێزانە گەڕاوەکان، بێ لە بەرچاوگرتنی لایەنگیری قەومی-ئایینی گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییان (ئامارەکان لە نێوان ٩٣٪ بۆ ١٠٠٪ دەگۆڕێن). شایەنی ئاماژەپێدانە کە عەرەبی سونی، ئێزدی و تورکمانی سونی بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەو پەناگەیانەدا دەژین کە لە دۆخێکی خراپ دان ( ٣٪-٥). لە ڕاستیدا، بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە شوێنی ڕەسەن هاوشان لە گەڵ هەبوونی سەلامەتی لە شوێنەکەدا، بریتین لە هۆکاری سەرەکی گەڕانەوە بۆ سەرجەم گروپە قەومی-ئایینیەکان. لە بەر هەندێک هۆکاری تایبەت و ویستی سۆزداری بۆ گەڕانەوە هاوشان لە گەڵ شکستهێنانی هەوڵی یەکخستن یاخود نیشتەجێبوون لە شوێنی ئاوارەبوون دا وەک هۆکارە سەرەکی گەڕانەوە لە ناو شوێنەکانی ئێزدیەکان (٩٣٪ و ٥٦٪ی شوێنەکان) دەستنیشان کران. پێدەچێت عەرەبی شیعە زیاتر بە هۆی هەردوو هاندان لە لایەن سەرکردەکانی ئایینی/ کۆمەڵگا (٣٠٪) و یارمەتی پێشکەشکراوی لایەنە مرۆییەکان (٢٢٪)سوودمەندبووبێت، هاوکات زۆرێک لە گەڕانەوەکانی تورکمانی سونی بە هۆی خراپتربوونی بارودۆخیان لە شوێنی ئاوارەبوونیان (٥٢٪) و نەبوونی توانای دارایی (٢٠٪) هاندراون. هەروەها نەبوونی توانای دارایی وەک هۆکارێکی سەرەکی گەڕانەوە، لە لایەن زۆربەی عەرەبە سونیەکان و کەمینەکانی تریشەوە ئاماژەی پێدرا ( زیکەی ٢٥٪ بۆ هەردووکیان).

وێنەی ٣٥: هۆکاری گەڕانەوە بە گوێرەی گروپی سەرەکی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی شوێنەکان)



# کۆتایی

دوو ساڵ دوای کەوتنی داعش لە ڕووی سەربازیەوە، نزیکەی چوار ملیۆن و نیو لەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ەوە ئاوارەبوونە، گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنیان. پەنابەرانی دەرەوەی وڵاتیش لە وڵاتە دراوسێیەکانی وەک سوریا و تورکیا، بە هەمان شێوەش لە وڵاتە دوور دەستەکانی وەک بەلجیکا، ئەڵمانیا و هوڵەندا دەستیان بە گەڕانەوە کرد. ماوەی نێوان هەردوو هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣ (ئایاری ٢٠١٨) و هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤ (ئایاری ٢٠١٩)، ڕەوتی گەڕانەوە، کە وەک ڕێژەی سەدی گۆڕانکاری لە ژمارەی گەڕاوەکان دەستنیشانکراوە، بە شێوەیەکی بەرچاو هێواش بووە و ١,٦١ ملیۆن کەسی لە ناو ئاوارەبوون دا جێهێشتوە.[٣٠]

نزیکەی سێ لە سەر چواری ئاوارە ناوخۆییەکانی بەجێماو، دەیانەوێت لە ماوە درێژ دا بگەڕێنەوە و نیازەکانیان بە زۆری لە گەڵ دەرەنجامەکانی ئایاری ٢٠١٨،[٣١] یەک دەگرێتەوە. هەرچەندە پێدەچێت ئاوارەی ناوخۆیی زیاتر گەڕانەوەیان دوا بخەن- نیازەکانی مانەوە لە ماوە کورت دا لە ٦٨٪ەوە بۆ ٧٥٪ بەرز بووتەوە- یاخود بڕاردەی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان لە بەرچاو دەگرن- ڕێژەی ئەوانەشی کە دەیانەوێت بە شێوەی خۆجێی یەکبخرێن/ نیشتەجێ بین کەمێک زیادی کردووە لە ٢٢٪ بۆ ٢٥٪.

تا ئێستاش سێ ئاستەنگ هەن بە دیاری کراوی بۆ خێزانە ئاوارەکان گرنگن کە بریتین لە: دەرفەتەکانی کار/ گوزەران (٧٣٪) و خزمەتگوزاریەکان (٦٨٪) شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گەڕانەوە بووی (٦٢٪). تەنانەت ئەگەر نیگەرانیەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش/ سەلامەتی بە تێپەڕبوونی کات کەمبووبنەوە (لە ڕێژەی ٨١٪ەوە لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٣٦٪ لە ساڵی ٢٠١٩)، بەڵام نەبوونی ئاسایش وەک بەربەستێکی گرنگی گەڕانەوە بە تایبەتی لە ناوچە ناجێگیرەکان دەمێنێتەوە. لە ٩٪ی ئەو شوێنانەی نیازی سەرەکی بریتیە لە گەڕانەوە، ئاوارە ناوخۆییەکان ترسیان لە گۆڕینی پێکهاتەی قەومی-ئایینی لە شوێنی ڕەسەن دا هەیە و لە ٥٪ی شوێنەکان دا، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان ڕێگری لە گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان کراوە بە هۆی نەبوونی بەڵگەنامە کەسیەکان یاخود جیاکاری.

ئەو قەزایانەی کە لە دۆخێکی خراپدان لە ڕووی گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان هیچ گەڕانەوەیەک یاخود تەنها چەند گەڕانەوەیەکی بۆ ئەنجام دراوە،[٣٢] کە قەزاکانی موسەیەب و حیلە لە قەزای بابل، ئەعزامیە، ڕەسافە، کەرخ و مەدائین لە پارێزگای بەغداد، بەلەدروز و بەعقوبە لە پارێزگای دیالە، بەعاج و حەترا و شنگال لە پارێزگای نەینەوا و زیقاڕ و تووز لە پارێزگای سەلاحەددین دەگرێتەوە. بە گوێرەی دوایین خولی نیشانەی گەڕانەوە، ئاشتەوایی نیشاندەرێکە کە زۆرترین جار پەیوەست کراوە بە نەبوونی گەڕانەوە لە سەر پێوانەی، پیوانی پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی و پێزانینەکانی سەلامەتی (پێوانەی٢).[٣٣] زۆرینەی ئەو قەزایانەی کە تییاندا پێویستی ئاشتەوابیان ڕاگەیەنراوە بریتین لە چوار پارێزگای ئاماژەپێدراو سەرەوەی بەغداد، دیالە، نەینەواو و سەلاحەددین. ئەم دەرەنجامانە بەهێزتر دەرکەوتن کاتێک شوێنەکان بۆ هاوچەشنێتی قەومی-ئایینی شیکاریان بۆ کرا. بەلایەنی کەمەوە سێ لە سەر چواری شوێنەکان دەکرێت وەک "هاوچەشن" بە نیشان بکرێن- ئەمە واتە ٦٠٪ی دانیشتوان سەر بە یەکێک لە شەش گروپە سەرەکیەکانی قەومی-ئایینی عەرەبی سونی، تورکمانی شیعە، ئێزدی، کورد، عەرەبی شیعە و کەمینەکانی تر (مەسیحی و شەبەک و کاکەییەکان)- ئەوە نیشان دەدات کە گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ئەو شوێنانەی پێشتر گروپی جۆراوجۆری قەومی-ئایینی تێیان دا دەژیان ئێستا ئالوزتر بووە.

لە لایەکی تر داتاکان ئەوە نیشان دەدەن کە بە گشتی بارودۆخەکە لە عێراق بەرەو باشتربوون دەڕوات. زۆربەی نیشاندەرەکان لەوەتەی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣یەوە بەرزبوونەتەوە- بە تایبەتی نیشاندەرەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاریەکان و ژێرخان. لە سەر ئاستی وڵات، لە ٨٧٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان و ٧٩٪ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان یاخود خزمەتگوزاری گشتی تییاندا بەردەستکراون و نزیکەی نیوەشیان دەستیان بە هەموو خزمەتگوزاریەکان یاخود نزیکەی تەواوی خزمەتگوزاریەکان ڕا دەگات.[٣٤] دەستگەیشتنی نەگونجاو، ئەو شوێنەیە کە تەنها ٥٪ یاخود کەمتر لە خزمەتگوزاریەکان یان خزمەتگوزریە گشتیەکان تێیدا بەردەست کراون و ئەمەش لە کەمتر لە ٥٪ ی شوێنەکان بەدی کران. ئەو قەزایانەی کە لەم ڕووەوە نەگونجاون بریتین لە کەرخ، هەولێر، حندانیە، نەجەف، تکریت و تووز (بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان)، مەخمور، حەویجە، سامەڕا، شرگات، تەلەعفەر، تلکێف و موسڵ ( بۆ گەڕاوەکان) و فەلووجە ، ئەبوغرێب، مەحمودیە و شنگال (بۆ هەردووکیان).

بەرەوپێشچوونی خزمەتگوزاریەکان و ژێرخان، لە هەڵسەنگاندنی پێویستیە سەرەکیەکان دا ڕەنگی داوەتەوە- ئەم پێویستیانە بە شێوەیەکی گشتی کەمتر ڕاگەیەنراون بە بەراورد لە گەڵ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣ (ILA III). لە گەڵ ئەوەی کە پێویستی دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی کار/ گوزەران کەمتر بووتەوە ( ٧٠٪ لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٤، ٩٣٪ لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣) بەڵام تا ئێستاش بە یەکێک لە نیگەرانیە سەرەکیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دادەنرێت، چونکە ئاوارە ناوخۆییەکان پێدەچێت زۆربەیان لە کەرتە نافەرمیەکان دا کار بکەن و بە بەراورد لە گەڵ گەڕاوەکان بەربەستی دەرفەتی کارکردنی زیاتریان هەیە (٢٥٪ بەرامبەر ١٤٪) بە هەمان شێوەش لە ڕووی

٣٠ ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان تاکو تشرینی دووەمی ٢٠١٩، دەگاتە ١,٤٤٤,٥٠٠ کەس. لیستی سەرەکی (Master List) ١١٢ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارە ناوخۆییەکانی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. لە نێوان هەڵسەنگاندنی شوینی یەکخراوی ٢ (ئایاری ٢٠١٧) و هەڵسەنگاندنی شوینی یەکخراوی ٣ (ئایاری ٢٠١٨) گەیشتە لووتکە بە ڕێژەی ١٣٣٪، هاوکات لە نێوان هەڵسەنگاندنی شوینی یەکخراوی ٣ و هەڵسەنگاندنی شوینی یەکخراوی ٤ (حوزەیرانی ٢٠١٩) بە زەحمەت گەیشتە ڕێژەی ١٠٪. لە هەر سێ پارێزگای ئەنبار و دیالە و هەولێر ڕێژەی گەڕانەوەکان تەنها گەیشتە ٥٪ یاخود کەمتر.

٣١ لە ١,٦٥٩ شوێن کە ٧٤٪ی ئاوارە ناوخۆییە هەنووکەییەکان لە خۆ دەگرن، زۆربەی کەسەکان دەیانەوێت لە ماوە درێژ دا بگەڕێنەوە ( دوای شەش مانگ یاخود زیاتر، ڕێژەکە لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٣ (ئایاری ٢٠١٨)ش هەر ٧٤٪ بوو.

٣٢ دەرەنجامەکان بە گوێرەی ڕێژەی گەڕانەوە هەڵسەنگێنراون- ڕێژەی ئەو گەڕاوانەی کە لە بنەڕەت دا خەڵکی پارێزگایەکن یاخود قەزایەکن لە گەڵ تێکڕای ژمارەی گەڕاوەکان و ئاوارە ناوخۆییەکانی هەمان پارێزگا یاخود قەزا. "کەم" لێرەدا واتە کەمتر لە ٥٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان شوێنی ڕەسەنیان بەدەستهێناوەتەوە.

٣٣ سەیری ڕۆڵی گەشەپێدانی جوڵەکانی گەڕانەوە بکە: وێنەکان لە نیشانەی گەڕانەوە وەرگیراون، تشرینی دووەمی ٢٠١٩، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق.

٣٤ بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان، نیشانە تێکەڵ درووستکراوە، بە لە بەرچاو گرتنی دەستگەیشتن بە ١١ خزمەتگوزاری بنەڕەتی: کارەبا، ئاو، قوتابخانە، تیمارگە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان، کۆکردنەوەی پاشەڕۆ و ئاودەست، بازاڕ، ئۆفیس بۆ شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی شارستانی و خزمەتگوزاریە یاساییەکان بۆ کێشەکانی خانووبەرە و زەوی و مۆڵکداری. بۆ وردەکاری زیاتر بگەڕێوە بۆ بەشی "ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان و زەوی" ی ئەم ڕاپۆرتە.

پشت بەستن بە پاشەکەوت (١٢٪ بەرامبەر ٢٪)پێگەیشتنی یارمەتی و پشتگیری دارایی لە لایەن خێزان/ هاوڕێیانەوە (١٧٪ بەرامبەر ٢٪). نزیکەی ٣٠٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان ( و نزیکەی ٢٠٪ی گەڕاوەکان) لەو شوێنانەدا دەژین کە دەستگەیشتن بە خۆراک وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە ڕێژەکە ٥١٪ ( و ٤٠٪ بووە یەک بە دوای یەک) لە ئایاری ٢٠١٨. هەرچی سەبارەت بە نیشتەجێبوونە، ٤٢٪ی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە وەک یەکێک لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان ئاماژەی پێدراوە. شایەنی ئاماژەپێدانە کە ڕێژەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە پەناگە نەگونجاوەکان دا نیشتەجێن بەردەوامە لە دابەزین (لە ١٦٪ لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بۆ ٨٪ لە ساڵی ٢٠١٩)، بە بەراورد لە گەڵ ئەوانەی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن ( لە ١٢٪ لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بۆ ٣٢٪ لە ساڵی ٢٠١٩). لە هەمان کات ڕێژەی ئەو گەڕاوانەی شوێنی ئاسایی نیشتەجێبوونیان دەستهێناوەتەوە بەرزبووتەوە لە ٨٩٪ەوە لە ٢٠١٧ بۆ ٩٨٪ لە ٢٠١٩. زیادبوونی ڕێژەی ئەو خێزانانەی توانیویانە شوێنی نیشتەجێبونی ئاساییان بەدەستبهێننەوە بەستراوەتەوە بە هەوڵەکانی بونیاتنانەوە. زیانبەرکەوتنێکی قورس و ڕوخانی خانووەکان ( زیاتر سێ لە سەر چواری خانووەکان بە قورسی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاوە) لە تەنها نزیکەی ٣٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەی وڵات دا هەڵسەنگێنراوە- کە بەرزترینیان دەکەوێتە خانەقین (٢٠٪)، داقووق (١٤٪)، شنگال (١٣٪)، تلکێف (١٦٪) و بەلەد (٢٧٪). هەوڵەکانی بونیاتنانەوە لە ئێستادا بەردەوامن و تەنها لە ٣٠٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەری وڵات دا هیچ خانوویەک یاخود چەند خانوویەکی کەم بونیاتنراونەتەوە/ نۆژەنکراونەتەوە. دواجار کاتێک سەیری پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی دەکرێت، پەیوەندی نێوان گروپە جیوازەکانی دانیشتوان، پێدەچێت ئەرێنی و سەقامگیر بێت- بە گشتی هەبوونی ڕووداوە تەنیەکان، هەڕەشە و متمانە نەبوون تەنها چەند جارێک لە کەمتر لە ٥٪ی شوێنەکان لە سەرتاسەری عێراق ڕاگەیەنراوە.[٣٥]

٣٥ هەرچەندە ئەم دەرەنجامەلە گەڵ ڕووپێوەکانی پێشوو یەکناگرێتەوە، شایەنی ئاماژەپێدانە کە پێوانەکردنی پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی کارێکی سەختە و ئەگەری ڕاپۆرت نەکردنی زۆرە. سەیری بەشی تایبەت بە هەستەکانی نێوان گروپەکان، درک پێکردنی ئاسایش و ڕەزامەندی ژیانی شارستانی بکە.

# پاشکۆ

خشتەی ١: ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگا و نیشاندەرە سەرەکییەکان

| پارێزگا | شوێنەکان لە گەڵ | | | | | ئاوارە ناوخۆییەکان | | | | گەڕاوەکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاوارە ناوخۆییەکان | گەڕاوەکان | گەڕاوەکانی دەرەوەی وڵات | ئاوارە ناوخۆییەکان + گەڕاوەکان | تێکڕا | کەسەکان | ٪ی گۆڕانکاری لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ەوە | ٪ی تێکڕا | ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەمپەکان دا | کەسەکان | ٪ی گۆڕانکاری لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ەوە | ٪ی تێکڕا | ڕێژەی گەڕانەوە |
| ئەنبار | ٦٩ | ٢٤٢ | ١ | ٤٤ | ٢٦٧ | ٤٩,٠٨٦ | ٪٤٠- | ٪٣ | ٪٥٧ | ١,٣٠٥,٤٥٦ | ٪٣ | ٪٣٠ | ٪٨٩ |
| بابل | ٧٦ | ٠ | ١ | ٠ | ٧٦ | ١٧,٤٥٤ | ٪٣٢- | ٪١ | ٪٠ | | | | |
| بەغداد | ٤٠١ | ١١٠ | ٦٠ | ٩ | ٥٠٢ | ٥٨,٧١٠ | ٪٤٦- | ٪٤ | ٪٦ | ٨٨,١٧٠ | ٪١٤ | ٪٢ | ٪٦٩ |
| بەسرە | ٩١ | ٠ | ٤٥ | ٠ | ٩١ | ٧,١٦٤ | ٪١١- | ٪٠ | ٪٠ | | | | |
| دهۆک | ١٥١ | ١ | ٣٩ | ١ | ١٥١ | ٣٢٦,١٠٦ | ٪٧- | ٪٢٠ | ٪٤٧ | ٧٨٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ |
| دیالە | ١٧٦ | ٢١١ | | ١٥ | ٣٧٢ | ٥٥,٧٢٢ | ٪١٤- | ٪٣ | ٪١٣ | ٢٢٥,٤٧٤ | ٪٢ | ٪٥ | ٪٧٣ |
| هەولێر | ١١٣ | ٢٠ | | ٠ | ١٣٣ | ٢٠٩,٧٨٤ | ٪٦- | ٪١٣ | ٪٩ | ٤١,٠٧٠ | ٪٥ | ٪١ | ٪٦٨ |
| کەربەلا | ١١٩ | ٠ | ١١ | ٠ | ١١٩ | ٢١,٧٤٤ | ٪٢٠- | ٪١ | ٪٦ | | | | |
| کەرکووک | ٧١ | ١٩٨ | | ٤١ | ٢٢٨ | ١٠١,٥٥٦ | ٪٢٤- | ٪٦ | ٪١٢ | ٣٣٠,٨٨٢ | ٪١٣ | ٪٨ | ٪٧٦ |
| میسان | ٢٢ | ٠ | ٤ | ٠ | ٢٢ | ٢,٣٨٨ | ٪٢١- | ٪٠ | ٪٤ | | | | |
| موسەننا | ١٤ | ٠ | ١ | ٠ | ١٤ | ١,٠٩٨ | ٪٢٠- | ٪٠ | ٪٠ | | | | |
| نەجەف | ٥٥ | ٠ | | ٠ | ٥٥ | ١٢,٢٨٢ | ٪٦٠- | ٪١ | ٪٨ | | | | |
| نەینەوا | ٢٥٠ | ٦٤٨ | ٣٢ | ١٧٥ | ٧٢٣ | ٤٧٨,٦٣٨ | ٪٢٣- | ٪٣٠ | ٪٥٥ | ١,٦٧٧,٩١٢ | ٪١٥ | ٪٣٩ | ٪٦٤ |
| قادسیە | ٩٣ | ٠ | ٩ | ٠ | ٩٣ | ٥,٥٩٢ | ٪٥٧- | ٪٠ | ٪٠ | | | | |
| سەلاحەددین | ١٥٢ | ١٩٤ | ١ | ٨٨ | ٢٥٨ | ١٠٥,٣٩٠ | ٪٤٣- | ٪٧ | ٪٦ | ٦٣٥,٣٩٤ | ٪١٧ | ٪١٥ | ٪٧٥ |
| سلێمانی | ٤٠٦ | ٠ | ٥٦ | ٠ | ٤٠٦ | ١٤٢,٤٢٢ | ٪٨- | ٪٩ | ٪١٢ | | | | |
| زیقار | ٤١ | ٠ | ٤١ | ٠ | ٤١ | ٣٤٧٤ | ٪١٥- | ٪٠ | ٪٠ | | | | |
| واست | ٩٤ | ٠ | | ٠ | ٩٤ | ٨,٥٣٨ | ٪٣٥- | ٪١ | ٪٠ | | | | |
| کۆی گشتی | ٢,٣٩٤ | ١,٦٢٤ | ٣٠١ | ٣٧٣ | ٣,٦٤٥ | ١,٦٠٧,١٤٨ | ٪٢١- | ٪١٠٠ | ٪٣٢ | ٤,٣٠٥,١٣٨ | ٪١٠ | ٪١٠٠ | ٪٧٣ |

خشتەی ٢: نیازەکان لە ماوە کورت و ماوە درێژ دا (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان)

| پارێزگا | نیازەکان لە ماوە کورت دا | | | نیازەکان لە ماوە درێژ دا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گەڕانەوە | مانەوە | چوون بۆ شوێنێکی تر/ بڕیاری نەداوە | گەڕانەوە | یەکخستنی خۆجیی | چوون بۆ شوێنێکی تر/ بڕیاری نەداوە |
| ئەنبار | ٪٤٣ | ٪٥٧ | ٪٠ | ٪٩١ | ٪٤ | ٪٠ |
| بابل | ٪٢ | ٪٩٨ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٩٧ | ٪٠ |
| بەغداد | ٪٣٦ | ٪٦٤ | ٪٠ | ٪٩١ | ٪٤ | ٪٠ |
| بەسرە | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧٠ | ٪٣٠ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٧٣ | ٪٢٥ | ٪٢ |
| دیالە | ٪٧٤ | ٪٢٦ | ٪٠ | ٪٩٣ | ٪٧ | ٪٠ |
| هەولێر | ٪٣٩ | ٪٦١ | ٪٠ | ٪٨١ | ٪١٩ | ٪٠ |
| کەربەلا | ٪٥ | ٪٩٥ | ٪٠ | ٪٣٦ | ٪٦٤ | ٪٠ |
| کەرکووک | ٪١٢ | ٪٨٨ | ٪٠ | ٪٣٧ | ٪٦٣ | ٪٠ |
| میسان | ٪٨٦ | ٪١٤ | ٪٠ | ٪٨٦ | ٪١٤ | ٪٠ |
| موسەننا | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٩٣ | ٪٧ |
| نەجەف | ٪٤٦ | ٪٥٤ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | ٪٢٤ | ٪٧٦ | ٪٠ | ٪٨٥ | ٪١٤ | ٪١ |
| قادسیە | ٪٥ | ٪٩٥ | ٪٠ | ٪٧٨ | ٪٢٢ | ٪٠ |
| سەلاحەددین | ٪٦٧ | ٪٣٣ | ٪٠ | ٪٨٠ | ٪٢٠ | ٪٠ |
| سلێمانی | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٦٦ | ٪٣٣ | ٪١ |
| زیقار | ٪٥ | ٪٩٤ | ٪١ | ٪٤٠ | ٪٥٩ | ٪١ |
| واست | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٩٩ | ٪١ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ٪٢٥ | ٪٧٥ | ٪٠ | ٪٧٤ | ٪٢٥ | ٪١ |

خشتەی ٣: ئاستەنگە سەرەکیەکانی گەڕانەوە (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی نیازیان گەڕانەوەیە لە ماوە درێژ دا)

| پارێزگا | ئاستەنگە سەرەکیەکانی گەڕانەوە | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەبوونی دەرفەتی کار لە شوێنی ڕەسەن | نەبوونی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان لە شوێنی ڕەسەن | خانووی زیانبەرکەوتوو/ ڕوخاو | ناوچەی ڕەسەن ئاسایشی تێدا نیە/ سەلامەت نیە (ناکۆکی، گروپی چەکدار، تەقەمەنی نەتەقیو) | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دەستپێکردنەوە | بارودۆخی گوزەران لە شوێنی ئاوارەبوون دا باشترە | ترس لە گۆڕینی پێکهاتەی قەومی-ئایینی لە شوێنی ڕەسەن | منداڵان لە شوێنی ئاوارەبوون لە قوتابخانە ناونووس کراون | ڕێگری کردن لە گەڕانەوە | تاسان و شۆکی گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕەسەن |
| ئەنبار | ٪٨٢ | ٪٦٢ | ٪٨٠ | ٪١٦ | ٪٨ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٢٣ | ٪٠ | ٪١٠ |
| بابل | ٪٧٠ | ٪٤٥ | ٪٩٠ | ٪١٣ | ٪١٠ | ٪١١ | ٪٠ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪٢٧ |
| بەغداد | ٪٨١ | ٪٦٢ | ٪٨٨ | ٪٠ | ٪١٥ | ٪٢٤ | ٪١ | ٪٧ | ٪٩ | ٪٩ |
| بەسرە | | | | | | | | | | |
| دهۆک | ٪٦٤ | ٪٩٢ | ٪٥٢ | ٪٦٨ | ٪٠ | ٪٦ | ٪١٢ | ٪٣ | ٪٠ | ٪١ |
| دیالە | ٪٨٤ | ٪٤١ | ٪٩١ | ٪٨ | ٪١١ | ٪٧ | ٪٩ | ٪٣٩ | ٪١١ | ٪٠ |
| هەولێر | ٪٨٩ | ٪٧٦ | ٪١٤ | ٪٥١ | ٪٢ | ٪٣٥ | ٪٥ | ٪٦ | ٪٠ | ٪١ |
| کەربەلا | ٪٨٦ | ٪٧٦ | ٪٦٧ | ٪٢١ | ٪٢١ | ٪٥ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ |
| کەرکووک | ٪٨٦ | ٪٧٢ | ٪٦٤ | ٪٢١ | ٪١٧ | ٪٥ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٨ |
| میسان | ٪١٠٠ | ٪٨٩ | ٪٩١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| موسەننا | | | | | | | | | | |
| نەجەف | ٪٧٥ | ٪٤٢ | ٪٧٢ | ٪٢٠ | ٪٣٢ | ٪٩ | ٪١١ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪٦ |
| نەینەوا | ٪٧١ | ٪٧١ | ٪٦٨ | ٪٣٦ | ٪٢٥ | ٪٤ | ٪١٥ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| قادسیە | ٪٢٧ | ٪٤ | ٪٩٤ | ٪١٩ | ٪٣٩ | ٪١١ | ٪٢١ | ٪٢٨ | ٪٠ | ٪١٣ |
| سەلاحەددین | ٪٥١ | ٪٧٣ | ٪٨٥ | ٪١٩ | ٪١٧ | ٪٤ | ٪١١ | ٪٢ | ٪٢٦ | ٪٠ |
| سلێمانی | ٪٦٧ | ٪٣١ | ٪٦٧ | ٪٣٧ | ٪٥٦ | ٪١٤ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ |
| زیقار | ٪٥٢ | ٪٣٩ | ٪٤٩ | ٪٢١ | ٪٠ | ٪٣٥ | ٪٥٥ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ |
| واست | ٪٩٢ | ٪٦٠ | ٪٩٣ | ٪٤٣ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ٪٧٣ | ٪٦٨ | ٪٦٢ | ٪٣٦ | ٪١٧ | ٪١٢ | ٪٩ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٣ |

خشتەی ٤: ئاستەنگە سەرەکییەکانی گەڕانەوە (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی نیازیان یەکخستنەوە لە ماوە درێژ دا)

| پارێزگا | ئاستەنگە سەرەکییەکانی یەکخستنەوەی خۆجێی | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شوێنەکە سەلامەتە | نەبوونی خزمەتگوزاری بنەڕەتی لە شوێنی ڕەسەن | شوێنەکە نا سەلامەتە (میلیشکان، پێکهاتەی گۆڕدراوی قەومی ئایینی | نەبوونی توانای دارایی بۆ گەڕانەوە و دەستپێکردنەوە | خانوو لە شوێنی ڕەسەن زیانی بەرکەوتووە/ ڕوخاوە | نەبوونی دەرفەتی کار لە شوێنی گەڕانەوەدا | بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان | بوونی ئەندامانی تری خێزان/ خزم و هاوڕێ | ڕێگری کردن لە گەڕانەوە | بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوون | هەمان پێکهاتەی ئایینی، زمانی یاخود قەومی |
| ئەنبار | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٦٧ |
| بابل | ٪٢ | ٪٤٤ | ٪٧ | ٪٢ | ٪٢٧ | ٪١٠ | ٪٣٠ | ٪٥٥ | ٪٩٣ | ٪٥ | ٪٦ |
| بەغداد | ٪٨٥ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٢٤ | ٪٥٩ | ٪١٠ | ٪١٤ | ٪١٣ | ٪٥١ | ٪٢٣ | ٪١ |
| بەسرە | ٪٩١ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٧١ | ٪٦٥ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٤٤ | ٪٠ | ٪٩ | ٪٠ |
| دهۆک | ٪٨٣ | ٪٦٢ | ٪١٧ | ٪١٥ | ٪١٨ | ٪٥٠ | ٪٢٤ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ |
| دیالە | ٪٩١ | ٪٠ | ٪٧٥ | ٪١٠ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٣١ | ٪٢٣ | ٪٢٦ | ٪١٤ |
| هەولێر | ٪٧٣ | ٪٤٣ | ٪١٢ | ٪٣١ | ٪٠ | ٪١٨ | ٪٦٢ | ٪٤٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| کەربەلا | ٪١٠ | ٪١٧ | ٪١٥ | ٪٥٩ | ٪٢٢ | ٪١٦ | ٪٦ | ٪١٧ | ٪٨ | ٪٥ | ٪٠ |
| کەرکووک | ٪٣٨ | ٪٧١ | ٪٨ | ٪٦٥ | ٪٦٩ | ٪١٩ | ٪١١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١١ | ٪٠ |
| میسان | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٩ | ٪٨٤ | ٪٠ | ٪٦٨ | ٪٠ |
| موسەننا | ٪٢٤ | ٪٠ | ٪٥٠ | ٪٢٢ | ٪٤٨ | ٪٤٢ | ٪٠ | ٪١٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| نەجەف | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | ٪٦٢ | ٪٢٠ | ٪١٩ | ٪٥١ | ٪٧٠ | ٪٨ | ٪٥ | ٪٧ | ٪١ | ٪٢ | ٪٤ |
| قادسیە | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٢٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨٠ | ٪٦٢ | ٪٠ | ٪٩ |
| سەلاحەددین | ٪١٩ | ٪٢٦ | ٪٥٦ | ٪٤٢ | ٪٤٤ | ٪١٠ | ٪٤ | ٪١٥ | ٪٤ | ٪٤٥ | ٪١٩ |
| سلێمانی | ٪٤٦ | ٪٤٩ | ٪١٠٠ | ٪٦ | ٪٨ | ٪٢٢ | ٪٢ | ٪٠ | ٪١٤ | ٪٣ | ٪٠ |
| زیقار | ٪٨٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٨ | ٪١٩ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٨٠ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٧٢ |
| واست | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ٪٥١ | ٪٤١ | ٪٣٨ | ٪٣٥ | ٪٣٥ | ٪٢١ | ٪١٧ | ٪١٤ | ٪١٠ | ٪٨ | ٪٤ |

خشتەی ٥: هۆکارە سەرەکیەکانی گەڕانەوە و گەڕانەوەی ناچاری (ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان)

| پارێزگا | أهم أسباب اليەكخستنى خۆجێیاً | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شوێنەکە سەلامەتە | بەردەستبوونی شوێنی نیشتەجێبوون | بەردەستبوونی خزمەتگوزاریەکان (بۆ نمونە، پەروەردە و تەندروستی | ویستی سۆزدای بۆ گەڕانەوە | نەبوونی توانای دارایی بۆ مانەوە لە شوێنی ئاوارەبوون دا | خراپتربوونی دۆخی گوزەران و خزمەتگوزاریەکان لە شوێنی ئاوارەبوون دا | بۆ چوونە پاڵی ئەندامانی خێزان کە پێشتر گەڕاونەتەوە | بەردەست بوونی هەڵی کار | هاندان بۆ گەڕانەوە لە لایەن سەرکردەکانی کۆمەڵگە/ئایینی | هەبوونی یارمەتی | سەرکەوتوو نەبوون لە یەکخستن لە ناو کۆمەڵگەی خانەخوێ | خراپتربوونی دۆخی ئەمنی لە شوێنی ئاوارە بوون دا | پێدانی یارمەتی و پشتگیری لە لایەن حکومەتەوە بۆ گەڕانەوە | ناچارکراون بۆ شوێنی گەڕانەوە بگەڕێنەوە (٪) |
| ئەنبار | ٪٩٧ | ٪٨٢ | ٪٥٥ | ٪٢٣ | ٪١٤ | ٪٨ | ٪١٢ | ٪٤ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪٢٤ |
| بەغداد | ٪٩٥ | ٪٥٨ | ٪٣ | ٪١٧ | ٪١٣ | ٪٥ | ٪٢١ | ٪٤٠ | ٪١٥ | ٪٢٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٠ |
| دهۆک | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| دیالە | ٪٨٥ | ٪٩٤ | ٪٢٠ | ٪٢٢ | ٪٣١ | ٪٧ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٣٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨ |
| هەولێر | ٪١٠٠ | ٪٦٨ | ٪٠ | ٪٤٠ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٢٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ |
| کەرکووک | ٪٩٠ | ٪٤٤ | ٪٤٠ | ٪٣٨ | ٪١٦ | ٪٠ | ٪١٣ | ٪١٥ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | ٪٩١ | ٪٨٦ | ٪٣٨ | ٪٢٨ | ٪٢٠ | ٪٢١ | ٪٤ | ٪١ | ٪٤ | ٪١ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ |
| سەلاحەددین | ٪٨٨ | ٪٦٠ | ٪٢١ | ٪٤٧ | ٪٢٢ | ٪٥ | ٪١٧ | ٪٢١ | ٪٧ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٣٤ |
| کۆی گشتی | ٪٩٢ | ٪٧٧ | ٪٣٩ | ٪٢٩ | ٪١٨ | ٪١٢ | ٪١٠ | ٪٦ | ٪٥ | ٪٢ | ٪١ | ٪١ | ٪١ | ٪٩ |

خشتەی ٦: نیشانەی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوانەی لەو شوێنانەدا دەژین کە ژێرخان/ خزمەتوزاریەکان بوونیان هەیە)

| پارێزگا | ٠-٥ | | | ٦-٧ | | | ٨-٩ | | | ١٠-١١ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شوێن (٪) | ئاوارە ناوخۆییەکان (٪ی خێزانەکان) | گەڕاوەکان (٪ی خێزانەکان) | شوێن (٪) | ئاوارە ناوخۆییەکان (٪ی خێزانەکان) | گەڕاوەکان (٪ی خێزانەکان) | شوێن (٪) | ئاوارە ناوخۆییەکان (٪ی خێزانەکان) | گەڕاوەکان (٪ی خێزانەکان) | شوێن (٪) | ئاوارە ناوخۆییەکان (٪ی خێزانەکان) | گەڕاوەکان (٪ی خێزانەکان) |
| ئەنبار | ٪٧ | ٪٩ | ٪٤ | ٪٢٥ | ٪٤٣ | ٪١٤ | ٪٣٣ | ٪١٦ | ٪٤١ | ٪٣٥ | ٪٣١ | ٪٤١ |
| بابل | ٪١ | ٪٠ | | ٪٨ | ٪٨ | | ٪٥٥ | ٪٥٠ | | ٪٣٦ | ٪٤٢ | |
| بەغداد | ٪١٨ | ٪١٨ | ٪٣٢ | ٪٢١ | ٪٨ | ٪٢٤ | ٪٣٤ | ٪٣٧ | ٪٤٣ | ٪٢٧ | ٪٣٧ | ٪١ |
| بەسرە | ٪١ | ٪١ | | ٪١٥ | ٪١٢ | | ٪٦٠ | ٪٥٨ | | ٪٢٣ | ٪٢٨ | |
| دهۆک | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٩ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٧ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٧٢ | ٪٩٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪٧ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٢٢ | ٪٦ | ٪٢٦ | ٪٥٢ | ٪٤٤ | ٪٥٦ | ٪٢٠ | ٪٤٩ | ٪١٤ |
| هەولێر | ٪١٤ | ٪٥ | ٪٢٠ | ٪١٠ | ٪٥ | ٪٢٥ | ٪٦٤ | ٪٨٢ | ٪٥١ | ٪١٢ | ٪٨ | ٪٤ |
| کەربەلا | ٪١٢ | ٪٢٧ | | ٪٢٩ | ٪٣٦ | | ٪٣٦ | ٪٢٤ | | ٪٢٣ | ٪١٣ | |
| کەرکووک | ٪٢٥ | ٪٣ | ٪٧ | ٪٣١ | ٪٦ | ٪٢٤ | ٪٣٠ | ٪٧٣ | ٪٤٢ | ٪١٥ | ٪١٧ | ٪٢٦ |
| میسان | ٪٠ | ٪٠ | | ٪٠ | ٪٠ | | ٪١٤ | ٪٦ | | ٪٨٦ | ٪٩٤ | |
| موسەننا | ٪١٤ | ٪١٧ | | ٪٣٦ | ٪٢٦ | | ٪٣٦ | ٪٤٢ | | ٪١٤ | ٪١٥ | |
| نەجەف | ٪٣٦ | ٪٣٩ | | ٪٤٥ | ٪٤٨ | | ٪١٥ | ٪١١ | | ٪٤ | ٪٢ | |
| نەینەوا | ٪٢٤ | ٪٢ | ٪٦ | ٪١٩ | ٪٨ | ٪١٠ | ٪٢٥ | ٪١٩ | ٪٢٧ | ٪٣٢ | ٪٧١ | ٪٥٧ |
| قادسیە | ٪١٥ | ٪١٣ | | ٪٣٢ | ٪٣٥ | | ٪٤٥ | ٪٤٦ | | ٪٨ | ٪٦ | |
| سەلاحەددین | ٪٢٠ | ٪١١ | ٪٨ | ٪١٧ | ٪١٠ | ٪١٧ | ٪٣١ | ٪٣٩ | ٪٤١ | ٪٣٢ | ٪٤٠ | ٪٣٤ |
| سلێمانی | ٪٠ | ٪٠ | | ٪٧ | ٪٣ | | ٪٨ | ٪٤ | | ٪٨٤ | ٪٩٤ | |
| زیقار | ٪١٢ | ٪١٢ | | ٪٢٠ | ٪٢٠ | | ٪٢٠ | ٪٢٨ | | ٪٤٩ | ٪٤٠ | |
| واست | ٪١٢ | ٪١٣ | | ٪١٣ | ٪١١ | | ٪٦٨ | ٪٦٦ | | ٪٧ | ٪٩ | |
| کۆی گشتی | ٪١٤ | ٪٥ | ٪٦ | ٪١٩ | ٪٨ | ٪١٥ | ٪٣٣ | ٪٣٤ | ٪٣٦ | ٪٣٤ | ٪٥٣ | ٪٤٣ |

خشتەی ٦أ: نیشانەی ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان- وردەکاری سەبارەت بە تاک نیشاندەر (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانە و گەڕاوانە لە شوێنەکەدا دەژتن)

| | ٧٥ - ١٠٠٪ خێزانەکان کارەبایان هەیە | ٧٥ - ١٠٠٪ خێزانەکان ئاویان هەیە | دەستگەیشتن بە کۆکردنەوەی پاشەڕۆ | دەستگەیشتن بە ئاودەستەکان | قوتابخانەی سەرەتایی چاڵاک لە مەودای ٥ کیلۆمەتر دا | قوتابخانەی ناوەندی چاڵاک لە مەودای ٥ کیلۆمەتر دا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٧٩ | ٪٧٦ | ٪٨٩ | ٪٩٨ | ٪٩٧ | ٪٩٣ |
| گەڕاوەکان | ٪٧٠ | ٪٦٥ | ٪٧١ | ٪١٠٠ | ٪٩٩ | ٪٩٣ |

| | تیمارگەی تەندروستی چاڵاک لە مەودای ٥ کیلۆمەتر دا | تیمارگەی تەندروستی چاڵاک لە مەودای ١٠ کیلۆمەتر دا | مارکێتی چاڵاک لە مەودای ٥کیلۆمەتر دا | نووسینگەی پێدانی شوێنگرەوەی بەلگەنامەی شارستانی لە | بەڵگەنامە یاساییەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و زەوی و مۆڵکداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٩٣ | ٪٨٢ | ٪٩١ | ٪٧٣ | ٪٤٩ |
| گەڕاوەکان | ٪٨٩ | ٪٦٤ | ٪٩٣ | ٪٩٤ | ٪٣٢ |

شتەی ٧: پێداویستیە سەرەکیەکان و کێشەکان (ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانە و گەڕاوانەی لە شوێنەکەدا دەژین)

| | هەڵی کار | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمی هەڵی کار | دەستگەیستن بە هەڵی کار وەک سێ پێویستە هەرە لە پێشەکان | کارکردنی منداڵان | زۆربەیان لە ڕووی ئابووریەوە چاڵاک نین | دەستنەگەیشتنی نایەکسان بە هەڵی کار بە دادپەروەرانە | موچەی کەم/ کاری پچڕپچڕ/نە شیاو/نایەکسان | نەبوونی ڕاهێنان/ سەنتەری پیشەیی/بەرنامە |
| گەڕاوەکان | ٪٨٣ | ٪٧١ | ٪٤٣ | ٪٥٧ | ٪١٤ | ٪٢ | ٪١٣ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٨٢ | ٪٧٠ | ٪٤٩ | ٪٤٣ | ٪٢٥ | ٪١٠ | ٪٦ |

| | تەندروستی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستگەیشتن بە تەندروستی یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | نەبوونی نەخۆشخانە لە مەودای ١٠ کیلۆمەتر دا | کوالیتی (خزمەتگوزاری/ ستافی نزم و نەشیاو) | نرخی چاودێری تەندروستی/ سەردان/ چارەسەری/ دەرمان زۆر بەرزە | نەبوونی بنکەی تەندروستی لە دووری ٥ کیلۆمەتر دا | چەندێتی (بنکەکانی تەندروستی ژمارەیان کەمە/ بچووکن/ قەرەباڵغن | نەبوونی خزمەتگوزاری شیاندنەوە |
| گەڕاوەکان | ٪٦١ | ٪٣٦ | ٪١٣ | ٪١٢ | ٪١١ | ٪٧ | ٪١ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٣٩ | ٪١٨ | ٪٢٢ | ٪٦٠ | ٪٧ | ٪٩ | ٪١ |

| | پەروەردە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندێتی (پۆل/ قوتابخانەی کەم/ قەرەباڵغ | کەمتر لە ٧٥٪ دەچنە بەر خوێندنی ناوەندی | نەبوونی ماموستای براوانامەدار | دەستگەیشتن بە پەروەردە یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | کوالیتی (ژێرخان/ ستافەکە باش نیە/کەمە | نرخەکان (زۆر بەرزن لە ڕووی کرێی/ کەرەستەکان | کەمتر لە ٧٥٪ی دەچنە بەر خوێندنی ناوەندی |
| گەڕاوەکان | ٪٤٥ | ٪٣٤ | ٪٣٢ | ٪٢١ | ٪٢٠ | ٪١٧ | ٪١١ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٤٢ | ٪٤٥ | ٪١٨ | ٪٩ | ٪١٨ | ٪١٣ | ٪٢٨ |

| | خۆراک | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەندێک کەس پێویستیان بە خۆراکە | نرخەکان (زۆر بەرزن) | دەستگەیشتن بە خۆراک یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | چەندێتی (کەم، دابینکردنی ناجێگیر و پچڕ پچڕ | کوالیتی ( کوالیتی نزم، تازە نیە یاخود تامەکەی خراپە) | نەبوونی بازار لە مەودای ٥ کیلۆمەتر دا | زۆر کەس پێویستیان بە خۆراکە |
| گەڕاوەکان | ٪٤٨ | ٪٤٦ | ٪٢١ | ٪١٦ | ٪١١ | ٪٧ | ٪٢ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٣٠ | ٪٦٦ | ٪٣٢ | ٪٨ | ٪١ | ٪٤ | ٪١ |

| | ئاو | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کێشەیان لە گەڵ سەرچاوەی ئاو هەیە (پەیوەندی بە تام/ ڕەنگ/ بۆنەوە هەیە) | کەمتر لە ٧٥٪ی خێزانەکان ئاویان هەیە | کوالیتی (کوالیتی نزم، سەلامەت نیە/ پیس بووە) | چەندێتی (کەم، دابینکردنی ناجێگیر و پچڕ پچڕ) | دەستگەیشتن بە ئاو یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | هەندێکجار پشت بە ئاوی تانکەر دەبەستن | نرخەکان (زۆر بەرزن) |
| گەڕاوەکان | ٪٤٧ | ٪٣٥ | ٪٣١ | ٪٢٨ | ٪٢٦ | ٪٢٢ | ٪٨ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٢٦ | ٪٢٤ | ٪٢٠ | ٪١٦ | ٪٨ | ٪١٦ | ٪٥ |

| | مافەکان و بەڵگەنامەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەبوونی نووسینگەی خزمەتگوزاری یاسایی لە ناو قەزادا | هەندێک کەس بەڵگەنامەی شارستانیان نیە | دەستگەیشتن بە چارەسەری بۆ پێشلکاریەکانی مافی ئاوارەکان (دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە) یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | منداڵان بەڵگەنامەی لە دایکبوونیان نیە | نەبوونی ئۆفیس بۆ پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی یاسایی لە ناو قەزادا | دەستگەیشتن بە پێدانی شوێنگرەوەی بەڵگەنامەی کەسی بەڵگەنامەکانی تر یەکێکە لە سێ پێویستیە هەرە لە پێشەکان | زۆر کەس/ زۆربەی کەسەکان بەڵگەنامەی شارستانیان نیە |
| گەڕاوەکان | ٪٦٨ | ٪١٥ | ٪١٥ | ٪٩ | ٪٦ | ٪١ | ٪٠,٣ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٥١ | ٪١٥ | ٪١٢ | ٪٨ | ٪٢٧ | ٪٨ | ٪٠,٣ |

| | پەناگە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هیچ کێشەیەک نیە | کوالیتی (ژێرخانەکە خراپە، جێگیر نیە، بەهێز نیە، بنکەکانی پاک و خاوێنی کەمن) | نرخەکان (زۆر بەرزن) | چەندێتی (خانووی پێویست بوونیان نیە بۆیە قەرەباڵغی هەیە) | یارمەتی بۆ پێدانی کرێ (نیە یاخود کەمە) | لابردنی تەڵزم، مینی چێنراو و تەقەمەنی نەتەقیو | دەرکردن/ دەستگەیشتنی نایەکسان |
| گەڕاوەکان | ٪٣٥ | ٪٢٣ | ٪١٨ | ٪١٣ | ٪٦ | ٪٥ | |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪١٠ | ٪١٤ | ٪٦٥ | ٪٤ | ٪٧ | | ٪٠,١ |

| | ئاسایش | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بوونی زیاتر لە یەک هێزی ئاسایش/ ئەمنی | ڕوودانی ڕووداوی ئاسایش/ ئەمنی، بەدەر لە تاوانە بچووکەکان | نیگەرانی دەربارەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش | لایەنگیری/ جیاکاری لە سەر بنەمای بیروباوەڕی سیاسی | لایەنگیری/ جیاکاری پووەست بە هەڵی کار | لایەنگیری/ جیاکاری پووەست بە پێدانی یارمەتی | نیگەرانی دەربارەی گرژیەکانی قەومی-ئایینی |
| گەڕاوەکان | ٪٧٧ | ٪١٣ | ٪٥٥ | ٪٨ | ٪١٤ | ٪٧ | ٪٩ |
| ئاوارە ناوخۆییەکان | ٪٨٤ | ٪٨ | ٪٢١ | ٪٣٤ | ٪٢٥ | ٪٩ | ٪٦ |

خشتەی ٨: جۆری پەناگە (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان)

| پارێزگا | نوع المأوى | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کرێ (بۆ نیشتەجێبوون دەست دەدات | کەمپ | خێزانانی خانەخوێ | پەناگە نەگونجاوەکان | مۆڵکی تایبەت | کرێ (بۆ نیشتەجێبوون دەست نادات) | ئەوانی تر | کۆی گشتی |
| ئەنبار | ٪٤ | ٪٥٧ | ٪٢٢ | ٪١٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بابل | ٪٨٩ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪٥٥ | ٪٦ | ٪٣٢ | ٪٣ | ٪١ | ٪٣ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بەسرە | ٪٦٥ | ٪٠ | ٪٢٥ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪١٠٠ |
| دهۆک | ٪٣٤ | ٪٤٧ | ٪٧ | ٪١٢ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪٦٦ | ٪١٣ | ٪١٧ | ٪١ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| هەولێر | ٪٨٩ | ٪٩ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەربەلا | ٪٥٨ | ٪٦ | ٪١ | ٪١٩ | ٪١٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪٧٥ | ٪١٢ | ٪٣ | ٪٧ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| میسان | ٪٤٩ | ٪٤ | ٪٣٩ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| موسەننا | ٪٦٩ | ٪٠ | ٪٢٧ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| نەجەف | ٪٨٩ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٢٨ | ٪٥٥ | ٪١١ | ٪٤ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| قادسیە | ٪٥٥ | ٪٠ | ٪٢٣ | ٪٢٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪٥٥ | ٪٦ | ٪٩ | ٪٢٣ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| سلێمانی | ٪٨٥ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| زیقار | ٪٧٢ | ٪٠ | ٪٢٧ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| واست | ٪٨٠ | ٪٠ | ٪٨ | ٪١٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪٩٢ | ٪٧٧ | ٪٣٩ | ٪٢٩ | ٪١٨ | ٪١٢ | ٪١٠ | ٪٦ |

خشتەی ٩: جۆری پەناگە (ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان)

| پارێزگا | جۆری پەناگە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێ گیراو | شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی شیاو | شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی نەشیاو | خێزانانی خانەخوێ | ئەوانی تر | کۆی گشتی |
| ئەنبار | ٪٣ | ٪٩٦ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪٠ | ٪٩٣ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪١ | ٪٨٩ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| هەولێر | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪٠ | ٪٩٨ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٠ | ٪٩٧ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪٤ | ٪٩١ | ٪٤ | ٪١ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪٩٢ | ٪٧٧ | ٪٣٩ | ٪٢٩ | ٪١٨ | ٪١٢ |

خشتەی ١٠: ڕووداوی ڕووداوی ئەمنی/ ئاسایش (ڕێژەی سەدی شوێنەکان)

| پارێزگا | هێرشە خۆ کوژیەکان | مادە تەقەمەنیەکان | مینی چێنراو | هێرشی ڕاستەوخۆی تەقەکردن | هێرشی نا ڕاستەوخۆی تەقەکردن | هێرش بە چەقۆ | ڕفاندنەکان | دەستگیرکردنی هەڕەمەکی | ناونووسکردن/ دامەزراندن لە لایەن میلیشاکانەوە | ناونووسکردن/ دامەزراندن لە لایەن گروپە تیرۆرستیەکانەوە | قوتابخانەی بەکارهاتوو لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە | تاوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣١ |
| بابل | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٢١ |
| بەغداد | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪١٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٤٠ |
| بەسرە | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢٠ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٦ |
| دیالە | ٪٠ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٤ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٢ |
| هەولێر | ٪٠ | ٪١ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| کەربەلا | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٦ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣٦ |
| کەرکووک | ٪٢ | ٪٨ | ٪١ | ٪٧ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٢٨ |
| میسان | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٩١ |
| موسەننا | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٧ |
| نەجەف | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٣٥ |
| نەینەوا | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٤ |
| قادسیە | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٦ |
| سەلاحەددین | ٪٢ | ٪٢ | ٪٢ | ٪٣ | ٪١ | ٪٠ | ٪٤ | ٪١٤ | ٪٣١ | ٪٢ | ٪٧ | ٪٢٤ |
| سلێمانی | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٤ |
| زیقار | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣٢ |
| واست | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨٤ |
| کۆی گشتی | ٪١٤ | ٪٥ | ٪٦ | ٪١٩ | ٪٨ | ٪١٥ | ٪٣٣ | ٪٣٤ | ٪٣٦ | ٪٣٤ | ٪٥٣ | ٪٤٣ |

خشتەی ١١: درێژی ماوەی ئاوارەبوون و ئاوارەبوونی ماوە درێژ

| پارێزگا | ماوەی ئاوارەبوون | | | | | | | | | | ئاوارەبوونی ماوە درێژ (پێش تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کانوونی دووەم تا ئایاری ٢٠١٤ | حوزەیرانی تا تەمووزی ٢٠١٤ | ئابی ٢٠١٤ | ئەیلولی ٢٠١٤ تا ئازاری ٢٠١٥ | نیسانی ٢٠١٥ تا ئازاری ٢٠١٦ | نیسان تا ئەیلولی ٢٠١٦ | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ تا حوزەیرانی ٢٠١٧ | حوزەیرانی ٢٠١٧ تا کانونی یەکەمی ٢٠١٨ | کانونی دووەمی ٢٠١٩ و دواتر | کۆی گشتی | |
| ئەنبار | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨ | ٪١٦ | ٪٣٠ | ٪٨ | ٪٣٢ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٦٠ |
| بابل | ٪١ | ٪٧٧ | ٪١٨ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪١٤ | ٪١٩ | ٪٢٠ | ٪٢٠ | ٪١٨ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٥ |
| بەسرە | ٪٨ | ٪٢٠ | ٪٢١ | ٪٣٥ | ٪٨ | ٪٢ | ٪٥ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٤ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪١٦ | ٪٧٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٥ |
| دیالە | ٪١ | ٪٣٤ | ٪١٤ | ٪٤١ | ٪٢ | ٪١ | ٪١ | ٪٦ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٣ |
| هەولێر | ٪١٥ | ٪٣٤ | ٪٨ | ٪٣ | ٪١٦ | ٪٤ | ٪١٢ | ٪٨ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٨٠ |
| کەربەلا | ٪٧ | ٪٩٢ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪١ | ٪١٢ | ٪١٠ | ٪٢٠ | ٪١٦ | ٪١٤ | ٪١٧ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٧٢ |
| میسان | ٪٤ | ٪٣٣ | ٪٣٤ | ٪١٩ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٤ |
| موسەننا | ٪٣ | ٪٤١ | ٪٣٠ | ٪١٧ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٦ |
| نەجەف | ٪٠ | ٪٦٥ | ٪٢٤ | ٪١٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٠ | ٪٥ | ٪٢٣ | ٪١ | ٪٢ | ٪١ | ٪٤٩ | ٪١٨ | ٪٢ | ٪١٠٠ | ٪٣٢ |
| قادسیە | ٪٠ | ٪٥٠ | ٪٤٩ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪١ | ٪١٤ | ٪٢٧ | ٪١٨ | ٪١٩ | ٪٧ | ٪٩ | ٪٤ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٨٧ |
| سلێمانی | ٪٧ | ٪١٩ | ٪١٢ | ٪٢٥ | ٪٩ | ٪٨ | ٪٦ | ٪١٣ | ٪١ | ٪١٠٠ | ٪٧٩ |
| زیقار | ٪٨ | ٪٣٩ | ٪٣١ | ٪١٦ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٨ |
| واست | ٪٦ | ٪٧٤ | ٪١٤ | ٪٣ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪٤ | ٪١٨ | ٪٢٩ | ٪٨ | ٪٧ | ٪٤ | ٪١٩ | ٪١١ | ٪١ | ٪١٠٠ | ٪٧٠ |

خشتەی ١٢: ساڵی گەڕانەوە (ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان)

| پارێزگا | ساڵی گەڕانەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨-١٩ | کۆی گشتی |
| ئەنبار | ٪٢ | ٪٦٨ | ٪٢٣ | ٪٧ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪١ | ٪٥٢ | ٪٤١ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪٥٥ | ٪٤٠ | ٪٣ | ٪٢ | ٪١٠٠ |
| هەولێر | ٪٣٤ | ٪٤ | ٪٦١ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪١ | ٪١٢ | ٪٧٦ | ٪١١ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٧ | ٪٩ | ٪٧٤ | ٪٩ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪٣٣ | ٪٣٨ | ٪١٨ | ٪١١ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪١٢ | ٪٣٤ | ٪٤١ | ٪٨ | ٪١٠٠ |

خشتەی ١٣: پێکهاتەی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی ئاوارە ناوخۆییەکان)

| پارێزگا | پێکهاتەی قەومی-ئایینی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | عەرەبی سونی | کورد (سونی و شیعە) | ئێزدی | الترکمان (سونی و شیعە) | کەمینەکان (مەسیحی و کاکەیی و شەبەکی شیعە) | عەرەبی شیعە | کۆی گشتی |
| ئەنبار | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بابل | ٪٩٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪٩٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| بەسرە | ٪٥٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١ | ٪١ | ٪٣٩ | ٪١٠٠ |
| دهۆک | ٪٩ | ٪٥٠ | ٪٣٥ | ٪١ | ٪٤ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪٩٣ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣ | ٪١٠٠ |
| هەولێر | ٪٩٠ | ٪٧ | ٪١ | ٪١ | ٪١ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەربەلا | ٪٣ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٦٨ | ٪٢١ | ٪٩ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪٩٤ | ٪١ | ٪٠ | ٪٤ | ٪٠ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| میسان | ٪٢٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١١ | ٪١٠ | ٪٥٥ | ٪١٠٠ |
| موسەننا | ٪١٥ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢٢ | ٪٣ | ٪٥٩ | ٪١٠٠ |
| نەجەف | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٩٧ | ٪٢ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٥٠ | ٪١٦ | ٪١٨ | ٪١٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| قادسیە | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٣٥ | ٪٠ | ٪٦٤ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪٩٣ | ٪١ | ٪٠ | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| سلێمانی | ٪٨١ | ٪١٥ | ٪٣ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| زیقار | ٪٤ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٩ | ٪٥ | ٪٨٢ | ٪١٠٠ |
| واست | ٪٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٣٤ | ٪٣٧ | ٪٢١ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪٦٤ | ٪١٥ | ٪١٠ | ٪٧ | ٪٣ | ٪١ | ٪١٠٠ |

خشتەی ١٤: پێکهاتەی قەومی-ئایینی (ڕێژەی سەدی گەڕاوەکان)

| پارێزگا | پێکهاتەی قەومی-ئایینی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | عەرەبی سونی | کورد (سونی و شیعە) | ئێزدی | الترکمان (سونی و شیعە) | کەمینەکان (مەسیحی و کاکەیی و شەبەکی شیعە) | عەرەبی شیعە | کۆی گشتی |
| ئەنبار | ٪٩٨ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٢ | ٪١٠٠ |
| بەغداد | ٪٨٩ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١١ | ٪١٠٠ |
| دهۆک | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| دیالە | ٪٩٠ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٣ | ٪٠ | ٪٣ | ٪١٠٠ |
| هەولێر | ٪٥٠ | ٪٥٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| کەرکووک | ٪٤٩ | ٪٤٩ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| نەینەوا | ٪٦٤ | ٪٣ | ٪٥ | ٪١٢ | ٪١٦ | ٪٠ | ٪١٠٠ |
| سەلاحەددین | ٪٩٣ | ٪٤ | ٪٠ | ٪١ | ٪٠ | ٪١ | ٪١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٪٧٩ | ٪٦ | ٪٢ | ٪٥ | ٪٦ | ٪١ | ٪١٠٠ |

# هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٤

رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق

رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ
دامەزراوەی کۆچی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان
–نێردراوی عێراق

ئۆفیسی سەرەکی لە بەغداد کۆمەڵگەی
یۆنامی (دیوان 2)ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد،
عێراق

+٣٩٠٨ ٣١٠٥ ٢٦٠٠

iraqdtm.iom.int
iraq.iom.int

iomiraq@iom.int
iraqdtm@iom.int

@IOMIraq

IOM
UN MIGRATION

٢٠٢٠ © رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

هیچ بەشێکی ئەم بڵاو کراوەیە نابێ بەرهەم بهێنرێتەوە، هەڵ گرتنی بە سیستەمی گەڕانەوە، یان بگوازرێتەوە بۆ هەر شێوەیەك یان بۆ هەرناوەند هۆکارێك، ئەلیکترۆنی، میکانیکی، فۆتۆکۆپی، تۆمارکردنیان یان بەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی نووسراوی بڵاوکەرەوەکە.